# ژینگە و ڕێکخراوە ژینگەیەکان

## لە باشوری کوردستان

2015-1991



سەروەر قەرەداغی

سەروەر قەرەداغی

# ژینگە و ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە باشوری کوردستان

## ١٩٩١-٢٠١٥ز

کوردستان/٢٠١٥

# ژینگە و ڕێکخراوە ژینگەییەکان

## لە باشوری کوردستان ١٩٩١-٢٠١٥ز

**نوسین و کۆکردنەوەی: سەروەر قەرەداغی**

**بابەت: ژینگە**

**پێداچوونەوە: عەتا قەرەداغی و فەرمان خێلآنی**

**تایپ: نوسەر**

**هەڵەچن: هیوا مەولود**

**وێنەی بەرگ: دانا عوسمان**

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە: خۆگر ئەحمەد**

**نرخ: (٤٠٠٠) هەزار دینار**

**نۆبەتی چاپ: یەکەم**

**ساڵی چاپ: ٢٠١٥**

**چاپخانە: چوارچرا**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە.**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٦٢) ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە.**

**پەیوەندی:** sarwarmhamad٧٩@yahoo.com

**ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان N.O.K لە چاپدراوە.**

به‌ناوی خوا

من كه‌ناوم هۆشیار علی عبدالمحسن، ناسراوم به‌ هۆشیاری مین
له‌ ساڵی ١٩٦٣ له‌ گوندی بیاوێڵه‌ی سه‌ر به‌ پارێزگای هه‌ڵه‌بجه‌ له‌
دایك بووم، ماوه‌ی ٢٥ ساڵه‌ مین پووچه‌ڵ ده‌كه‌مه‌وه‌ له‌ كوردستان
له‌و ماوه‌یه‌دا زیاتر له‌ دوو ملیۆن و نیو مین و ته‌قه‌مه‌نیم پووچه‌ڵ كردوه‌ته‌وه‌
نزیكه‌ی (١٦٠) شه‌هید و كه‌مئه‌ندامم له‌ناو كێڵگه‌ی میندا ده‌رهێناوه‌،
زیاتر له‌ (٥٤٠٠٠٠) دۆنم زه‌ویم له‌ مین پاككردووه‌ته‌وه‌، ته‌نها
له‌ پێناوی خوا و مرۆڤایه‌تی، چونكه‌ من پێم وایه‌ پاككردنه‌وه‌ی ژینگه‌
پاراستنی مرۆڤایه‌تیه‌، وه‌ من له‌و كاره‌ پیرۆزه‌دا هه‌ردوو قاچم له‌ده‌ست
داوه‌ و دوو برام شه‌هید بووه‌ و برایه‌كیشم كه‌مئه‌ندام بووه‌.
به‌ڵام خۆشحاڵم به‌ كاره‌كه‌م، چونكه‌ هه‌ركاتێك مینێك پووچه‌ڵ ده‌كه‌مه‌وه‌
هه‌ست ده‌كه‌م مرۆڤێك له‌ مردن رزگار ده‌كه‌م، هه‌ستی مرۆڤایه‌تی
وای لێكردووم كه‌ بتوانم ئه‌و كاره‌ مه‌ترسیداره‌ بگرمه‌ ئه‌ستۆ، بۆئه‌وه‌ی
مرۆڤه‌كان به‌ ئاسووده‌یی بژین.

هۆشیار علی عبدالمحسن
ناسراو به‌/ هۆشیاری مین
٢٠١٥/١١/٢

پێشکەشە بە..
ئاوازی باران ئەگەر ئاوازی باران نەبووایە ڕەنگە ئەم کتێبە بەچاپ نەگەیشتایە....

باوك و دایكم لەبەرئەوەی هاوكار و پاڵپشتی هەمیشەیم بوون.. بەتایبەت باوكم كە گەورەترین مامۆستای ژیانم بووە.

سەرجەم پارێزەرانی ژینگە و تەواوی مرۆڤایەتی.

## پێرست

**پێشەکی.........................................................................................٩**

**بەشی یەکەم:**

**چەمکی ژینگە ......................................................................١٤**

**چەمکی سیستەمی ژینگەیی...........................................................١٤**

**پێکهاتەکانی سیستەمە ژینگەییەکە..................................................١٥**

**پرسی ژینگە لە جیهاندا.............................................................١٥**

**ڕژێمی بەعس و کاریگەریی لەسەر ژینگەی باشوری کوردستان............١٧**

**بەشی دوهەم:**

**ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە جیهاندا..................................................١٩**

**سەرەتای کاری ڕێکخراوەیی ژینگەیی لە باشوری کوردستان.................٢٠**

**١ - کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز G.K.A...................................٢٠**

- **ماراسۆن.........................................................................٢٨**
- **کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز- لقی هەولێر.................................٢٨**

**٢ - کۆمەڵەی ژینگەی کوردستان.....................................................٣٢**

**٣ - ڕێکخراوی سەوزی کوردستان.....................................................٣٤**

**بەشی سێهەم:**

**کۆمەڵە و سەنتەرە ژینگەییەکان**


**کۆمەڵە ژینگەییەکان......................................................٣٦**

**کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز G.K.A......................................٣٦**

- **پرۆژەیاسای پاراستنی ژینگە..............................................٣٦**

**کۆمەڵەی پاراستنی ئاو W.R.A.............................................٣٧**

**کۆمەڵەی سەوزی هەڵگورد A.G.H.........................................٤٢**

**سەنتەرە ژینگەییەکان......................................................٤٣**

**سەنتەری ڕۆشنبیریی ژینگەی شەقلاوە SH.E.C.C.......................٤٣**

**سەنتەری ژینگە بۆ پاراستنی کەلتوری ژینگەیی............................٤٤**


**بەشی چوارهەم:**


**ڕێکخراوە ژینگەییەکان......................................................٤٥**

**دیارترین ڕێکخراوە ژینگەییەکان............................................٤٧**

**ڕێکخراوی فەرەشین بۆ پاراستنی ژینگە لە زاخۆ F.O.E...................٤٧**

**ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە - کەرکوك.........................................٤٨**

**ڕێکخراوا کوردستان ژبۆ پاراستنا مافێ ئاژەڵی K.O.A.R.P..............٤٨**

**ڕێکخراوا ئاڤ یا کوردستانی................................................٥١**

**ڕێکخراوی سروشتی کوردستان N.O.K......................................٥١**

**ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاریی ژینگە AEAO.................................٥٤**

**ڕێکخراوی ژینگەدۆستانی شارەزوور SH.E.FO...............................٥٤**

**ڕێکخراوی ژینگەپارێزی بازیان...............................................٥٥**

**ڕێکخراوی ژینگەدۆستانی گەرمیان............................................٥٦**

**ڕێکخراوی هۆشیاریی ژینگەپارێزیی قەڵادزێ E.A.O.........................٥٦**

ڕێکخراوی ئاینده بۆ پاراستنی ژینگه.......................................٥٧
ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگه W.O.E.P...............................٥٨
ڕێکخراوی ئاژەڵپارێزانی کوردستان K.A.P.O.............................٥٩
فیدراسیۆن و تۆڕە ژینگەییەکان.............................................٥٩

- تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە....................................................٥٩
- فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی هەرێمی کوردستان..........٦١
- تۆڕی ژینگەپارێزانی هەولێر...............................................٦٢
- تۆڕی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی گەرمیان...................................٦٢
- تۆڕی زەوی ماڵمانە........................................................٦٣

**بەشی پێنجەم:**

داهاتی ڕێکخراوە ژینگەییەکان..............................................٦٥
چۆن ڕێکخراوێکی ژینگەیی دادەمەزرێنیت؟.................................٦٦
پێکهێنانی ڕێکخراوی ژینگەیی خاوەن ئەندام..............................٦٨
چۆن ڕێکخراو، تۆڕ یان کۆمەڵەی ژینگەیی تۆمار دەکەیت؟...............٦٩

**بەشی شەشەم:**

ژینگە و ڕێکخراوەژینگەییەکان لەڕاگەیاندن و چاپەمەنیی کوردیدا........٧٢
بەرنامەی ژینگەیی لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکان..............................٧٣
یەکەمین کتێبی ژینگەیی بەزمانی کوردی..................................٧٤
یەکەمین ڕۆژنامەی ژینگەیی.................................................٧٥
گۆڤاری ژینگەیی...........................................................٧٦
سایتی ژینگەیی............................................................٧٧

پەیکەری ژینگە.......................................................... ٧٨

**پەراوێزەکان:**

- وێنەکان.......................................................... ٧٩
- بەڵگەکان.......................................................... ٩٣
- ڕێکخراوە تۆمارکراوەکان........................................... ١٠٥

سوپاس و پێزانین.......................................................... ١٢٤

سەرچاوەکان.......................................................... ١٢٦

**پێشەکی...**

گرنگیی هەنگاوە بچوکەکان لەوەدایە کە هەنگاوی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و شانازیی ئەوەیشی پێدەبڕێت کە جۆرە پێشەنگییەکی لەو بوارەدا بەدەستهێناوە.

نووسین لە بواری ژینگەدا لای ئێمە هێشتا کەمە، بۆیە بۆ ئێمەی ژینگەدۆستان، هەمو هەوڵ و هەنگاوێك لەم بوارەدا هەر جێگەی بایەخ و پێزانینە، چونکە هۆکارێکە بەرەو هۆشیاری ژینگەیی و یاساپارێزیی.

هەرچەندە مەسەلەی هۆشیاریی هاوولاَتیانیش لە ئاست پاراستنی ژینگەدا، مەسەلەیەکی دو جەمسەرە لە نێوان دوالیزمەی یاسا و ڕۆشنبیریدا، بەلاَم لە دوای چەندین ساڵ لێکدانەوە و شرۆڤەکردن، ئێستا دەرکەوتووە کە دوانەی یاسا و ڕۆشنبیریی پێکەوە دەتوانن ئاستی هۆشیاریی تاك و کۆمەڵگە بەرزبکەنەوە بۆ ئەو ئاستەی کە هاوولاَتی هەست بە لێپرسراوێتی خۆی بکات لە بەرامبەر ژینگەدا.

سەبارەت بە یاسا ئەرکی دەوڵەتە کە لە ڕێگەی دەستگا پەیوەندیدارەکانەوە پڕۆژە یاسا ئاراستەی ئەنجومەنی یاسادانان بکات بۆ پەسەندکردن و پاشان کارپێکردنیان، چونکە سەرەتای هەڵمەتی هۆشیاریی پێویستی بە بونی یاسا هەیە بۆ دوو مەبەست بەلایەنی کەمەوە:

یەکەم : دیاریکردنی ئەرکی هەر کەس و لایەنێك.

دوهەم : ئاگادارکردنەوەی هەر کەس و لایەنێك لەو سزایانەی کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە، لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی بڕگە و ماددەکانی ئەو یاسایەدا. لێرەوە یاسا دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ دارشتن و دروستکردنی هۆشیارییەکی ژینگەیی لای هاوولاَتیان.

دواجار ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستگاکانی ڕاگەیاندن دێتە پێشەوە لە خستنە ڕوی ئەو یاسایە و لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی بڕگە و ماددەکانی بۆ جەماوەر، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان هۆشیاریی یاساییان بۆ دروستببێت لە بارەی ژینگەوە.

لێرەدا ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژینگە و ڕاگەیاندنی وەزارەتی ژینگە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەتوانن ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت شانبەشانی دەستگاکانی پەیوەندیدار بۆ خستنەڕوی یاسای ژینگەپارێزیی.

دواتر ئەرکی هاوڵاتی ئاسایی دێتە ئاراوە کە ئەوسا لەبەر ڕۆشنایی یاسا و پاشان هۆشیاریی یاساییدا، دەتوانێت ئەرك و لێپرسراوێتییەکانی خۆی بزانێت، چونکە ئەرکی هاووڵاتی و لێپرسراوێتی هاووڵاتی خاڵێکی سەرەکییە لە پاراستنی ژینگەدا لە گشت وڵاتانی جیهاندا، بەڵام بە مەرجێك پێشتر دەوڵەت و ڕێکخراوەکان ئەرکی خۆیان بەجێبهێنابێت لە بارەی پێویستیی هەبونی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە و ڕونکردنەوە و شیکردنەوەش بۆ یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە، بۆ ئاشناکردنی گشت کەس و لایەنێك بەو ئەرکانەی بە هۆی ئەم یاسایەوە ڕویان تێدەکات، هەروەها پێدانی زانیاریی و بەرچاوڕونیی سەبارەت بەو سزایانەی کە ڕوبەڕوی هەر کەس و لایەك دەبێتەوە، لە حاڵەتی سەرپێچیکردن لە یاساکە، لە بڕگەیەك یان ماددەیەك لە ماددەکانیدا، ئەمە سەرباری بەردەوامیی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە نێوان دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و دەستگا پەیوەندیدارەکانی دیکە و هاووڵاتیان لە ڕێگەی جیاجیاوە، سەبارەت بە میکانیزمەکانی هۆشیاریی یاسایی لە بواری ژینگەپارێزیدا.

بەم خاڵانە و هی دیکەی هاوشێوەکانی دەتوانین بڵێین کە هۆشیاریی یاسایی، لەئێستادا هۆشیاریی ژینگەیی بەهێز دەکات و هۆشیاریی ژینگەییش یاساکان لە داهاتوودا باشتر دەکات.

ئەمڕۆش کە ئاگاداربون و بێداربونەوەیەکی باش هەیە لە بارەی بایەخ و پێگەی ژینگەوە، چونکە بە دەرکەوتنی شوێنەوارە نیگەتیڤەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری پیشەسازی و بیناسازی و داهێنانی چەندین ئامێر و بنیاتنانی زۆرێك لەکارگە و زیادبونی لە ڕادەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە و زیادبونی لە ڕادەبەدەری ژمارەی دانیشتوان لە نێو شارەکاندا و بەکارهێنانی بێسنوری پێکهاتەکانی ژینگە و گوێنەدان بە چارەنوسی نەوەکانی ئایندە و زیادبونی زۆری ڕوبەری خانووبەرە و کەمبونەوەی ڕوبەری سەوزایی و کشانی ئاسۆیی شارەکان و زیادبونی دەنگ و ژاوەژاوی کارگە و هۆکارەکانی گواستنەوە و تێکئالانی دیمەنە ناهۆرمۆنییەکان و تێکدانی هەستی بینین و کەمی هۆشیاری ژینگەیی و بایەخ نەدان بەشوێنەوارەکانی پڕۆژە ئەنجامدراوەکان و... هتد، هەمو ئەمانە پاڵی بە زۆرێك لە توێژەر و کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە نا کە لەئاست ئەم کێشە زۆرانەدا هەڵوەستەیەك بکەن، بۆیە دەنگی نارەزایی و هاواری ترسناکیی و ئاگادارکردنەوە لە زۆر لاوە بەرزبوەوە.

بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەمخواردنەش تا دێت دەستە و کۆمەڵە و گروپ و لیژنە و وەزارەتی تایبەت بە ژینگە لە وڵاتان دێنەئاراوە، بە جۆرێك کە ڕۆژ نیە لە دەستگاکانی ڕاگەیاندن، یان گۆڤار و بڵاوکراوە تایبەتەکانەوە باس لە پیسبونی ژینگە و مەترسییەکانی پیسبون نەکرێت.

وڵاتەکەی ئێمەش لە سایەی دەستکردن بە پەرەپێدانی فراوان، واچاوەڕوان دەکرێت لە ئێستاوە و لە ساڵانی داهاتووشدا پاش گۆڕانی بەرەو ژینگەیەکی

پیشەسازیی و پڕبونی شارەکانی بە دانیشتووان و شەقامەکانیش بە هۆکارەکانی گواستنەوە و زیادەڕەوییکردن لە بەکارهێنانی سامانی سروشتی و بەکاربردنی بێپلانی زانستیی و کەمی هۆشیاریی ژینگەیی و ڕۆشنبیریی ژینگەیی بە شێوەیەکی بەرچاو گرفتەکانی پیسبونی تێدا دەربکەوێت.

بۆیە ئەرکی پاراستنی ژینگە و چاککردنی، ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە، لەهەمانکاتیشدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەك ئەرکی تاك و کۆمەڵگەشە لە هەمان کاتدا.

پسپۆڕان و کاربەدەستانی بواری ژینگە، ئەمڕۆ لە جاران زیاتر ئەرکی هۆشیارکردنەوە و ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەنجامدانی ئەو میکانیزمانەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە بە هۆیانەوە، دەتوانرێت شوێنەوارەکانی مادده پیسکەرەکانی ژینگە نەهێڵرێن، یان کەم بکرێنەوە.

پیسبونی ژینگە ئەمڕۆ بوەتە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئاسایشی گشت جیهانی خستۆتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە، چونکە پیسبونی ژینگە سنورە سیاسی و ئیدارییە دەستکردەکان ناناسێت. پیسبونی پێکهێنەرەکانی سروشت لە هەر شوێنێکی جیهاندا، کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر شوێنەکانی تریش.

ئێمەش کە بەشێکین لەم جیهانە و لەسەر یەك خاك دەژین و یەك چارەنوس لەگەڵ تەواوی جیهاندا کۆماندەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی هەر یەکێکمانە بەپێی توانا و لە سنوری زانیارییەکانی خۆی و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیدا، هەنگاوێك بنێت لە ڕێگەی دور و درێژی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا.

ئەم کتێبەی بەڕێز کاك سەروەر قەرەداغییش کە بریتییە لە ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە باشوری کوردستان، یەکێکە لەو هەنگاوانە و جێگەی دەستخۆشیی و ڕێزلێنانە. بە هیوای بەردەوامبونی و بە ئومێدی سوود گەیاندنی زیاتری بە ژینگە و مرۆڤ لە کوردستاندا.

ئەندازیاری ڕاوێژکار: عەبدولڕەحمان سدیق

یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤

هەولێر : ٢٠١٥/١٠/١٠

# بەشی یەکەم

## چەمکی ژینگە:

هەمو ئەو بارودۆخ و هۆکارە دەرەکیانە دەگرێتـەوە کـە زینـدەوەرەکان, تیایدا دەژین و کار لەو چالاکیانە دەکات کە ئەنجامیدەدەن.

ژینگـە زاراوەیەکـە بـەکارهێنانی زۆر بـاو و بـلاوە و واتاکەشـی وابەسـتەی شێوازی ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان ژینگەکە و بەکاربەرەکەیـدا هەیـە, بـۆ نمونـە کـە دەڵـێن: ژینگـەی کشـتوکاڵی, ژینگـەی پیشەسـازی, ژینگـەی بیابانی, ژینگەی کۆمەڵایەتی, ژینگەی ڕۆشنبیری و ژینگەی سیاسـی... هتـد، ئەگەر بگەڕێین بۆ بنەچەی وشـەی ژینگـە، دەبیـنین ئـەم وشـەیە لـە واتـای Ecology وەرگیراوە. لەساڵی ١٨٨٦ زانای ئەڵمانی ئارنیست هیگل داینـاوە. وشـــەیەکی لێکـــدراوە و لـــە دو وشـــە پێکهـــاتووە, وشـــەی یەکـــەم "Eco=Oikes" واتـــای مـــاڵ یـــان خـــانووە , وشـــەی دوهـــەم "Logy=Logos" بە واتای زانست دێت, هەر بۆیە ئەو زانا ئەڵمانیە ئاوا پێناسەی کردوە، ژینگـە ئـەو زانستەیە کـە لـە پەیوەنـدی نێـوان بونـەوەرە زینـدوەکان لەگەڵ ئەو نێوەندەی تیایدا دەژین دەکۆڵێتەوە.

## چەمکی سیستەمی ژینگەیی:

سیستەمی ژینگەیی بریتییە لە ڕوبەرێکی سروشتی بە بـێ لەبەرچاوگرتنی پانتایی و بڕی ئەو بونەوەرانەی کە لە ناویدان، جا ئـەو بونەوەرانـە ئـاژەڵی بن یان ڕوەکی یان نازیندو و بێگییان بن.

لە ڕێگەی ئەم پێناسەیەوە دەتوانین بڵێین کە سیستەمی ژینگەیی کۆمـەڵێك توخمی زیندو و نازیندوە کە بەیەکەوە، تەواو کارن و کارلێك لەگـەڵ یـەکتر

دەکەن , دیارنەمان و ئامادە نەبونی هەر توخمێك لەو توخمانە نێگەتیڤانە کاردەکاتە سەر سیستەمەکە.

**پێکهاتەکانی سیستەمە ژینگەییەکە:**

دەتوانین دابەشیان بگەین بۆ ئەم بەشانە:

١-پێکهاتە زیندوەکان:

- پێکهاتەی بەرهەمهێنەر، وەك: ڕوەکەکان.
- پێکهاتەی بەکاربەر، وەك: مرۆڤ و ئاژەڵەکان.
- پێکهاتەی شیکەرەوە، وەك: کەڕو، بەکتریا و هەندێك لە مێرووەکان.

٢- پێکهاتەی نازیندو، وەك: ئاو، هەوا، خاك و تیشکی خۆر.

٣- چالاکی و پرۆسەی سوڕی ژیان لە بازنەی ژینگەدا.

**جۆرەکانی پیسبونی ژینگە:**

پیسبونی هەوا , پیسبونی ئاو , پیسبونی خاك, پیسبونی خۆراك, پیسبون بەتیشك, پیسبون بە ژاوەژاو, پیسبون بە پاشەڕۆکانی وەك زبڵ و خۆڵوخاشاك, پیسبونی بایۆلۆژی.

**پرسی ژینگە لە جیهاندا:**

لە ڕێگەی پێناسەی ژینگە و پێکهاتەکانی سیستەمە ژینگەییەکەوە، لەوە تێگەیشتین کە ژینگە چیە. مرۆڤ لە سەرەتای بونیەوە گاریگەری لەسەر ژینگە هەبوە و ژینگەش کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبوە. لە سەدەکانی ڕابردودا بە هۆی کەمی ژمارەی دانیشتوان لە جیهاندا و سادە و ساکاری ئامێر و هۆکارەکانی ژیان, کاریگەری مرۆڤ لەسەر ژینگە کەم بوە و ژینگەش

توانای خۆگونجاندنی هەبوە, بەلاَم بە هۆی زۆربونی ژمارەی دانیشتوان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پیشەسازی و ئامێر و هۆیەکانی تر , ڕوبەڕوی مەترسی و هەڕەشەی ترسناك بوەتەوە. جون کابوت نزیکەی ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئەوەی ڕاگەیاند کە دەریا و زەریاکانی جیهان، بە هۆی زیادە ڕاوکردن و گۆڕانی ئاووهەوا و تێکچونی شێوەی بەکارهێنانی فاکتەرە مرۆییەکان، پلەبەپلە لەناو دەچن و دەگۆڕێن بۆ ناوچە گەلێکی چۆڵ لە ژیانی ئاژەڵی و ڕوەکی.

ئەم نیگەرانیە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ بیرکردنەوە لە داهاتووی زەوی و ژیان. ئایا دەبێت یەکێکیان لەناوبچێت ژیان یان زەوی؟ یان هەردوکیان پێکەوە؟ جیهان ڕوبەڕوی قەیرانی گەورەی ژینگەیی بوەتەوە, بەردەوامیش مرۆڤ لە هەوڵی چڕوپڕدایە بۆ پێشکەوتنی زیاتر , ژینگەش لەگەڵ هەمو چرکەیەکدا ڕوبەڕوی مەترسی زیاتر و هەڕەشەی ترسناکتر دەبێتەوە. بۆ خۆڕزگارکردن لەم کێشە و هەڕەشانە، مرۆڤ دەتوانیت لە ڕێگەی دروستکردنی هاوسەنگییەوە لە نێوان پاراستنی ژینگە و پێشکەوتن و داخوازییەکانی و هەڕەشە و مەترسییەکان بۆ سەر ژینگە دروستبکات، چونکە ژینگە سەرچاوەی ژیانە و تەنها ماڵی هەمومانە, لەم سەردەمەشدا پێویستە ژینگە ببێت بەخەمێکی گەورە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ناوەندە زانستیەکان و کۆنفرانسە ساڵانەکان و بەتایبەت لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە لە خەمی کەمکردنەوەی کێشە و کارەساتە ژینگەییەکاندایە.

**ڕژێمی بەعس و کاریگەری لەسەرژینگەی باشوری کوردستان:**

ئەو جەنگەی کە ڕژێمی عێراق بە درێژای چل ساڵ بەسەر کورددا سەپاندی, لە بەکارهێنانی سیاسەتی زەوی سوتاندن, بەشێوەیەکی ترسناك کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر ڕوخساری سروشتی ژینگەی باشوری کوردستان. بارودۆخەکە زیاتر تێکچوو بە هۆی قوڵبونەوەی دیاردەی بەبیابانبون. لە ئەنجامی شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کورد، ڕژێمەکەی سەدام حسێنی دیکتاتۆر هەستا بە بڕینی درەخت و لەناوبردنی ناوچە سەوزەکانی باشوری کوردستان و وشککردنی سەدان سەرچاوەی کانی و هەروەها تەقاندنەوە و سوتانی ٧٠٠ بیری نەوت لە بیرە نەوتەکانی کوێت لەلایەن ئەو ڕژێمەوە. هەمو ئەمانە بون بە هۆی دروستکردنی هەورێکی ڕەش , کە هەزاران کیلۆمەتر درێژبوەوە و بەری تیشکی خۆری گرت لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست و باشوری کوردستانیش لە ناوچە چیاییەکاندا بەفری ڕەنگ تاریك داباری, بەجۆرێك کار گەیشتە ئەوەی کە زاناکان پێشبینی گۆڕانی ئاووهەوای لێبکەن, ئەم ڕژێمە چەکە قەدەغەکراوە نێودەوڵەتییەکانیشی بەکارهێنا، وەك بۆمبی ناپاڵم , بۆمبی فسفۆڕی و چەکی کیمیاوی لەدژی کورد. کە بۆ یەکەمینجار لە ناوچەکانی شێخ وەسان و بالیسان لە ١٩٨٧/٤/١٦ و دواتریش شاری هەڵەبجە و دەوروبەری کیمیابارانکرا لە ١٩٨٨/٣/١٦. جگە لەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بو بە هۆی شەهیدبون و برینداربونی هەزاران ڕۆڵەی بێتاوانی کورد, هاوکات بوە هۆی شێواندنی سیما و سروشتی جوانی کوردستان و لەناوبردنی سەدان جۆری ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەر. ڕژێمی بەعس هەربەوەوە نەوەستا، بەڵکو دانیشتوانی گوندەکانی بە زۆر ڕاپێچی ئۆردوگاکان کرد و گوند و شاخەکانی

لـە باشـوری کوردسـتان وێرانکـرد. کـانی و چـەم و سەرچـاوە ئاوییـەکانی وشککرد. ئەمانەش بون بە هۆی تێکدان و وێرانکردنـی ژینگـە و سروشـت و لەناوچـوونی ئاژەڵـەکان و باڵنـدەکان. ئـەم کاولکـاریی و تێکـدانی ژینگـە و سروشـتە , کـوردی بەچـۆکدا نـەهێنا و جـارێکی تـر کوردسـتان لـە ڕێگـەی گوندەکانەوە ئاوەدانکرایەوە. ڕۆڵەکانی گەلی کورد واتایان بۆ ژیان گەڕاندەوە و سوڕی ژیان دەستی پێکردەوە. ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەرەکانیش گەڕانـەوە ئامێزی سروشـت. بـەلام بـە هـۆی سـەرهەڵدانی گرانـی و کـەمی شـتومەك و کەمدەستی خێزانەکان و برسێتی و ئەو دۆخە ناهەموارە کە یەخەی هـەمو کـوردی گـرت لـە سـالانی سـەرەتای نـەوەدەکان , تـا کۆتـای نـەوەدەکان , واتـا نزیکـەی مـاوەی دەسـاڵ دانیشـتوانی کوردسـتان بـۆ بەدەسـتهێنانی بـژێوی و خۆڕزگارکردن لە برسێتی و لەناوچوون ، ناچار پەنایان بردە بەر بڕینەوەی درەختەکان و بەکارهێنانیان لـە جێگـای سـوتەمەنی بـۆ کـاری چێشـتلێنان و خۆڕزگارکردن لە سەرمای زستان و هەروەها ڕاوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان لە بەرامبەر برسێتی. ئەم کارە بەشـێکی زۆر لـە درەختـە خۆڕسکەکانی بـە هەمو جۆرەکانیەوە لەناوبرد. هۆکاری سـەرەکی بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم کـارە و سەرجەم ئەو کاولکارییانەی کـە بەسـەر ژینگـەی باشـوری کوردسـتاندا هـات, دەگەڕێتەوە بۆ وێرانکاریەکانی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو.

# بەشی دوهەم

## ڕێكخراوە ژینگەییەكان لەجیهاندا:

لــە ١٦ ی حــوزەیرانی ١٩٧٢ لــە وڵاتــی ســوید لــە كۆنفرانســی ســتۆكهۆڵم , كۆمەڵگــەی نێودەوڵــەتی بــۆ یەكخســتنی توانــا و كــاری هاوبــەش بــۆ ڕوبەڕوبونــەوەی مەترســییەكان لەســەر ژینگــە, بڕیــاری دروســتكردنی ڕێكخراوێكـی جیهـانی تایبـەت بـە ژینگەیـدا بـە نـاوی پرۆگرامـی ژینگـەیی نەتــەوە یــەكگرتووەكان UNEP, كــە پاڵپشــتی لــە ژینگەیــەكی ســاغ و سەلامەت دەكات لە هەمو شوێنێكی جیهانـدا. چـەندین ڕێكخراوێكـی تـریش بەشێوەی ناڕاسـتەوخۆ كـار لەسـەر پاراسـتن و گەشـەپێدانی ژینگـە دەكـەن , وەك ڕێكخراوی كشتوكاڵ و خۆراكی جیهـانی FAO و ئاژانسـی نێودەوڵـەتی وزەی ئــەتۆمی IAEA و ئــەو ڕێكخراوانــەی تــریش كــە لەســەر ئاســتی جیهانی ڕۆڵیان هەبوە و بەردەوامیشن , لەوانە وەك ڕێكخراوی ئاشتی سـەوز Green Peace و ڕێكخراوی دۆستانی زەوی Friends of The Earth و دەیان ڕێكخراویتر لەسەر ئاستی جیهـان و سـەدان ڕێكخـراو لەسـەر ئاسـتی وڵاتــان و هەرێمــەكان كاردەكــەن لــەو پێنــاوەدا. لەجیهانیشــدا ژمارەیــەك كــۆنفرانس و كــۆنگرەی نێودەوڵــەتیش لــە پێنــاو ژینگــەدا بەســتراوە , كــە گرنگترینیــان "كــۆنگرەی نەتەوەیەكگرتووەكانــە بــۆ ژینگــە و پەرەســەندن و كــۆنگرەی لوتكــەی زەوی كــە لــە ڕیۆدیجــانیرۆی بــەرازیل لــە بــەرواری ٣/١٤ی حــوزەیرانی ١٩٩٢ بەســترا. ئــەم كۆنگرەیــە بــە گــەورەترین كۆبونــەوەی ســەركردەكانی جیهــان دادەنرێــت كــە تیایــدا زیــاتر لــە ســەد ســەركردە بەشداربون.

**سەرەتای كاری ڕێكخراوەیی ژینگەیی لە باشوری كوردستان:**

سەرەڕای گرانی و ناڕەحەتی ژیان و ئازاردانی ڕۆڵەكانی گەلی كورد لەلایەن ڕژێمی بەعسی لەناوچوو, كەسانێكی ڕۆشنبیر و ئاستبەرز لە كۆمەڵگەی كوردیدا بونیان هەبوە, كە لە سەرەتای سالأنی نەوەدەكانەوە بیریان لە ژینگە و پاراستنی سروشت كردوەتەوە. مانەوەی گاریگەری ئەو كاولكارییە ژینگەییانەی كە بەسەر سروشت و ژینگەی باشوری كوردستاندا هات, هۆكاری ئەوە بو كە لەسەر دەستی كۆمەڵێك مامۆستا، دوكتۆر، ئەندازیار و پارێزەر یەكەمین كۆمەڵەی زانستی ژینگەپارێزی لە باشوری كوردستاندا دابمەزرێت بە ناوی كۆمەڵەی كوردستانێكی سەوز. دامەزراندنی ئەم كۆمەڵەیە بە سەرەتایی كاری ڕێكخراوەیی ژینگەیی لە باشوری كوردستان دادەنرێت و بە یەكەمین قوتابخانەی ژینگەیی ئەژماردەكرێت.

**كۆمەڵەی كوردستانێكی سەوز G.K.A:**

بیرۆكەی دامەزراندنی ئەم كۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ م. شەماڵ عەبدولڕەحمان موفتی كە لە ١٩٨٦ بیرۆكەی دامەزراندنی ڕێكخراوێكی ژینگەیی عێراقی لەلا گەلاڵە دەبێت , بەمەرجێك جەماوەری نەبێت !! تا دەسەلأت ڕێگەی پێبدات.

ئەم بیرۆكەیە پێشكەش بە م. بەهادین ئەحمەد - سەرۆكی ئەنجومەنی یاسادانانی كوردستان دەكات. ئەویش لە وەلأمدا پێیدەڵێت ولأتی عێراق و ئێران لە جەنگدایە و ئەم ڕێكخراوە مەترسی سیاسی تێدایە و لەوانەیە لە ئایندەدا ببێتە حیزب وەك كۆمەڵەی گرونی ئەڵمانیا!!! بۆیە داوای لێدەكات هەوڵی بینینی سەدام حسێن بدات. بێگومان بینینی سەدام لەو سەردەمەدا زۆر زەحمەتبوە. ئەمە هیچ لە حەماسی م. شەماڵ موفتی

کەمنەکردەوە... پاش نەمانی دەسەڵاتی بەعس, هەوڵدەدات لەگەڵ چەند کەسایەتیەك کۆمەڵەیەکی ژینگەیی دابمەزرێنیت. لە بەرواری ١٩٩١/١٠/١٦ لە شاری سلێمانی (کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز) دادەمەزرێنن. کۆمەڵەکە کۆمەڵەیەکی زانستیانەی مرۆڤ دۆستانە بوە و بایەخی بە چاککردن و پاراستنی ژینگەی لە هەمو هۆیەکانی پیسبون داوە. دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بریتیبون لەم کەسانەی لای خوارەوە:

**دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز:**

١- م. شەماڵ عەبدولڕەحمان موفتی.
٢- د. دارا ئەحمەد تۆفیق.
٣- د. پێشڕەو محەمەد ئەمین.
٤- د. جەلال مەجید شەریف.
٥- د. ئازاد ئەحمەد تۆفیق.
٦- ئەندازیار وریا نوری خەفاف.
٧- پارێزەر تەها بابان.

دوابەدوای دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە، ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر کە پێکهاتبون لە د. جەلال مەجید شەریف, م. شەماڵ موفتی, د. دارا ئەحمەد تۆفیق, پارێزەر تەها بابان, ئەندازیار وریا خەفاف, د. پێشڕەو محەمەد و د. ئازاد ئەحمەد، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لە بەرەی کوردستانی سەردانی ئەو بەرەیە دەکەن. سەرەتا لە بەرواری ١٩٩١/١١/٢٥ دەچنە لای بەڕێز جەلال تاڵەبانی و لە قەلاچوالان چاویان پێیدەکەوێت. مەبەست لەو چاوپێکەوتنە، گفتوگۆ بوە لە بارەی دامەزراندنی کۆمەڵەکە و

وەرگرتنی ڕەزامەندی لە بەرەی کوردستانی, (مام جەلال) پیرۆزباییان لێدەکات و خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت بۆ ئەو سەرەتایە. دەستەی دامەزرێنەر بڕیاریاندابو کە کۆمەڵەکە ناوبنێن کۆمەڵەی ئاشتی سەوزی کوردستان، بەڵام بەڕێز (مام جەلال) ڕای لەسەر ئەو ناوە نەبوە , چونکە گوتبوی ئەو ناوە وەك شوتی وایە، دەرەوەی سەوزە و ناوەکەی سورە !!! هەروەها گوتبوی: ڕێکخراوێك یان کۆمەڵەیەك ناوی سلام یان ئاشتی پێوەبێت، ئەوا لەلایەن ڕژێمەوە بە چەپڕەو دەدرێت لە قەڵەم. ئیدی هەر لە ژوورەکەی بەڕێز (مام جەلال) ئەو ئەندامانەی دەستەی دامەزرێنەر, بڕیار دەدەن کە گۆرانکاری لە ناوەکەدا بکەن, لەدوای گەڕانەوە و ئەنجامدانی چەندین کۆبونەوە بڕیاری کۆتایی دەدەن کە ناوی کۆمەڵەکە بنێن کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز. لە هەمان ساڵ و لە بەرواری ١٩٩١/١٢/٣١ ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە لە ڕێگەی فرانسۆ حریری لە نزیکەوە لەگەڵ بەڕێز (مسعود بارزانی) لە بارەگای بەرەی کوردستانی لە ناوچەی خەلیفان کۆدەبنەوە , لەلایەن ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر پێشەکی یەك لەسەر کۆمەڵەکە باسکرا کە تێیدا، ئامانج لە دامەزراندن و کاری کۆمەڵەکە خراوەتەڕو. هەروەها لە کۆبونەوەکەدا دەستەی دامەزرێنەر داوادەکەن کە وەك پێناسینێك لای خۆیان تۆماری بکەن , دوای ئەوە ڕوخسەتی ڕۆیشتن وەردەگرن , بەلام بەڕێز (مسعود بارزانی) بانگی فرانسۆحریری دەکات کە نامەیەکیان بۆ بنوسێت بۆ بارەگاکەیان لە شاری سلێمانی , بەمەبەستی هاوکاریکردنیان و پێشیان ڕادەگەیەنێت ئەگەر دەستەی دامەزرێنەر هەر پێویستییەکیان هەبو , پەیوەندی پێوە بکەن بۆ کار ئاسانی. ئیدی لە دوای چاوپێکەوتن و

کۆبونەوەیان لەگەڵ بەڕێزان (جەلال تاڵەبانی و مسعود بارزانی) هەست بە دەرکەوتنی ڕوناکی دەکەن لە کۆتایی تونێلەکەوە.

بە سودوەرگرتن لە پەیڕەوی ناوخۆی خاچی سوری نێودەوڵەتی , م. شەماڵ موفتی پەیڕەوی ناخۆی کۆمەڵەکە دەنوسێتەوە. ئەو پەیڕەوە دەبێت بە یەکەمین پەیڕەو بۆ کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز, یەکەمین لۆگۆی ئەم کۆمەڵەیەش لەلایەن شۆڕش سەلام مستەفا دروستکراوە. پەیڕەوی کۆمەڵەکە لە مادەی چوارهەم ئەم ئامانجانەی لەخۆگرتبو:

**ئامانجەکانی کۆمەڵە:**

١- پاراستنی توخمە ژینگەییەکانی ئاو و هەوا و خاك و هەرشتێکی تر کە سەر بە پێکهاتنی ئەو توخمانەبێت لە هۆیەکانی پیسبون.

٢- پارێزگاری تەندروستی و لەشساغی مرۆڤ.

٣- پاراستنی جۆرەکانی ڕوەك و گیانداران کە لەناونەچن.

٤- پارێزگاری سروشت و جوانی سروشت.

٥- ڕێگری کردن لە بڕینەوەی درەخت بۆ سوتاندن و هەوڵدان بۆ سەوزکردنی کوردستان لە ڕێگەی چاندنی نەمامەوە.

٦- قەدەغە کردنی هەمو جۆرەکانی ڕاو لە وەرزی زۆربون و زاوزێدا.

٧- پاککردنەوەی خاکی کوردستان لە مین و تەقەمەنی.

٨- بلاّوکردنەوەی هۆشیاریی و ژینگەپەروەری لەنێو ڕیزەکانی جەماوەردا , ئەویش لە ڕێگەی چاپەمەنی و ڕادیۆ و وتاربێژی و خولکردنەوە و هەر دەرفەتێکی دیکەی گونجاو.

٩- وانەی ژینگەیی بخرێتە بەرنامەی خوێندنەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا.

١٠- پێشكەشـكردنی ئامۆژگـاری و كـارگوزاری بـە هـەمو لایەنـە مـیری و ئەهلیەكان , تا نەهێڵن بكەونە گرفت و كارەساتی ژینگەییەوە.

١١- پەیوەنـدی پتـەوكردن و هاوشـارەزابون لـە نێـوان كۆمەڵگـە و هـەمو دەستگا و ڕێكخراوێكدا كە بەتەنگ ژینگەوە بـن چ لـە نـاوخۆدا و چ لـە دەرەوەی باشوری كوردستاندا.

## یەكەم هەڵبژاردنی كۆمیتەی باڵا:

بـە سەرپەرشـتی حـاكم شـێخ لـەتیف و بـە ئامـادەبونی مامۆسـتا جـەمال عەبـدول و نزیكـەی ١٢٠ میـوان و بـە ئامـادەبونی ئەنـدامانی دەسـتەی دامەزرێنـەر كـە دەبـو هـەر ئەنـدامێكی دەسـتەی دامەزرێنـەر ١٥ ئەنـدام بـۆ كۆمەڵەكـە پەیـدابكات , لـە بـەرواری ١٩٩٢/١/٢٤ یەكـەم هەڵبـژاردن بـۆ ئەندامانی كۆمیتەی باڵای (ك.ك.س) لە شاری سلێمانی ئەنجامدرا. سەرەتای هەڵبژاردنەكە بە خوێندنەوەی یەكەمین وتار لەلایەن وریا نـوری خـەفاف و دوهـەمین وتـار لەلایـەن شـەماڵ عەبـدولڕەحمان مـوفتی و سـێهەمین وتـار لەلایـەن تـەها بابـان و پاشـانیش وتـاری مافپـەروەران لەلایـەن جـەمال عبدولـەوە دەخوێندرێتـەوە. پـاش خوێندنـەوەی وتارەكـان , بـەڕێزان سەرپەرشـتیارانی هەڵبـژاردن دادوەر شـێخ لـەتیف و تـەها بابـان , لـە بـارەی هەڵبژاردنەكـەوە ڕێنمـایی بـە ئەنـدامان دەدەن و هەڵبـژاردن تـەنها بـۆ ئەنـدامانی كۆمەڵەكـە دەبێـت , لـە كـۆی ١٠٥ ئەنـدام ٢١ئەنـدام خـۆی كانديـد دەكـات و ٩ ئەنـدام وەك ئەنـدامی كۆمیتـەی بـاڵا هەڵدەبـژێردرێن. ئەنجامەكەش بەمشێوەی لای خوارەوە بو.

| ژ | ناوی هەڵبژێردراوان | پیشە | ژمارەی دەنگ | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شەماڵ عەبدولڕەحمان موفتی | مامۆستا | ٥٨ | سەرۆك |
| ٢ | موحسێن عەلی ئەحمەد | مامۆستا | ٥٦ | جێگری سەرۆك |
| ٣ | تەها حەمەخان حەمەبۆر | مامۆستا | ٤٢ | ب. دارایی |
| ٤ | شۆڕش سەلام مستەفا | ئەندازیار | ٣٧ | ب.ب. دارایی |
| ٥ | نەجمەدین حەسەن | دوکتۆر | ٣٢ | ڕاوێژکاری تەندروستی |
| ٦ | وریا نوری خەفاف | ئەندازیار | ٣٢ | ئەندامی ڕاوێژکار |
| ٧ | محەمەد سەعید حەمە خورەشید | مامۆستا | ٢٧ | ب. کاروباری ڕاگەیاندن |
| ٨ | تەها عوسمان محێدین | فەرمانبەر | ٢٢ | ئەندامی ڕاوێژکار |
| ٩ | کەمال نوری فەتاح | ... | ٢١ | ئەندامی ڕاوێژکار |

بۆ ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکەکانیان, م. شەماڵ موفتی سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی خۆبەخش کاریکردوە , لەسەر حیسابی خۆی هەڵدەسێت بە ئامادەکردنی نوسینگەیەك لە بینای عەلی نەمەڵی بەرامبەر کارگەی جگەرەکە لە شاری سلێمانی, کە چەندین کار و کۆبونەوەی تیادا ئەنجام دەدەن. چەند مانگێکی کەم تێپەڕ دەبێت و ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەکە ٣٠٠ئەندامی خۆبەخش تێدەپەڕێنێت ، بۆیە بە پێویستی دەزانن بایەخ بدەن بە هۆشیاریی ژینگەیی لە نێو ئەندامانـدا , هەر لەبەرئەوەش هەمو

٣٠ی مانگێك لە هۆڵی نەخۆشخانەی شیرەكە كۆدەبونەوە و هەندێك فیلم و گرتەی ژینگەیی پیشاندەدەن, كە م.شەماڵ موفتی لە ڕێگەی سەتەلایتی خۆیەوە تۆماریدەكات, ناوبراو سیانزەهەمین كەس بوە لەو كاتەدا لەشاری سلێمانی سەتەلایتی هەبوە. كۆمیتەی بالاّ بەردەوام دەبن لە بایەخدان بە هۆشیاریی ژینگەیی و هەر لەو سالاّنەدا چەندین كار و چالاكی ئەنجامدەدەن.

## گرنگترین كار و چالاكییەكانی كۆمەڵەی كوردستانێكی سەوز تا ساڵی ١٩٩٣:

١- ئەنجامدانی كۆبونەوەی مانگانە لەگەڵ ئەندامان بۆ بایەخدان بە ژینگە.

٢- چاندنی هەزاران نەمام لە گردەكانی قلیاسان و بەكرەجۆ و دەروازەی شاری سلێمانی و لە هەندێك شەقام و نەخۆشخانە، وەك نەخۆشخانەی فێركاری و چاندنی لە مەزاری شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید و گۆپتەپە.

٣- لە چاپدانی نامیلكە و پۆستەری ژینگەیی و بلاّوكردنەوە و دابەشكردنی بەسەر منداڵان و قوتابیان.

٤- ئەنجامدانی كۆڕ و كۆبونەوەی بەردەوام بە تایبەت كۆبونەوەی بەرواری ١٩٩٢/٩/٨ كە لە هۆڵی نەخۆشخانەی شیرەكە كە لەلایەن كۆمەڵەوە پرۆژەیەك خرایە ڕو بۆ پاككردنەوە و دروست پاراستنی شارەكانی كوردستان و بە تایبەت شاری سلێمانی. ئامادەبوانی كۆبونەوەكە ئەم بەڕێزانە بون: بەڕێوەبەری شارەوانی لەگەڵ چەند ئەندازیارێك، نوێنەری فەرمانگەی ئاووئاوەڕۆ، سەرۆكی فەرمانگەی دروستی ئاژەڵ،

شــارەوانیەكان، نەخۆشــحانەی دروســتی كۆمــەڵ و پاراســتنی ژینگــە دواتریش پرۆژەكە خراوەتە بەردەم پارێزگاری ئەو كاتەی سلێمانی.

٥- كردنەوەی لقەكانی هەولێر و لقی شانەدەر لە سەیدسادق و دیاریكردنی نوێنەر لە هەڵەبجەی شەهید و ڕانیە.

٦- كردنەوەی پێشانگای پۆستەر لە ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٥.

٧- ئەنجامدانی هەڵمەتێكی سیانزە ڕۆژی لەلایەن لقی شانەدەر. كۆمەڵەكە بەمەبەستی بلاَوكردنەوەی دەرمانی مەلاریا بۆ هەمو ناوچەی شانەدەر, لە پێناو ڕێگریكردن و قەلاَچۆكردنی نەخۆشی مەلاریا.

٨- دابەشكردنی نەمام و تۆو بەسەر ناوچەكانی شارەزور و هەورامانـدا, بـە هاوكاری لەگەڵ كۆمەڵەی C.R.A.

٩- ئەنجامــدانی ماراســۆن لــە پێنــاو ڕێگریكــردن لــە ســوتاندنی تایــە لــە جەژنەكانی نەورۆزدا.

١٠- پێشكەشــكردنی چــەندین بەرنامــەی تایبــەت بــە ژینگــە لــە ڕادیــۆ و تەلەفیزیۆنی ناوخۆیی.

لـە كاتێكـدا ئـەم چالاكیانە ئەنجامـدراون كـە پێویسـت بـون و كۆمەڵەكـەش یــەكێك بــوە لــە پێویســتییەكانی كوردســتانێكی داڕوخــاو، تــەنها كۆمەڵــەی ژینگەپارێزیش بوە لەباشوری كوردستاندا. بەلاَم هـیچ جـۆرە ئـەركێكی ئـەم كۆمەڵــە یــان تــەنها دینــارێكی چــالاكی هاوكارینــەكراون لەلایــەن بــەرەی كوردستانییەوە.

**ماراسۆن:**

لە پێناو پاكڕاگرتنی ژینگە و بەرزڕاگرتنی جەژنی نەورۆز , نەورۆزی ساڵی ١٩٩٢ لە شاری سلێمانی لەلایەن (ك.ك.س)ە ماراسۆن ئەنجامدەدرێت. هەرچەندە ماراسۆنەكە سەرجەم مەرجە نێودەوڵەتیەكانی تیادا جێبەجێنەكراوە، بەڵام بە ڕای ژمارەیەك لە شارەزایانی بواری وەرزش بە یەكەمین ماراسۆن دادەنرێت لە باشوری كوردستان, چالاكییەكی گرنگ و نوێش دەبێت بۆ ئەو كاتە. ماراسۆنەكە زیاتر لە سەد كەس بەشداری تێداكردوە , كە لە سەرچنارەوە دەستیپێكردوە بۆ بەردەم بینای حەسیب ساڵەح بە سەرپەرشتی ٣ لیژنە, كە لیژنەكان بریتیبون لە لیژنەی دادوەری و هونەری و ڕاگەیاندن دواتر ئاهەنگێكی فراوان لەبەردەم بینای حەسیب ساڵەح ئەنجامدراوە و سەركەوتوانی ماراسۆنەكەش خەڵاتیان پێبەخشراوە , لە ئاهەنگەكەشدا پێشبڕكێی جوانی جلوبەرگی منداڵان ئەنجامدەدرێت و هەمو بەشداربوانیش دیاری و شیرینییان پێدەدرێت. بۆ یەكەمین جاریش لە شاری سلێمانی ئاگری نەورۆز بە پاكی دەكرێتەوە, تایە و لاستیكی لاكۆڵانان قەدەغەدەكرێت, مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم چالاكیانەش بۆ دورخستنەوەی گەنجان و بەشێك لە دانیشتوانی شاربوە لە سوتاندنی تایە و لاستیك لە پێناو پاكڕاگرتنی ژینگەدا.

**كۆمەڵەی كوردستانێكی سەوز - لقی هەولێر:**

لە پێناو فراوانكردنی كار و چالاكییەكانی, كۆمیتەی باڵای (ك.ك.س) بڕیاری كردنەوەی لقی هەولێر دەدات. لە بەرواری ١٩٩٢/٦/٧ یەكەمین دەستەی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر لە شاری هەولێر هەڵدەبژێردرێن. هەڵبژاردنەكە لە هۆڵی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر بە سەرپەرشتی

دادوەر نوشاد محەمەد ئەمین و سەرۆك و جێگری کۆمیتەی باڵای (ك.ك.س) و بە ئامادەبونی ١٤٥ ئەندام و بە خۆکاندیدکردنی ٢١ ئەندام ئەنجامدەدرێت. ئەنجامەکەش بەمشێوەی لای خوارەوە دەبێت:

**یەکەمین دەستەی هەڵبژێردراوی لقی هەولێر:**

| ژ | ناوی هەڵبژێردراوان | ژمارەی دەنگ | پلە |
|---|---|---|---|
| ١ | عبدولڕەحمان سدیق کەریم | ١٠٨ | بەرپرسی لق |
| ٢ | خالید حەسەن واحید | ٩٨ | |
| ٣ | جەمیل کامیل حەسەن | ٩٥ | |
| ٤ | حسێن عەبدولکەریم ئیبراهیم | ٩٤ | |
| ٥ | یاسین مستەفا عارف | ٩٠ | |
| ٦ | وەسفیە تاهیر ساڵەح | ٩٠ | |
| ٧ | محەمەد تاهیر کەریم | ٧٥ | |
| ٨ | ئەمین سدیق ئەحمەد | ٧٥ | |
| ٩ | یوسف شەریف سەعید | ٧٤ | |

**کاروچالاکییەکانی لقی هەولێری کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز لەساڵی ١٩٩٢ تا ١٩٩٤ :**

١- هەڵمەتی هۆشیاری ژینگەیی، بە هەڵواسینی لافیتە و پۆستەر.

٢- ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبونەوەی ژینگەیی.

٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە پیسبونی ژینگە لە هەولێر و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان.
٤- ئامادەکردنی نامیلکەی پیسبونی ژینگە و سرودی ژینگەیی بۆ منداڵان.
٥- نوسینی بابەتی ژینگەیی لەلایەن عبدولڕەحمان سدیق و بلاّوکردنەوەی بە ناوی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوزەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و هیتر...
٦- دیداری میدیایی لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارە بیانییەکان, لەسەر ڕەوشی ژینگە.

لەبەر خراپی باری دارایی لق و بەدەنگەوە نەهاتنی زۆربەی ئەندامەکانی لق بۆ ڕاپەڕاندنی کار و چالاکییەکان, لقی هەولێر بەدەنگی دو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی دەستەی گشتی لق, بە نوسراوێك کە واژۆی بەرپرسی لق ئەندازیار عەبدولڕەحمان سدیقی لەسەرە بە ژمارە ٢٣ لە بەرواری ١٩٩٤/١٢/١٠ ئاراستەی کۆمیتەی بالاّی (ك.ك.س)ی دەکات و تێیدا هەڵوەشاندنەوەی لقی هەولێر ڕادەگەیەنن.

کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز کۆمیتەی بالاّ لە دوای ئەنجامدانی چەندین کار و چالاکی لە مانگی ٧ی ١٩٩٤ مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت و نوێنەری لە پارێزگای سلێمانی و ئەنجومەنی چاککردنی ژینگە دەبێت. ئەو ئەنجومەنە لەلایەن م. جەمال عەبدول پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانییەوە سەرۆکایەتی دەکرا، هەروەها نوێنەریشیان لە لیژنەی پاکسازی ناوشار و تەندروستی و پشکنینی خۆراك لە سلێمانی هەبوە. دوای تێپەڕبونی چوارساڵ بەسەر هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی کۆمیتەی بالاّی ك.ك.س ، بۆ جاری دوهەم هەڵبژاردن بۆ کۆمیتەی بالاّ ئەنجامدەدرێتەوە و م. شەماڵ عەبدولڕەحمان موفتی بۆ

دوهەم خولی یەك لەدوای یەك وەك سەرۆك هەڵدەبژێردرێتەوە و کۆمەڵەکە درێـژە بـە کـار و چـالاکییەکان دەدات و بەردەوامـدەبێت لـەم هەولاّنـە: بلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیری ژینگەیی ، قەدەغەکردنی درەختبڕین و ڕاوکردنـی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی ، سەوزکردنی کوردسـتان ، پاراسـتنی زینـدەوەران و خوێندنی ژینگە وەك بابەت لە هەمو قۆناغەکانی خوێنـدن و پاککردنـەوەی خاکی باشوری کوردستان لە مین. کۆمەڵەکە دەتوانێت بەشێك لە هەوڵەکانی سەربخات بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە و لە بەشـێکی تـر لـە هەوڵەکانیـدا سـەرکەوتوو نابێـت , بـە هـۆی ململانێـی حیزبـی و هەوڵـدانی حیزبـەکانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یـەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان بـۆ دەستبەسەرداگرتن و دانانی بەربەست لە بەردەم کارەکانی کۆمەڵەکەدا.

ئـەم دو حیزبـە سـەرەکییە بـاوەڕ بـە بێلایـەنی کۆمەڵەکـە ناکـەن و هـەوڵی بـەردەوام دەدەن تـا بیخەنـە ژێـر دەسـەلاّتی خۆیانـەوە. پـارتی توانـای دەستبەسـەرداگرتنی کۆمەڵەکـەی نابێـت, پـاش هـاتنی وادەی هەڵبـژاردنی سـێهەم و نزیـك بونـەوەی کـۆنگرەی دوهـەم, سـەدان کـەس لـە لایـەن ڕێکخستنەکانی یەکێتیەوە بە لێشاو ڕودەکەنە نوسینگەی کۆمەڵەکە و داوای ئەندامێتی دەکەن , هاوکـاتیش حیزبـی یـەکگرتووی ئیسلامی کـە کادیریـان لەناو کۆمەڵەکـەدا دەبێـت ، بـە هەمانشـێوە , فـۆڕمی ئەنـدامێتی بـۆ سـەدان ئەندام و لایەنگری حیزبەکەیان پڕدەکەنەوە , بەلاّم یەکگرتوو لە بەرامبـەر یەکێتیدا سەرکەوتوو نابێـت و لە کۆنگرەی مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٨ نوێنـەران و لایەنگرانی یەکێتی سەردەکەون , ئیدی کۆمەڵەکە دەبێت بە کۆمەڵەیەکی حیزبی.

**کۆمەڵەی ژینگەی کوردستان:**

ئـەم کۆمەڵەیـە لـە پـایزی مـانگی ٩ی سـاڵی ١٩٩٢ لـە شـاری سـلێمانی لەسـەر دەستی ژمارەیەك مامۆستای زانکۆی سلێمانی وەك م. سـدیق شـێخ مـەحمود بەرزنجی, کۆچکردوو د. کەمال محەمەد سەعید خەیات، م.جـەمال عەبـدول و چەند مامۆستایەکیتر کە ناوەکانیان ئاشکرانیە, دامـەزرێنرا. لـە بـەرواری ١٩٩٣/٦/١٠ لە ژێر چاودێری نوێنەری دادگای سلێمانی دادوەر لەتیف سـەعید مــەعروف هەڵبــژاردن ئەنجامــدەدرێت و حــەوت ئەنــدام بــۆ دەســتەی بـەڕێوەبردنی کۆمەڵەکـە هەڵدەبـژێردرێت و دو ئەنـدامیش وەك یـەدەك. بەمشێوەیە:

١- د.کەمال محەمەد سەعید خەیات - سەرۆکی کۆمەڵە.
٢- کەمال چەلەبی - جێگری سەرۆك.
٣- وریا نوری خەفاف - سکرتێر.
٤- فواد ئەسکەندەر - دارایی.
٥- د. مەحمود دەروێش - ئەندام.
٦- سەلام عەبدوڵلا - ئەندام.
٧- ڕەفیق فتحوڵلا - ئەندام.
٨- حەسەن حسێن عوسمان - یەدەك.
٩- نەزیرە کەریم - یەدەك.

دواتر بە هۆی شەڕی براکوژیی نێـوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) ئـەم سـتافە لـە کارکردن و چالاکی دەوەسـتن و لێکدادەبڕێن. کۆمەڵەکـە لەسـەر دەسـتی م. سدیق شێخ مەحمود بەرزنجی لە هەولێرەوە لە ساڵی ١٩٩٩ بە هاوکـاری ڕاگـر و یاریدەدەری کۆلێـژی زانسـت و مامۆسـتایانی کۆلێژەکـە سـەرهەڵدەداتەوە ، بەلاّم ناوی کۆمەڵەکـە دەگۆڕدرێـت بـۆ کۆمەڵـەی ژینگـەپارێزی کوردسـتان و

لەلایەن م. سدیق شێخ مەحمود بەرزنجییەوە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەدەکرێت کە لە ٨ بەش و ٢٦ مادە پێك دێت. دوای ئامادەکردنی پەیڕەوی کۆمەڵەکە لە ٢٠٠٠/٣/١٦ بە بەشداری ٥٠ ئەندام کە لە مامۆستایانی زانکۆکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك پێکدێت ، هەڵبژاردن بۆ دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەکە بەڕێوەدەچێت. ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش بەمشێوەی لای خوارەوە دەبێت:

**دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی ژینگەپارێزی کوردستان:**

| ژ | دەستەی کارگێڕی | پلە |
|---|---|---|
| ١ | د. سدیق شێخ مەحمود بەرزنجی | سەرۆك |
| ٢ | د. فەرەیدون عەبدولقادر | جێگری سەرۆك |
| ٣ | د. دڵشاد گەنجۆ | جێگری سەرۆك |
| ٤ | د. فەیسەڵ عەبدولقادر | ئەندام |
| ٥ | د. ئازاد محەمەد | ئەندام |
| ٦ | د. دانا فایەق هۆشیار | ئەندام |
| ٧ | د. جمال محەمەد عەزیز | ئەندام |
| ٨ | د. عەبدولغەنی | ئەندام |
| ٩ | د. ئەردەڵان | ئەندام |

لە بەرواری ٢٠٠٠/٤/٢٠ دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەکە بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن ، پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی هەولێر دەکەن , بەڵام لەلایەن دەستگای ئاسایشی هەولێرەوە بۆ ماوەی چەند مانگێك, لێپرسینەوەی بەردەوامیان لەگەڵ دەکرێت. پاش ماوەی چەند مانگێك بێزارکردن , پرۆگرام و پەیڕەوی کۆمەڵەکە لەلایەن

ئاسایشەوە دەدرێت بە گروپێکی سەر بە حیزبەکەیان و گروپەکە دەست بە کارکردن دەکەن و دەستەی هەڵبژێرراوی کارگێڕی کۆمەڵەکەش دوردەخرێنەوە و لەکارکردن دەوەستێنرێن.

**ڕێکخراوی سەوزی کوردستان:**

زانیاری و بەڵگەی پێویست لە بارەی ئەم ڕێکخراوەوە نیە , بەلاَم بەپێی بەیاننامەیەکی پیرۆزبایی کە لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان لە ساڵانی نەوەدەکاندا بلاَوکراوەتەوە , ئاماژە بە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە دەکات. لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە "ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی پسپۆڕ و شارەزا, بۆ کۆشش خستنە گەڕ , لە پێناو سڕینەوەی شوێنەواری ئەم وێرانکاری و ژەهراویکردنەی ژینگەی نیشتمانەکەمان کۆبونەتەوە , پاش لێکۆڵینەوە و ئاڵوگۆڕکێ , بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکیان , لە جۆری حزبەکانی سەوز گەلاَڵە کردوە. دوای پەیوەندیکردن بەو حیزبانەوە, بە مەبەستی کەڵك وەرگرتن لە ئەزمونی ئەوان , وەفدێك بۆ پشتگیری لەم ڕێکخراوە شارستانیە, لە ئەڵمانیاوە ئامادەبو. لە ١٩٩١/١٢/١٥دا بەیاننامەی دەستەی دامەزرێنەر ڕاگەیەنرا". جگە لە هەبونی ئەم بەیاننامەیە , کە بونی ئەم ڕێکخراوە ژینگەییە پشتڕاستدەکاتەوە , هاوکات وەفدێکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز کە پێکهاتبون لە م. تەها حەمەخان, م. موحسێن عەلی ئەحمەد, تەها عوسمان بە مەبەستی کردنەوەی لقی کۆمەڵەکە سەردانی شاری دهۆك دەکەن و لە نزیکەوە چاویان بە فازڵ میرانی دەکەوێت , بۆ ئەوەی لە کردنەوەی لقی (ك.ك.س) لە شاری دهۆك پاڵپشتیان بکات , بەلاَم فازڵ میرانی پێیانڕادەگەیەنێت کە لە لایەن چەند کەسێکەوە لە دهۆك ڕێکخراوێکی ژینگەیی دامەزراوە و بارەگاشیان هەیە و ژمارەیەك کەویشیان

له بازاڕدا کڕیوه و ئازادیانکردوه. وه‌فده‌که‌ی (ك.ك.س) زۆر ده‌گه‌ڕێن بۆ باره‌گای ئه‌و ڕێکخراوه و هه‌وڵی دۆزینه‌وه‌یان ده‌ده‌ن , به‌ڵام هه‌وڵه‌کانیان بێئه‌نجام ده‌بێت , چونکه هیچ باره‌گا و که‌سێکی په‌یوه‌ندیدار به‌و ڕێکخراوه ژینگه‌ییه نادۆزنه‌وه.

زانیاری زیاتر نیه که پشتڕاستی بکاته‌وه ده‌سته‌ی دامه‌زرێنه‌ری ئه‌و ڕێکخراوه کێ بون و توانیویانه چ کار و چالاکییه‌ك ئه‌نجامبده‌ن , به‌ڵام وێنه‌یه‌ك له‌و به‌یاننامه‌یان ده‌ستده‌که‌وێت که له ڕۆژنامه‌ی ڕێگای کوردستان ی سه‌ر به حیزبی شیوعی کوردستان بڵاوکراوه‌ته‌وه. به وته‌ی ئه‌و وه‌فده‌ی (ك.ك.س) ئه‌م ڕێکخراوه زیاتر ڕێکخراوێك بوه له‌سه‌ر کاغه‌ز, بۆ سه‌رنجراکێشانی ڕێکخراوه نێوده‌وڵه‌تیه‌کان.

# بەشی سێهەم

## کۆمەڵەو سەنتەرە ژینگەییەکان:

کۆمەڵە و سەنتەرە ژینگەییەکان لە باشوری کوردستان دابەشدەبن بەسەر وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی ڕۆشنبیریدا. بەپێی ئامارە فەرمییەکان ٣ کۆمەڵەی ژینگەپارێزی هەن کە سەر بە بەشی کۆمەڵەکانی وەزارەتی ناوخۆن و بەپێی ئاماری بەشی سەنتەرەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریش تەنها ٢ سەنتەری ژینگەیی هەن کە تۆمارکرابن. ئەم کۆمەڵە و سەنتەرە ژینگەییانە وەك ڕێکخراوەکان ئەندامیان هەیە و تەواوی ئەندامەکانیشیان بە خۆبەش کاردەکەن. کۆمەڵە و سەنتەرە ژینگەییەکانیش بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

## کۆمەڵە ژینگەییەکان:

### کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز G.K.A:

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٨ کە کۆنگرەی دوهەم دەبەسترێت لە شاری سلێمانی , هەریەك لە قاسم حەیدەر, یاسین مەحمود حەمە, جەلال حەمە غەریب, بورهان مەجید - ئارارات, سەربەست عەبدولڕەحمان عەزیز, حسێن ئەحمەد مستەفا, ڕێژەن جەمیل محەمەد، بەهرۆز حەمە خورشید, سمیرە محەمەد ساڵح وەك ئەندامی کۆمیتەی باڵا هەڵدەبژێردرێن و قاسم حیدەر وەك سەرۆکی کۆمەڵەکە دیاریدەکرێت. دوای دەستبەکاربونی بە ماوەیەك , لەلایەن کۆمیتەی باڵاوە بە بڕیارێك لادەبرێت و یاسین مەحمود وەك سەرۆك دیاریدەکرێت ، بەڵام ئەمیش دوای ماوەیەك دەست لەکاردەکێشێتەوە و جەلال حەمە غەریب وەك سەرۆکی کۆمەڵەکە

دیاریدەکرێت. لەو ماوەی کارکردنەدا کۆمیتەی بالاْ چەندین کار و پرۆژە لە پێناو ژینگەدا ئەنجامدەدات. یەکێك لەو کارە گرنگانە درێژەدان بووە بە پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی ژینگەیی لە تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستانەوە بۆ خستنەڕوی کێشە و گرفتە ژینگەییەکان و کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە. هاوکات کاریان دەکرد بۆ ئامادەکردنی: پرۆژە یاسای پاراستنی ژینگە, پرۆژەی سەنتەری بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ژینگەیی, پرۆژەی سیستەمی خاوێنکردنەوەی شار, گۆڕستانی مۆدێرن, خەڵوزکردن و کۆکردنەوەی خاشاکە پیشەسازییەکان و ڕوبەڕوبونەوەی: دیاردەی تەقەمەنی منداڵان, تایەسوتاندن لە نەورۆزدا, سەیارەشتن لەناو چەمەکاندا, ڕاوی زیندەوەرە ئازادەکان, بڕینەوەی درەخت, فڕێدانی خاشاك بە شێوەی نادروست, کارگەکانی قیر و بەردهاڕین و جگەرەکێشان.

**پرۆژە یاسای پاراستنی ژینگە:**

سەرەڕای نەبونی یاسایی ژینگەیی, هاوکات هیچ وەزارەت و دەستەیەکی تایبەت بە ژینگە, لە باشوری کوردستان بونی نابێت ، بەلاّم کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز , هەر لە دوای ساڵی ١٩٩٨ەوە کار بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیاسای پاراستنی ژینگە دەکات و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ پرۆژەکە ئامادەدەکات, ئەم پرۆژەیە بە یەکەمین پرۆژەیاسایی ئامادەکراوی تایبەت بە ژینگە دادەنرێت لە باشوری کوردستان، کە لەلایەن کۆمەڵەوە بە سەرپەرشتی سەربەست عەبدولڕەحمان عەزیز میرزا ئامادەدەکرێت. دوای ئامادەکردنی ئەم پرۆژەیە, وەفدێك لە کۆمیتەی بالاّی (ك.ك.س) لە ٢٠٠١/٢/١٥ سەردانی بەڕێز (مام جەلال)دەکەن, کە ئەوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆنی سەوز بوە. بەڕێزمام جەلالیش پاڵپشتی خۆی بۆ پرۆژەکە

پیشاندەدات و پاش ماوەیەك لەسەر بڕیاری بەڕێز تاڵەبانی, لە ژمارە ٢٨٩٥ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە بەرواری ٢٠٠٢/١٠/٢٢ بە دەق بڵاو دەکرێتەوە و لە ٢٠٠٣/٩/١٥ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگە بە بەشداری ١١٠پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دادەمەزرێت. یەکەم بەڕێوەبەر م. حسێن محەمەد ساڵەح کاکە خان بوە و بە هۆی نەبونی یاسای تایبەت بە ژینگە ئەم بەڕێوەبەرایەتیەی شاری سلێمانی پشت بەم پرۆژە یاسایەی کۆمەڵە دەبەستێت بۆ سزادانی سەرپێچی کاران و لە ڕێگەی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ کار بەم پرۆژە یاسایە دەکەن. مانگانەش ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانیان ئاراستەی کۆمەڵەکە دەکەن. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣, حکومەتی باشوری کوردستان, لە کابینەی پێنجەم, وەزارەتی ژینگە دادەمەزرێنێت و یەکەم وەزیری ژینگەش دارا محەمەد ئەمین بو کە لە بەرواری ٢٠٠٦/٥/٧ سوێندی یاسایی خوارد. دوای دەستبەکاربونی وەفدێکی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز سەردانی دەکەن و پرۆژە یاسای پاراستنی ژینگە دەخەنە بەردەستی وەزیری ژینگەی هەرێم و ئەویش خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت و پاڵپشتی لە پرۆژەکەیان دەکات. وەفدەکەی کۆمەڵە دواتر سەردانی بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، بۆ خوێندنەوە و پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە. سەرۆکی پەرلەمان دوپاتی دەکاتەوە کە یاساکەیان لایە, چونکە پێشتر لەلایەن (ك.ك.س)ەوە یاساکە درابوە دەست خوالێخۆشبو بەکری حاجی سەفەر ئەندامی پێشوی پەرلەمانی کوردستان. بەڕێز عەدنان موفتی بە وەفدەکەی کۆمەڵە دەڵێت: لەبەرئەوەی وەزارەتێك بۆ ژینگە هەیە, دەبێت پرۆژەکە لەلایەن وەزارەتەوە پێشکەشبکرێت. وەزارەتی ژینگەی

هه‌رێمیش به سودوه‌رگرتن له پرۆژه یاساكه‌ی (ك.ك.س) و یاسای ژینگه‌ی عێراق و چه‌ندین ولاَتیتر, پرۆژه‌یاسایه‌ك پێشكه‌شی په‌رله‌مانی كوردستان ده‌كه‌ن و په‌ڕله‌مانی كوردستانیش له دانیشتنی ژماره ٢٧ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٦/١١ ئه‌و یاسایه كه‌به یاسای ژماره ٨ی ٢٠٠٨ سالّی یاسای پاراستن و چاككردنی ژینگه له هه‌رێم ناسراوه په‌سه‌ندكرد و یاساكه واژۆی عه‌دنان موفتی سه‌رۆكی په‌ڕله‌مانی له‌سه‌ره.

كۆمه‌لّه‌ی كوردستانێكی سه‌وز له ٢٠٠٥/٨/٢١ له شاری سلێمانی, كۆنگره‌ی سێهه‌م ده‌به‌ستێت و له كۆنگره‌كه‌دا جه‌لال حه‌مه غه‌ریب وه‌ك سه‌رۆك و به‌یان عه‌بدولسه‌مه‌د ئه‌مین وه‌ك جێگر و سه‌ربه‌ست عه‌بدولڕه‌حمان عه‌زیز, ئیسماعیل عه‌بدوللاّ محه‌مه‌د, بورهان مه‌جید ڕه‌حیم - ئارارات, ڕزگار فه‌قێ سه‌لیم, حسێن ئه‌حمه‌د مسته‌فا, ڕێژه‌ن جه‌میل محه‌مه‌د و شكۆفه محه‌مه‌د عوبێد وه‌ك ئه‌ندامی هه‌میشه‌یی كۆمیته‌ی بالاّ و جومعه حمه ئه‌مین و ڕزگار فقێ سه‌لیم وه‌ك ئه‌ندامی یه‌ده‌ك هه‌لّده‌بژێردرێن. ئه‌مانیش كۆمه‌لّێك كار و چالاكی ژینگه‌یی ئه‌نجامده‌ده‌ن, به تایبه‌ت له چاپدانی نامیله‌كه‌ی ژینگه‌یی و پێشكه‌شكردنی چه‌ندین به‌رنامه‌ی تایبه‌ت به ژینگه به ناوی كوردستانێكی سه‌وز له ڕادیۆكانی جه‌ماوه‌ر, نه‌وروز و ناوخۆ له شاری سلێمانی. گرنگترین كاری ئه‌م ستافه, ده‌ركردنی یه‌كه‌مین بلاّوكراوه‌ی ژینگه‌یی و بلاّوكردنه‌وه‌ی یه‌كه‌مین ڕۆژنامه‌ی تایبه‌ت به ژینگه‌یه له باشوری كوردستان.

كۆمه‌لّه‌ی كوردستانێكی سه‌وز له ٢٠٠٩/١١/٢٢ كۆنگره‌ی چوارهه‌می خۆی له شاری سلێمانی به‌ست. له كۆنگره‌كه‌دا نیاز محه‌مه‌د فه‌تاح وه‌ك سه‌رۆك و بورهان مه‌جید ڕه‌حیم - ئارارات وه‌ك جێگری سه‌رۆك و هه‌ریه‌ك له جه‌لال حه‌مه غه‌ریب, سه‌ربه‌ست عه‌بدولڕه‌حمان عه‌زیز, دارا حه‌سه‌ن

فـەرەج, حسـێن ئەحمـەد مسـتەفا, ئیسـماعیل عەبـدوڵلاّ محەمـەد, هونـەر ئەحمـەد حسـێن, فریـاد محەمـەد مـەعروف وەك ئەنـدامی کۆمیتـەی بـالاّ هەڵدەبـژێرران. لـە دوای دەسـتبەکاربونیان, لەلایـەن زۆرینـەی ئەنـدامان و سەرۆکی کۆمیتەی بالأوە, لۆگۆی کۆمەڵە بۆ یەکەمین جار دەگۆڕن. گـۆڕینی ئەم لۆگۆیەش نـاڕەزایی چـەند ئەنـدامێکی کۆمیتـەی بـالأی لێدەکەوێتـەو و دەست لەکاردەکێشنەوە.

یەکێك لە کارەگرنـگ و پڕ بایەخەکانی ئـەم سـتافە, دروسـتکردنی سـایتێکی ژینگەیی و وەرگێڕانی فلیمی HOME ماڵەکەمان, بـۆ سـەر زمـانی کـوردی کە فلیمێکی جیهانی ژینگەییە.

کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز لـە بـەرواری ٢٠١٣/٥/٢٧ کـۆنگرەی پێنجـەم لـە شـاری سـلێمانی دەبەسـتێت. لـە کۆنگرەکـەدا هەریـەك لـە شـکۆفە محەمـەد عوبێد, تەرزە ڕزگار فتاح, سەروەر محەمـەد عـەلی, هونـەر ئەحمـەد حسـێن, بورهان غەفور عەبدولڕەحمان, ئیسماعیل عەبدولاّ محەمەد, بورهان مەجید ڕەحـیم - ئـارارات, هاوسـەر عـەزیز ئەحمـەد, ڕێبـاز محەمـەد ڕەسـوڵ وەك ئەندامی دەستەی بالأی کۆمەڵە هەڵدەبـژێردرێن. لەهەڵبـژاردنی ناوخۆییـدا بە ئامادەبونی نوێنەری مەکتەبی ڕێکخراوەکانی ی.ن.ك و بەبێ ئامـادەبونی دادوەر، لەسـەر داوای نوێنـەری مەکتـەبی ڕێکخراوەکـان بورهـان غـەفور عەبـدولڕەحمان وەك سـەرۆك و بورهـان مەجیـد ڕەحـیم – ئـارارات وەك جێگری سەرۆك هەڵبژێرران.

ئەم کۆمەڵە لـە کـار و چـالاکییە ژینگەییـەکانی بەردەوامـە و چـالاکی هەمـە جۆری لە پێناو ژینگەدا ئەنجامـداوە. بـە کـورتی ڕێگریکـردن لـە وشـکبون و بڕینـەوەی سـەدان درەخـت، ڕێگریکـردن لـە ڕاوکـردن و ئـازادکردنی سـەدان

ئاژەڵ و باڵندە، هەڵمەتی پاککردنەوە، بەستنی کۆڕ و سیمینار و کۆبونەوەی ژینگەیی، هەڵمەتی وشیاریی، نەمام چاندن و دەیان کار و چالاکی تر....

ئەم کۆمەڵە کار بۆ گشت ڕەگەزە ژینگەییەکان دەکات, سنوری کارەکانی بەربلاْوە. سەرجەم ئەندامەکانی بە خۆبەخش کاردەکەن, تەنها کۆمەڵەی ژینگەییە کە لە سەرجەم پارێزگاکانی باشوری کوردستان و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزا و تەنانەت ناحیەکانیش ناوەند و نوێنەرایەتی هەیە و خاوەنی١٠ ناوەند و زیاتر لە ١٣ نوێنەرایەتییە. بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکییەکانی. جگە لەوەی پشت بە وەزارەتی دارایی دەبەستێت, هاوکات پشت بە مەکتەبی ڕێکخراوەکانی ی.ن.ك دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی داهات. ئەم کۆمەڵە چوارساڵ جارێك کۆنفرانس یان کۆنگرە دەبەستێت.

**کۆمەڵەی پاراستنی ئاو W.R.A:**

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٨ لە پارێزگای هەولێر دامەزراوە و لە بەرواری ٢٠٠٠/٥/٢٣ مۆڵەتی فەرمی بە ژمارە ٤٤١٦ لە بەشی کۆمەڵەکان لە وەزارەتی ناخۆ وەرگرتووە. ئەم کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی زانستی ئاوەدانکارە و بە کۆمەڵەیەکی تایبەتمەندی ژینگەیی دادەنرێت. ڕێنماییەکانیشی لە بواری بەکارهێنانی ئاودایە و چەندین کار و پرۆژەی لەو بوارەدا ئەنجامداوە و کار بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دەکات:

١- بەکارهێنانی ئاو بە شێوەیەکی ئابوریانە و زانستیانە.
٢- وەبەرهێنان لە بواری ئاودا.
٣- پیادەکردنی سیستەمی ئاو.
٤- پاراستنی ئاو و بە فیڕۆنەدانی و پاراستنی لە پیسبون.

کار و چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بەردەوامی هەیە و توانیویانە ئەم چالاکیانە ئەنجامبدەن:

١- ئەنجامدانی سیمینار و وۆرکشۆپ.
٢- ئەنجامدانی پشکنینی ئاو لە ڕوی بایۆلۆژی, کیمیاوی, فیزیایی.
٣- دەرکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ئاو. گۆڤارێکی وەرزییە.
٤- بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی لە ڕێگەی لە چاپدان و هەڵواسینی پۆستەر و لافیتە.
٥- ئەنجامدانی هەفتەی پاراستنی ئاو لە ٤/١٦ تا ٤/٢٢ی هەمو ساڵێك.
٦- دۆکیۆمینتکردنی ئەو سەرپێچیە ژینگەییانەی کە لەلایەن هاووڵاتیان و کەرتی تایبەتەوە دەکرێتە سەر تۆڕەکانی ئاو و ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە هەبونی ئەو سەرپێچیانە.

## کۆمەڵەی سەوزی هەڵگۆرد A.G.H:

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ٢٠١٠ لە قەزای چۆمان دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠١١ مۆڵەتی فەرمی لە بەشی کۆمەڵەکان لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە. هۆکاری دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە، دروستبونی مەترسی لەسەر ژینگەی ناوچەکە و لە پێناو هۆشیارکردنەوە و پاراستنی ژینگەدا دامەزراوە. ژمارەی ئەندامەکانیان ٣٠ ئەندامە و تەواوی ئەندامەکانیان بە خۆبەخش کاردەکەن. ئۆفیسی سەرەکیان لە قەزای چۆمانە و سنوری کارکردنیان فراوانە و بە گشتی باشوری کوردستان دەگرێتەوە.

## سەنتەرەژینگەییەکان:

## سەنتەری ڕۆشنبیری ژینگەی شەقلاوە SH.E.C.C:

ئەم سەنتەرە لە قەزای شەقلاوە لە بەرواری ١٠/١٠/٢٠١٠ دامەزراوە. سەرهەڵدانی مەترسی لەناوچوونی ڕوبەرە سەوزاییەکان، هۆکاری دامەزراندنی ئەم سەنتەرە بوە. لە بەرواری ٣/٤/٢٠١١ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەشی سەنتەرەکان مۆڵەتیان وەرگرتووە و ژمارەی ئەندامەکانیان ٦٠ ئەندامە و ٢٤ ئەندامی کارایان هەیە. سنوری کار و چالاکییەکانیان تەنها قەزای شەقلاوە ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم ناحیە و قەزاکانی سنوری پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە. ئەم سەنتەرە ژینگەییەکە توانیویەتی چەندین کار و چالاکی بۆ ژینگە ئەنجامبدات، گرنگترینیان:

١- کردنەوەی خول و سیمیناری ژینگەیی.
٢- دروستکردن و ئەنجامدانی فشار و گردبونەوە.
٣- ئازادکردنی ئاژەڵ.

**سەنتەری ژینگە بۆ پاراستنی کەلتوری ژینگەیی:**

ئـەم سـەنتەرە ژینگەییـە لـە پێنـاو پاراسـتنی ژینگـەدا لـە سـاڵی ٢٠١١ لـە پارێزگـای هـەولێر دامـەزراوە و لـە بـەرواری ٢٠١١/١/١٦ مۆڵـەتی فـەرمی کـارکردنی لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری - بەشـی سـەنتەرەکان وەرگرتـووە. ژمارەیەك ئەندامی هەیە کە سەرجەمیان بە خۆبەش کاردەکەن. سنوری کار و چالاکییەکانیشیان تەنها ناوەندی پارێزگای هەولێر ناگرێـتەوە، بـەڵکو سەرجەم گوند و ناحیە و قەزاکانی سنوری پارێزگاکە دەگرێتەوە.

# بەشی چوارەم

## ڕێکخراوە ژینگەییەکان:

دامەزراندن و کارکردنی ژمارەیەك لەم كۆمەڵانە و بە تایبەت دامەزراندن و بەردەوامی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بە قۆناغێکی گرنگ و بناغەیەکی بەهێزی کاری ڕێکخراوەیی ژینگەیی دادەنرێت لە باشوری کوردستان, چونکە ئەو کۆمەڵەیە توانی چەندین کادیری بە توانا و بە ئەزمون لە بواری ڕێکخراوەیی حکومی و ناحکومیدا بۆ ژینگە پێبگەیەنێت. بەشێکی زۆر لەو کادیرانەش لە ئێستادا لە ڕێکخراوەکان و دەستگا ژینگەییەکان، یان کۆمەڵەژینگەییەکانی تردا کاردەکەن, دیارترینیان: بەڕێزان وەزیری پێشوی ژینگەی عێراق عەبدولڕەحمان سدیق و شەماڵ عەبدولڕەحمان موفتی ڕاوێژکاری پێشوی وەزارەتی ژینگەی هەرێم و چەندین کەسایەتی تر... دەتوانین کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز وەك یەکەمین قوتابخانەی ژینگەپارێزی لە باشوری کوردستان سەیربکەن. لەگەڵ ئەمەشدا پرسی ژینگە و پیسبونی ژینگەی ئاو و هەوا و خاك و دروستبونی مەترسی لەناوچوونی ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەران وایکرد کاری ڕێکخراوەیی لە بواری ژینگەدا پەرەی پێبدرێت و بیر لە دامەزراندنی گروپی ژینگەیی و ڕێکخراو بکرێتەوە، بۆیە چەندین ڕێکخراوی تایبەت بەو بوارە دامەزراون. بەپێی ئاماری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی باشوری کوردستان, تا بەرواری ٢٠١٥/٧/١١ ٢,٣٤٤ ڕێکخراو و تۆڕی ناوخۆیی و بیانی تۆمارکراون, لەو ڕێکخراو و تۆڕانە ١٤٠ ڕێکخراو و ٣ تۆڕیان تایبەتن بە بواری ژینگە, کە ئەوانیش بەمشێوەیە بەسەر پارێزگاکاندا دابەشبون:

پارێزگای هەولێر ٦٤ ڕێكخراو, پارێزگای سلێمانی ٥٨ ڕێكخراو و ٣ تۆڕ, پارێزگای دهۆك ١٤ ڕێكخراو, پارێزگای كەركوك ٤ ڕێكخراو. لەكۆتایی ئەم كتێبەدا سەرجەم ناو و پەیوەندی ئەم ڕێكخراوانە دەبینیت.

لەگەڵ ئەو ڕێكخراو و تۆڕە ژینگەییە تۆماركراوانەدا، چەندین گروپ و سەنتەر و تۆڕ و ڕێكخراوی تری ژینگەیش هەن كە تۆمار نەكراون. خۆتۆمار نەكردنیشیان ڕێگر نەبوە لە بەردەم كار و چالاكییە ژینگەییەكانیاندا. ئەو كەسانەشی لە خەمی پاراستنی ژینگەدان بیر لە دامەزراندنی ڕێكخراو دەكەنەوە و كار بۆ دامەزراندنی ڕێكخراو و تۆڕی ژینگەیی دەكەن, بە شێوەیەك كە سەرجەم قەزاكان و ناحیەكان و تەنانەت هەندێك لە گوندەكانیش ڕێكخراوی ژینگەپارێزی لێدابمەزرێت.
ئەگەر نەشتوانرێت لە ڕێگەی ئەو ڕێكخراوە تازە دامەزراوەوە كار و پرۆژەی زۆر گەورە بۆ ژینگە ئەنجامبدەن, گومانی تێدانیە, كە دەتوانن ئاستی ڕۆشنبیری ژینگەیی ئەندامەكانیان بەرزبكەنەوە و لەو ڕێگەیەشەوە كەسانێكی زیاتر وشیاربكەنەوە تا ژینگەپارێزبن.
بۆ دامەزراندنی ڕێكخراو, دەبێت پاڵنەری سەرەكی تەنها پاراستن و گەشەپێدانی ژینگە بێت. بەشێك لەم ڕێكخراوە ژینگەییانە كە مۆڵەتیان وەرگرتووە، بە شێوەی بەردەوام كار و پرۆژەیان بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ژینگە هەبوە و توانیویانە كاریگەری خۆیان لەسەر سنوری كاركردنیان بەجێبهێڵن, لەخوارەوە دیارترینیان باس دەكەین.

## دیارترین ڕێکخراوە ژینگەییەکان:

### ڕێکخراوی فەرەشین بۆ پاراستنی ژینگە لە زاخۆ F.O.E:

لە قەزای زاخۆ لە ٢٠٠٥/٩/٦ لەلایەن ئیبراهیم ڕەمەزان ئیبراهیم, سەعید سدیق سەعید, عەلی خالید عەلی, خواستی فەرمان ڕەشید, یونس ئەحمەد عەلی, خالید یوسف عەبدوڵلا, ئەسعەد محەمەد خالید, شێرزاد حەمید حەسەن محەمەد, یەحیا سامی جەمیل عیسا, کۆڤان حسێن عوسمان کلش, فەیسەڵ عیسا ئەیوب شوکری, سەمیرە ئەحمەد محەمەد حەیران و ڤارتا نوش هایریك. دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ژمارە ٨٨٧٤ مۆڵەتیان لە وەزارەتی ناوخۆ- بەڕێوەبەراتی گشتی دیوان وەرگرتووە. لۆگۆی ڕێکخراو لەلایەن عەلی خالید عەلی دروستکراوە. ئەم ڕێکخراوە خاوەنی ١١١ ئەندامن و بەپێی پلانی مانگانە کار و چالاکییەکانیان ڕێکخستووە و کار بۆ گشت ڕەگەزە ژینگەییەکان دەکەن, گرنگترین چالاکییەکانیان بریتین لە:

١- سازدانی ٩٩ سیمیناری ژینگەیی.
٢- دابەشکرن و چاندنی زیاتر لە ٢٤٩٥٥ نەمامی جۆرا و جۆر.
٣- سازکردنی ٢٩٢ بەرنامەی ژینگەیی لە ڕادیۆ بە شیوەی هەفتانە.
٤- بەدواچون لە پێناو پاراستنی گیانەوەرانی کێوی و کۆبونەوە لەگەڵ ڕاوچییەکان.
٥- دابەشکرنی پۆستەری تایبەت بە پاراستنی ژینگە بەسەر قوتابخانەکان لە سەنتەری شاری زاخۆ.
٦- سازدانی خولی هاوڕێیانی ژینگە, بۆ ماوەی مانگێك.

**ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە- کەرکوك:**

ئەم ڕێکخراوە یەکەمین ڕێکخراوی ژینگەییە لە شاری کەرکوك کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن سەعید حەمید, نەسرین خالید, محەمەد عەبدولقادر, کامەران نەجار, چرۆ جەوهەر عەبدول دامەزراوە و لە بەرواری ٢٠٠٥/٨/٣ مۆڵەتی فەرمییان لە وەزارەتی ناوخۆ - بەشی کۆمەڵەکان وەرگرتووە. لە دوای دامەزراندنی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣، بون بە خاوەنی مۆڵەتی نویَ. ئەم ڕێکخراوە بە تایبەتی لە بواری هۆشیاریی ژینگەیی لە گوند و ناحیە و قەزاکان و ناوەندی پارێزگای کەرکوك کاریانکردوە و یەکەمین گۆڤاری ژینگەیەیی لەلایەن ئەم ڕێکخراوەوە دەرچووە لەشاری کەرکوك.

**ڕێکخراوا کوردستانی ژبو پاراستنا مافێ ئاژەڵیK.O.A.R.P :**

لە پارێزگای دهۆك لە ٢٠٠٩/٥/٢٤ لەلایەن پزیشکانی ڤێتێرنەری د.سلێمان تەمەر سەعید, د.لوقمان تەیب عومەر, د.حەمید عومەر حسێن, د.ئەلەند مەحمود ئەمین, هونەر محەمەد سەعید, عارف تەتەر سەعید و وشیار تەمەر سەعید دامەزراوە و لە بەرواری ٢٠١٣/٣/٢٥ مۆڵەتی فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان وەرگرتووە و لۆگۆی ڕێکخراو لەلایەن سلێمان تمر سەعیدەوە دروستکراوە. ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی تایبەتمەندە و تەنها کاردەکات بۆ پاراستنی مافی ئاژەڵان بە بەئامانجی:

١- پاراستنی ئاژەڵ لەو ڕەفتارە ڕۆژانانەی مرۆڤ کە زیانیان پێدەگەیەنێت و دەبنە هۆی ناڕەحەتی و ئێش و ئازار و مەترسی لەسەر ژیانی ئاژەڵەکان.

٢- بەرزکردنەوەی پێوەری خۆشگوزەرانی ژیانی ئاژەڵ لە کوردستان، لە ڕێگەی تێگەیاندنی هاوولاّتیان و بلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیرییەکی نویّ کە بگونجێت لەگەڵ دۆخی ئاژەڵ و دارِشتنی هەندێك یاسای توند لە بەرامبەر ئەو هاوولاّتییانەی توندوتیژی دژی ئاژەڵ بەکاردەهێنن.

٣- نەهێشتنی دیاردەی بەرالاّکردنی ئاژەڵ لە جادە و کۆلاّنەکان و کوشتن و بریندار بونیان.

٤- دەستبەسەراگرتنی ئاژەڵی بەرەلاّ لە جادە و کۆلاّنەکان و پەیداکرنی جێگایەك بۆیان و حەواندنەوەیان، لەگەڵ چاودێری بەیتەری تاکو کەسێك دێت و خۆی لێیان دەکاتە خاوەن.

٥- بەکارهێنانی پرۆگرامی نەزۆککردن و خەساندن، تاکو ڕێژەی ئاژەڵ کەمببێت، تاکو نەبنە گرفت و لە دواییدا و ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ بکرێت.

٦- پێداگری کردن لە دژی ئەو کەسانەی زۆرداریی لە گیانەوەران دەکەن، بە تایبەت ئەو کەسانەی کاری ناشەرعی بە گیانەوەران دەکەن، وەك شەڕە سەگ، شەڕە کەڵەشێر و شەڕە کەو، هەروەها ئەوانەش کە ژینگە و ژیانی گیانەوەران تێکدەدەن، وەك بەکارهێنانی تەقەمەنی بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵ یان بەکارهێنانی ژەهر.

٧- پێشکەشکردنی خزمەتی بەیتەری بۆ هاوولاّتیان لە گوند و کومەڵگەکان، بە تایبەت خێزانە هەژار و بێدەرامەتەکان کە ناتوانن دەرمان و ڤاکسین بۆ ئاژەڵەکانیان بکرِن ئەمەش لە ڕێگەی تیمە خۆبەخشە گەڕۆکەکانەوە.

٨- هاریکاریکردن و بەشداریکرن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ دانانی پەیڕەو و پروگرامی خوێندنی نوێ کە چاودێریکردن و پاراستنی مافی ئاژەڵ و ڕۆشنبیرکردنی نەوەی دوارۆژ، تاکو بزانن ئاژەڵەکانیش خاوەن مافن.

**گرنگترین کار و چالاکی ئەم ڕێکخراوە:**

١- بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی ئاژەڵ و ڕۆژی جیهانی باڵندەی کۆچبەر و ڕۆژی جیهانی هاربونی سەگ و ڕۆژی جیهانی ژینگە.

٢- چارەسەرکردنی گیانەوەرە بریندار و بێ خاوەنەکانی سەرشەقامەکان.

٣- کردنەوەی خولی چۆنیەتی پاراستنی ژینگەی گیانەوەرە کێوییەکان.

٤- دۆزینەوەی ماڵ بۆ گیانەوەرە بێخاوەنەکان.

ڕێکخراوی کوردستان بۆ پاراستنی مافی ئاژەڵ توانیویەتی ببێتە ئەندام لەم شوێنانەی خوارەوە:

١- شبکە حیوانات العالم کە زیاتر لە ٣٠٠٠ ڕێکخراوی جیهانی تێیدا بەشدارن.

٢- شبكة الشرق الاوسط و شمال افريقيا لجمعيات الرفق بالحيوان- القاهرة بە سەرپەرشتی شاژنە عالیە شاژنە ئەردەن.

٣- International society professional animals ISPA

٤- World Animal Day International organization-UK

**ڕێکخراوا ئاڤا کوردستانی:**

ئەم ڕێکخراوە لەلایەن عەبدوڵلا قادر عەلی, میعاد سابیر ڕەفیق, جەمیل قاسم عەبدوڵلا, ڕوندك چاڤشین قادرەوە لە پارێزگای دهۆك لە ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە و لە بەرواری ٢٠١٣/٤/٨ مۆڵەتی تۆمارکردنی وەرگرتووە. ڕێکخراوێکی تایبەتمەندە و تەنها کار بۆ ڕەگەزی ئاو دەکات بە سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوییەوە. لۆگۆی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن ڕیاز حسێن ئەحمەدەوە دروستکراوە. ئەم ڕێکخراوە ١٨٠ ئەندامی خۆبەخشی هەیە و ڕێژەی ٣٠٪یان کەسی پسپۆڕن لە بواری ژینگەدا. کۆنفرانسیان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن ئەنجامداوە. لە سەرەتای دامەزراندنیشیانەوە ئەم ڕێکخراوە ٧٤٠ چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە کە گرنگترینیان کەمپینی نا بۆ گرتنەوەی ئاوی ئەلۆەن بو لە پەرلەمانی کوردستان، کە دانیشتنێکی تایبەتی بۆ کرا.

**ڕێکخراوی سروشتی کوردستان N.O.K:**

لە بەرواری ٢٠١٢/٦/٥ وەك یەکەمین ڕێکخراوی ژینگەیی لە سەر ئاستی دەڤەری گەرمیان لەلایەن سەروەر محەمەد عەلی, کاروار کەریم, ڕاڤێر سەلاحەوە دامەزراوە. دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە, دامەزراندنی چەندین ڕێکخراو و تۆڕی ژینگەیی لەگەرمیان و دەربەندیخان و شارەزوور بەدوای خۆیدا هێناوە. دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بە قۆناغێکی گرنگی کاری ڕێکخراوەیی ژینگەیی دادەنرێت لە باشوری کوردستان و بەتایبەت لە دەڤەری گەرمیان. لۆگۆی ڕێکخراوەکە لەلایەن خۆگر ئەحمەدەوە دروستکراوە. لە بەرواری ٢٠١٣/٣/٦ مۆڵەتی فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان وەرگرتووە. کاردەکات لە پێناو ژینگەیەکی سەوز و

تەندروست. ئەم ڕێکخراوە ئەندامی پێشوی دەستەی بەڕێوەبردنی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی کوردستان و تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە و تۆڕی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی گەرمیان بوە و هاوکات ئەندامی تۆڕبەندی ئیکۆپۆتامیا بۆ پاراستنی ژینگەی میزۆپۆتامیا بوە و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی تۆڕی زەوی ماڵمانەیە. خاوەنی ٦٦ ئەندامی خۆبەخشە و ٧ ئەندامیان کەسی پسپۆڕن لە بواری ژینگەدا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣وە دەستیبەکار و چالاکی ژینگەیی کردووە و توانیویەتی لەسەر ئاستی باشوری کوردستان و بە تایبەت پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان چەندین کار و چالاکی ژینگەیی ئەنجامبدا. کار و چالاکی ژینگەیی ئەم ڕێکخراوە بە چالاکی ناوازە ئەژماردەکرێن، کە بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی باشوری کوردستان و تەنانەت عێراقیش ئەنجامدرابن.

گرنگترین و ناوازەترین ئەو کار و چالاکیانە:

١- ڕێکخستنی مەراسیمی ماڵئاواییکردن لە دو درەختی بەتەمەن لە دەربەندیخان، بە هاوکاری چەند ڕێکخراوێك.
٢- هەڵمەتی کۆکردنەوەی پاتری لە چەند شارێکی باشوری کوردستان، بە هاوکاری چەند ڕێکخراوێك.
٣- پێدانی ناسنامە و دروستکردنی تۆمار بۆ ژمارەیەك درەختی بەتەمەن لە دەربەندیخان.
٤- پێدانی خۆراك و دانەوێڵە بە ئاژەڵ و باڵندەکان بە شێوەی زۆر تایبەت، لە کاتی بەفربارینداا. بە هاوکاری چەند ڕێکخراوێك.
٥- ڕاگەیاندن و سەرپەرشتی کردنی شۆڕشی سپی- هەڵمەتی بەکارهێنانی تورەکەی قوماشی خامی دۆستی ژینگە لە دژی عەلاگەی نایلۆن.

جگەلەئەنجامدانی ئەم کار و چالاکیە ناوازانـە, سـەدان کـار و چالاکی تـری ژینگەیی ئەنجامداوە, ڕێکخـراوی سروشـتی کوردسـتان لەبـەرواری ٢٠١٥/١١/١٤ لەژێردروشمی( ژینگەیـەکی سـەوز و تەندروسـت ئامـانجی کارمانـە)کۆنگرەی یەکەمی خۆی لەشاری دەربەندیخان سازداوە, لەکۆنگرەکەدا ڕاپـۆرتی دارایـی و ڕاپـۆرتی کاروچـالاکیەکانی لەلایـەن ئەنـدامانی کـۆنگرەوە پەسـەندکراوە, هەروەها پەسـەندکردنی سیسـتەمی هاوسـەرۆکایەتی, کـە بۆیەکـەمین جـارە لەباشـوری کوردسـتان ئـەو سیسـتەمە لەلایـەن ڕێکخراوێکـی ژینگەییـەوە پەیڕەوبکرێت. هاوکات هەڵبژاردنی بۆردی باڵا ئەنجامداوە و لەکۆبوونـەوەی یەکەمی بۆردی باڵاشدا هاوسەرۆکان و جێگر دیـاری کـراون, ئەنجامـەکانیش بەم شێوەی لای خوارەوە بوە:

| ژ | ناوی سیانی | بۆری باڵا | ژمارەی دەنگ |
|---|---|---|---|
| ١ | سەروەر محمد عەلی | هاوسەرۆك | ٢٠ دەنگ |
| ٢ | ئاسودە عوسمان حسن | هاوسەرۆك | ١٧ دەنگ |
| ٣ | شکار سدیق ساڵح | جێگری هاوسەرۆکان | ١٣ دەنگ |
| ٤ | ئاواز غەریب محمد | ئەندامی بۆردی باڵا | ١٣ دەنگ |
| ٥ | کەیوان نامیق تۆفیق | ئەندامی بۆردی باڵا | ١١ دەنگ |
| ٦ | ڕزگار عەلی محمد | ئەندامی بۆردی باڵا | ١١ دەنگ |
| ٧ | ڕەمەزان قادر حسن | ئەندامی بۆردی باڵا | ١٠ دەنگ |

## ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگە AEAO:

لە بەرواری ٢٠١٣/٣/٣ لە پارێزگای هەولێر لەلایەن ئاسۆ ئیسماعیل محەمەد, ئاسۆ محەمەد قادر, دەشتی ئیسماعیل حاجی, ولآت محەمەد تاهیر و سازان عەبدوللا کەریمەوە دامەزراوە. لۆگۆی ڕێکخراو لەلایەن شالاو محەمەد حبیبەوە دروستکراوە. ئەم ڕێکخراوە بە ئامانجی بلآوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و دروستکردنی گروپی ژینگەیی, لە بەرواری ٢٠١٣/٣/١٣ مۆڵەتی فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان وەرگرتووە. کاردەکات بۆ پاراستنی گشت ڕەگەزە ژینگەییەکان, لە بواری هۆشیاریی ژینگەیدا, بەپێی پلانی مانگانە کار و چالاکییەکانی ئەنجامدەدات. زیاتر لە ٢٠٠ سیمینار و ٢٠ خول و هەڵمەتی پاککردنەوە و چەندین چالاکی تریان ئەنجامداوە و خاوەنی ٢٥٠ ئەندامی خۆبەخشن کە ٣٥ یان ئەندامی کاران و ١٥ ئەندامیان پسپۆڕ و شارەزای ژینگەیین.

## ڕێکخراوی ژینگەدۆستانی شارەزوور SH.E.FO:

ئەم ڕێکخراوە یەکەمین ڕێکخراوی ژینگەییە, لەسەر ئاستی قەزای شارەزوور لە بەرواری ٢٠١٣/٧/٤ لەلایەن خەندە محەمەد خالید, ڕێبوار عومەر کەریم, سەروەر محەمەد عەلیەوە دامەزراوە و لە بەرواری ٢٠١٣/٩/٣٠ مۆڵەتی تۆمارکردنی وەرگرتووە و لە بەروار ٢٠١٣/١١/٨ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕاگەیەندراوە. لۆگۆی ڕێکخراوەکە لەلایەن خۆگر ئەحمەدەوە دروستکراوە. ڕێکخراوێکی تایبەتمەندە و بە تایبەتە بۆ ڕەگەزی خاك کاردەکات. ژمارەی ئەندامەکانیان ٩٠ ئەندامی خۆبەخشە. ئەم ڕێکخراوەش چەندین کار و چالاکیان ئەنجامداوە، بە تایبەت لەسەر ئاستی ناوچەی شارەزوور, وەك سیمیناری ژینگەیی و دابەشکردنی نەمام و هەڵمەتی و

هۆشیاریی ژینگەیی. دیارترین چالاکیشیان خۆپیشاندانی منداڵان بە گوڵەوە بوە.

## ڕێکخراوی ژینگەپارێزی بازیان:

ئەم ڕێکخراوە لە ناحیەی بازیان لە بەرواری ٢٠١٢/٣/٦ لەلایەن ملکۆ فارس حارس, لیلیان ئەمیر عەلی و زانا خالید ڕەزا بە ئامانجی پاراستنی ژینگەی بازیان دامەزراوە. لە بەرواری ٢٠١٥/٣/٣ مۆڵەتی فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان وەرگرتووە. کار بۆ گشت ڕەگەزە ژینگەییەکان دەکات. پلانی چالاکیان مانگانەیە و ساڵانەش پلانی سەوزکردنی بازیانیان جێبەجێکردوە و زیاتر لە ٥٠ چالاکی جیاوازیان ئەنجامداوە، کە گرنگترینیان ئەم چالاکیانەن:

١- یەکەمین کۆنفرانسی ژینگەپارێزیی لە بازیان لە ٢٠١٢/١١/٢٨.
٢- پرۆژەی هۆشیارکردنەوە و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پیسبون بە هاوکاری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە بەرواری ٢٠١٣/٨/١٤.
٣- دوهەمین کۆنفرانسی ژینگەپارێزی بازیان لە ٢٠١٥/٢/١٥.
٤- چاندنی ٣٠,٠٠٠ هەزار نەمام وەك پرۆژەی ساڵانە.

## ڕێکخراوی ژینگەدۆستانی گەرمیان:

لە قەزای کەلار لەلایەن ئازاد ئەحمەد عەلی, سەروەر محەمەد عەلی, ڕاڤێر سەلاح سالحەوە لە بەرواری ٢٠١٣/٤/١٦ دامەزراوە و لە بەرواری ٢٠١٣/٥/٣٠ مۆڵەتی تۆمارکردنی وەرگرتووە. لۆگۆی ڕێکخراوەکە لەلایەن خۆگر ئەحمەدەوە دروستکراوە. ئەم ڕێکخراوە یەکێکە لە ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی بواری ژینگە کە تەنها کار بۆ ڕەگەزی هەوا دەکات. بۆ یەکەمینجار لەسەر ئاستی گەرمیان بە هاوکاری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان پرۆژەی هۆشیارکردنەوە و کەمکردنەوەی بەبیابانبونی ئەنجامداوە, کە بە یەکەمین پرۆژەی ژینگەی دادەنرێت کە لەلایەن ڕێکخراوی ژینگەییەوە ئەنجامدرابێت لەو دەڤەرە.

## ڕێکخراوی هۆشیاری ژینگەپارێزی قەلادزێ E.A.O :

ئەم ڕێکخراوە لەلایەن ڕەسوڵ عومەر عەبدوڵلا, عەلی ئەبوبەکر سلێمان, دڵسۆز محەمەد ئەمین بابەکر, ڕاوێژ محەمەد ئیبراهیم, عومەر ڕەسوڵ عەبدوڵلا, هەرێم حەسەن قادر و حەسەن ئیبراهیم لە قەزای قەلادزێ لە بەرواری ٢٠١٣/٣/١٥ دامەزراوە و لە بەرواری ٢٠١٣/٤/٣ مۆڵەتی تۆمارکردنی وەرگرتووە. لۆگۆی ڕێکخراوەکە لەلایەن عومەر محەمەد حەسەنەوە دروستکراوە. ئەم ڕێکخراوە کار بۆ هەرسێ ڕەگەزی ژینگە ئاو، هەوا و خاك دەکات ژمارەی ئەندامانیان ١٥ ئەندامی خۆبەخشە و تەنها یەك ئەندامیان دەرچووی بەشی جوگرافیایە. ٤٥ چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە و دیارترین چالاکیان ئەنجامدانی پرۆژەی هۆشیاری ژینگەیی بۆ قەلادزێ بوە کە ماوەی ٣ مانگی خایاندوە. ئەم پرۆژەیە لە هەریەکە لە ناحیەکانی

ئیسێوە، هێرۆ، ژاراوە، سەنگەسەر، هەڵشۆ و گوندی سونێ و ناوەندی قـەزای پشدەر قەڵادزێ ئەنجامدرا کە چەندین چالاکی جۆراوجۆری لەخۆگرتبو.

## ڕێکخراوی ئاینده بۆ پاراستنی ژینگە:

ئـەم ڕێکخـراوە لـە بـەرواری ٢٠١٣/٤/١٦ لەلایـەن مـەعروف مەجیـد, سـلێمان جەرجیس, کۆچـەر عـەرەب, کـاروان عەبـدولقادرەوە لـە قـەزای چەمچەماڵ دامـەزراوە و لـە بـەرواری ٢٠١٣/٤/٢١ مۆڵـەتی فـەرمییان لـە فەرمانگـەی ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان وەرگرتـووە. لەلایـەن مەولـەود مەجیـدەوە لۆگـۆی ڕێکخراوەکەیان دروستکراوە. ئەم ڕێکخراوە کار بۆ گشت ڕەگـەزەکانی ژینگـە دەکات, بەئامانجی:

١- هۆشیارکردنەوەی هاوولاّتیان لەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی ژینگە.
٢- هەوڵدان بۆ دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی ژینگە لـە لای تاك.
٣- هەوڵـدان و گـەڕان بـە دوای کێشـە سـەرەکیەکانی ژینگـە و چارەسەرکردنیان.
٤- هەوڵدان بۆ توێژینەوەی ژینگەیی لەلایەن کەسانی پسپۆڕ.
٥- فشارخسـتنە سـەر کۆمپانیـا و شـوێنە گشـتیەکان تـا ڕەچـاوی ڕێنماییـە ژینگەیەکان بکەن.
٦- هەوڵدان بۆ زیادکردنی ڕوبەری سەوزایی ناوچەکە.
٧- هۆشیارکردنەوەی هاوولاّتیان لـەو زیادەڕەوییانـەی کاریگـەریی خراپیـان هەیە لەسەر ژینگە.
٨- پاراستن و برەودان بە ژینگەی سروشتی.

ئـەم ڕێکخـراوە خـاوەنی ٤ ئەنـدامی کارایـە کـە ٢یـان پسـپۆڕن. ئـەمانیش چـەندین چـالاکی جۆراوجۆریـان ئەنجامـداوە و لـە ٪٩٥ ی کارەکانیـان بـە سپۆنسەری کەرتی تایبەت بوە. لە گرنگترین کار و چالاکییەکانیان:

١- سەرپەرشتیکردنی چاندنی هەزاران نەمام بە درێـژایی ١٢ کیلۆمـەتر لـە ڕێگای گشتی نێوان چەمچەماڵ و ناحیەی تەکیە, ئەوەش بە هاوکاری ٥ کارگـە و کۆمپانیـا. ئـەم کـارە بـە یـەکێك لـە کـارە زۆر گرنگـەکانی ڕێکخراوی ژینگەیی ئەژماردەکرێت.

٢- پرۆژەی هونەر لـە خزمـەتی ژینگـەدا بـە بەکارهێنانـەوەی بەشێك لـە پاشماوەکان, بە هاوکاری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

## ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە W.O.E.P؛

ئەم ڕێکخراوە لە قەزای سۆران لە بەرواری ٢٠١٣/٦/٢٤ لەلایەن ڕێبین سەعید ملاحـاجی, هـەژار مـاهیر عەبـدولڕحمان, ڕۆژهـات مەهـدی عوسمـان, زرار حەسـەن عـەلی و ڕەفیـق کـەرەم مسـتەفاوە دامـەزراوە و لۆگـۆی ڕێکخـراو لەلایەن فوئاد ڕەحمەت ئەحمدەوە دروستکراوە. لـە گشت بوارەکـانی ژینگـە کاردەکـات و زیـاتر لـە ٣٠٠ ئەنـدامی هەیـە و پلانـی هەفتانـە و مانگانـە و وەرزی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ دانان و ڕێکخستنی کار و چالاکییەکانی. لە پلانی هەفتانەیدا زیاتر لەناو پەروەردە کاردەکات بـە دانـان و دروسـتکردنی لیژنـە و یانـەی ژینگـەیی. پلانـی مانگانـەی خـۆی لـە ئەنجامـدانی گفتوگـۆ کراوەکان و مینیکۆنفرانسدا دەبینێتەوە و پلانـی وەرزیشیان پەیوەسـتە بـە پێشکەشکردنی پرۆژە بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی ژینگەیی، وەك ئەنجامدانی سیمنار و ۆرکشۆپ و کردنەوەی خول بۆ ناوچـەکانی دەرەوەی سـۆران. زیـاتر لـە ٢٠٠ چـالاکیی جۆراوجۆریـان

ئەنجامداوە، وەك دروستکردنی یانەی ژینگەیی، بلاّوکردنەوەی هۆشیاریی، ۆرکشۆپ, سیمنار، پێشانگا، بەدواداچوون، ڕێزلێنان لە کەسانی ژینگە دۆست، کۆبوونەوە, گردبونەوە.

## ڕێکخراوی ئاژەڵپارێزانی کوردستان K.A.P.O:

ئەم ڕێکخراوە لە شاری سلێمانی لە بەرواری ٢٠١١/٤/٦ دامەزراوە لەلایەن ئومید ڕەزا محەمەد, م. سەیوان ئەفراسیاو , د. عەبدولقادر ڕەشید, د. نیهایەت ڕەشید, کاوان ئەبوبکر, د. ئاراس عەزیز, د. سەنا عەبدولڕەحمان. لە ٢٠١٣/٩/٢ مۆڵەتی فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان وەرگرتووە. ڕێکخراوێکی تایبەتمەندە و تەنها لە بواری ئاژەڵپارێزییدا کاردەکات، بە ئامانجی پاراستنی ئاژەڵاّن لە باشوری کوردستان. گرنگترین کار و چالاکی ئەم ڕێکخراوە:

١- دروستکردنی پەناگە بۆ ئاژەلاّنی سەرجادە – بێخاوەن.
٢- ئەنجامدانی چەندین خول و سیمیناری تایبەت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەلگە.
٣- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە پاراستنی ئاژەلاّن.

## فیدراسیۆن و تۆڕە ژینگەییەکان لەباشوری کوردستان:

### تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە:

لە پێناو کەمکردنەوەی سەرچاوەی مەترسییەکان لەسەر ژینگەی باشوری کوردستان کە بەردەوام ڕو لە زیادبونن و بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە و فشار خستنەسەر لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان بۆ پەیڕەوکردن و پابەندبون بە یاسا ژینگەییەکان, لە بەرواری ٢٠١٢/٢/١٣ لە

شـاری سـلێمانی بـە دەستپێشـخەری ڕێکخـراوی CSI و بـە ئامـادەبونی نوێنـەری ژمارەیـەك گـروپ و ڕێکخـراو و کۆمەڵـە و چـەند کەسـایەتییەکی ئەکادیمی لە بواری ژینگەدا, تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە دامەزرا.

دواتــر لــە پــرێس کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەوانیـدا لـە بـەرواری ٢٠١٢/٧/٢٨ ڕاگەیەنـدرا, ئەنـدامانی دەسـتەی دامەزرێنـەری تـۆڕی هاوڕێیـانی ژینگـە بریتیبون لەم کەسایەتی و ڕێکخراوە ژینگەییانەی لای خوارەوە:

١. مەریوان کەریم فەتاح - کۆمەڵەی بوژانەوەی شار.
٢. ئازەر عوسمان - گروپی سولی ئۆن.
٣. ئاوات حسێن محەمەد - گروپی خاوێن دۆستی ژینگە.
٤. محەمەد مەحمود محەمەد - چالاکوانی بواری ژینگە.
٥. غەریبە سەردار ساڵەح - فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی.
٦. هاژە تاهیر عەلی - فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی.
٧. د. ڕێزان حەمە ڕەشید - مامۆستای زانکۆ.
٨. شەهریار تۆفیق سان - بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری سلێمانی.
٩. نیاز محەمەد فەتاح - کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز.
١٠. د. سدیق شێخ مەحمود بەرزنجی - شارەزای بواری ژینگە.
١١. ژێنۆ خالید - مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلێژی کشتوکاڵ.
١٢. سەبریە عەبدوڵا ساڵەح - سەرپەرشتیاری پسپۆڕیی زیندەوەرزانی.
١٣. ڕۆژان فەرەیدون - مامۆستای زانکۆ.
١٤. د. ساڵەح نەجیب مەجید - مامۆستای زانکۆ.
١٥. نامۆ شەریف - ڕێکخراوی CSI.
١٦. شۆڕش ئەمین - ڕێکخراوی CSI.

دوای دامەزراندنی ئەم تۆڕە ژینگەییە, یەکەمین هەڵبژاردن بۆ دەستەی بەڕێوەبردن لە شاری سلێمانی ئەنجامدرا. دوای نزیکەی دوساڵ کارکردنی بەردەوام و ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی ژینگەیی، لەلایەن ئەندامەوە کە خاوەنی سێ ڕێکخراوی ژینگەیی بون, بەبێ گەڕانەوە بۆ دەستەی بەڕێوەبردن، مۆڵەتی تۆمارکردن بۆ تۆڕەکە لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان وەردەگیرێت. دواتر لە بەرواری ٢٠١٤/٦/٢٦ لە هۆڵی ڕێکخراوی C.D.O لە شاری سلێمانی هەڵبژاردنێك ئەنجامدەدرێت و دەست بەسەر تۆڕەکەدا دەگرن.

**فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی هەرێمی کوردستان:**

بۆ یەکخستنی کارەکانیان و لە پێناو باشکردنی ڕەوشی ژینگە بە دەستپێشخەری دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم و بە ئامادەبونی نوێنەرانی ١٨ کۆمەڵە و سەنتەر و ڕێکخراوی ژینگەیی، لە دوای سێ کۆبونەوە لە پارێزگای هەولێر، لە بەرواری ٢٠١٢/١٢/١٥ فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزی هەرێمی کوردستان دامەزرا. لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەستەی بەڕێوەبردن کە بریتیبو لە ٧ کەس، هەڵبژێردراون. حەوت کەسەکەش بەپێی پارێزگا و ئیدارەکان بەمشێوەیە هەڵبژێردران: یەکی دو نوێنەر بۆ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی، یەکی یەك نوێنەر بۆ پارێزگاکانی دهۆك و کەرکوك و ئیدارەی گەرمیان. کار و بەردەوام بوونی ئەم فیدراسیۆنە تەنها چەند مانگێکی خایەند و تەمەنی درێژنەبو, بۆیە کارەکانی تا ئێستاش بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. ململانێی حیزبایەتیش بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان دادەنرێت بۆ هەڵپەساردنی کارەکان.

**تۆڕی ژینگەپارێزانی هەولێر:**

لەپێناو کاری پێکەوەیی، تۆڕی ژینگەپارێزانی هەولێر لـە بـەرواری ٢٠١٣/٧/١ لـە پارێزگـای هـەولێر دادەمـەزرێت و ڕادەگەیـەنرێت. ئـەم تـۆڕە ژینگەییـە توانیویەتی ڕێکخراوەکان لـە بازنەیەکدا کۆبکاتـەوە کـە لـە ٢٤ ڕێکخـراو و ٣ سـەنتەری و ٣ کۆمەڵـەی ژینگـەیی پێکهاتووە. ئـەم تـۆڕە زیـاتر لـە سـنوری پارێزگـای هـەولێردا کاردەکـات و تـۆڕێکی تۆمارنـەکراوە لـە فەرمانگـەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

**تۆڕی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی گەرمیان:**

بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی گەرمیان لەژێر یەك چەتردا و لـە پێناو یەکخستنی تواناکان و دروستکردنی کۆدەنگی لەسەر ئاسـتی گـەرمیان، لـە بـەرواری ٢٠١٣/٨/١٤ تـۆڕی ڕێکخـراوە ژینگەییـەکانی گـەرمیان لـە قـەزای کـــەلار دادەمـــەزرێت لەلایـــەن ڕێکخراوەکـــانی (سروشـــتی کوردســـتان، ژینگەدۆســتانی گــەرمیان). لــە بــەرواری ٢٠١٣/١٠/١ مۆڵــەتی فــەرمی لــە فەرمانگـەی ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان وەردەگـرن. لۆگـۆی تۆڕەکـە لەلایـەن ئامانج عومەرەوە دروستکراوە. ٥ ڕێکخراوی ژینگەیی لە تۆڕەکـەدا ئەنـدامن کـە بـریتین لـەم ڕێکخراوانـە: ڕێکخـراوی سروشـتی کوردسـتان، ڕێکخـراوی ژینگەدۆسـتانی گـەرمیان، ڕێکخـراوی ئـەڵوەن بـۆ پاراسـتنی ئـاو، ڕێکخـراوی نەمام بۆ گەشەپێدانی سەوزایی و کۆمەڵەی کوردسـتانێکی سـەوز - ناوەنـدی گەرمیان. تۆڕەکە بۆ دوخول دەستەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردوە. لە بەرواری ٢٠١٤/٨/١٧یـش یەکـەمین کۆنفرانسـی گشـتی بـۆ هەڵبژاردنـەوەی دەسـتەی بەڕێوەبردن ئەنجامداوە.

**تۆڕی زەوی ماڵمانە:**

تــــۆڕێكی خۆبەخشــــانەیە. هۆكــــاری دامەزرانــــدنی ئــــەم تــــۆڕە وەك ئەڵتەرناتیڤێكە بۆ تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە، كە لەسـەر دەسـتی زۆربـەی ئـەو ئەندامانـەی كـە لـە خـوارەوە ناویـان هـاتوە، دامـەزرابو. بـە درێـژایی مـاوەی دامەزرانـدنی تـاكو بـەرواری ٢٠١٤/٦/٢٦، تـۆڕی هاوڕێیـانی ژینگـە چـەندین چـالاكی هەمەلایەنـەی بـۆ پاراسـتنی ژینگـە ئەنجامـدا، بـەلاّم لەلایـەن دو ئەندامـەوە بـە لاڕێـدا بـرا و دەستیبەسـەرداگیرا. لـە پێنـاو درێـژەدان بـە كارەكـانی تـۆڕی هاوڕێیـانی ژینگـە و پاراسـتنی ژینگـە و هەوڵـدان بـۆ ڕەخساندنی ژینگەیەكی لەبار و دروست بۆ ژیانێكی تەندروست, تۆڕی زەوی ماڵمانە لە ٢٠١٤/٩/١ لە شاری سلێمانی دامەزراوە. لەلایـەن ئـەم ئەندامانـەی خوارەوە.

**دەستەی دامەزرێنەر:**

١- د. ساڵەح نەجیب مەجید - مامۆستا زانكۆ.
٢- د. ڕۆژان فەرەیدون عەبدولڕەحمان - مامۆستای زانكۆ.
٣- د. ئازاد حەمە ئەحمەد شێخانی - مامۆستای زانكۆ.
٤- ئاواز كەریم شەریف - مامۆستای زانكۆ.
٥- ژینۆ خالید محەمەد - مامۆستای زانكۆ.
٦- خەندە محەمەد خالید - ڕێكخراوی ژینگەدۆستانی شارەزوور.
٧- نامۆ شەریف مەجید - ڕێكخراوی C.S.I.
٨- سەروەر محەمەد عەلی - ڕێكخراوی سروشتی كوردستان.
٩- هەژار وەهاب عوسمان - ڕێكخراوی ئاران.
١٠- مهاباد حسێن جەلال - ئەندازیاری كیمیایی.

١١- ديلمان ئیبراهیم - فەرمانبەر.

١٢- ساڵەح ڕەحمان محەمەد - ڕۆژنامەنوس.

١٣- شۆڕش ئەمین - چالاکی مەدەنی

١٤- شاگوڵ ئەبوبەکر عەلی - جیۆلۆجی.

بە ژمارە ٢٣٣٣.ك لە ٢٠١٤/١/٢٨ مۆڵەتی فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان وەرگرتووە و لە بەرواری ٢٠١٥/٣/٣١ یەکەمین کۆنفرانسی خۆی ئەنجامداوە و ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و ڕێکخەری گشتی هەڵبژاردوە. لە هەمان ڕۆژیشدا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا تۆڕەکە ڕاگەیاندراوە. یەکەمین چالاکی لە بەرواری ٢٠١٥/٤/١٦ ڕۆژی ژینگەی کوردستاندا ئەنجامداوە.

**ئەنجومەنی هەڵبژێردراو بۆ بەڕێوەبردنی تۆڕ بریتین لە:**

١- د. ڕۆژان فەرەیدون - ڕێکخەری گشتی

٢- نامۆ شەریف مەجید - جێگری ڕێکخەری گشتی

٣- م. ژینۆ خالید محەمەد - ئەندام

٤- سەروەر محەمەد عەلی - ئەندام

٥- ساڵەح ڕەحمان محەمەد - ئەندام

٦- م. خەندە محەمەد خالید - یەدەك

٧- هەڵۆ ئەبوبەکر — یەدەك

# بەشی پێنجەم

## داهاتی ڕێکخراوە ژینگەییەکان:

کاری سەرجەم ئەندام و بەرپرسی ڕێکخراوە ژینگەییەکان بە شێوەی خۆبەخشانەیە, واتا بەبێ بەرامبەر کاری ڕێکخراوەیی ژینگەیی دەکەن, تەنانەت هەندێك جار بڕە پارەی خۆیان دەخەنە خزمەت ڕێکخراوەکەوە, لەپێناو خزمەتکردن بە ژینگە چاوەڕوانی بەدەستهێنانەوەی ناکەن. پاڵپشتی دارایی ڕێکخراوە ژینگەییەکان دابەشدەبێت بەسەر چەند شوێن و لایەنێکدا. بە گشتی ڕێکخراوەکان و تۆڕە ژینگەییەکان بۆ کار و چالاکییەکانیان پشت بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەبەستن, کە ئەمەش بە یەکێك لە سەرچاوە داراییە سەرەکیەکان دادەنرێت، کە لە ڕێگەی پرۆژە پێشکەشکردنەوە دەتوانن وەریبگرن. لە دوای دەرچوونی پرۆژەکە لە لیژنەی هەڵسەنگاندی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان. ئەم ڕێگایەش بۆ بەدەستهێنانی داهات بە شێوەی بەردەوام نیە, بەڵکو ڕێکخراوێك دەتوانێت لە ساڵێکدا یەك جار یان دو جار پرۆژە بدات بە فەرمانگە. تەنانەت هەندێکجار پرۆژەکە کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، دەرناچێت, ئەمەش کاری هەندێك لە ڕێکخراوەکان قورسدەکات.

کۆمەڵە و سەنتەرە ژینگەییانەیش بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی داهات بۆ کار و چالاکییەکانیان پشت بەو نەسریەیە دەبەستن کە مانگانە وەك هاوکاری کۆمەڵەکان، لە ڕێگەی وەزارەتی داراییەوە وەریدەگرن و سەنتەرەکانیش لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە وەریدەگرن. بەشێکی تر لە ڕێکخراو و کۆمەڵە و سەنتەرەکان پشت بەکاری سپۆنسەر دەبەستن, یان پشت بە ئابونەی مانگانە یان ساڵانەی ئەندامان دەبەستن. بەشێکی تریش

پشت بە ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان دەبەستن بۆ پرۆژەكانیان. بەشێكی تریشیان كە توانایان نیە بۆ بەدەستهێنانی داهات لەو لایەنانەی سەرەوە یان چانسی بەدەستهێنانی نابێت, ناچاردەبێت كە پشت بە حیزب ببەستێت، واتە لە ژێر سێبەری حیزبدا كاربكات. ئەم ڕێگەیەش بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی بە ڕێگەیەكی باش دانانرێت, چونكە حیزب دەبێت بە سێبەر و دەست وەردەداتە نێو كار و بارە نێوخۆییەكان و زۆر بە ئاسانی توانای جێگۆڕكێی كەسەكان و دەسەڵاتەكانی دەبێت و دەتوانێت كار و چالاكی و پرۆژەكان ڕابگرێت. یان سنوری چالاكیەكان دیاری بكات ئەمەش بەربەستی گەورە دروستدەكات لە بەردەم هەنگاوەكان و كارەكان و لە ئامانجی خزمەتكردن بە ژینگەوە دەگۆڕدرێت بۆ خزمەتكردن بە حیزب.

## چۆن ڕێكخراوێكی ژینگەیی دادەمەزرێنیت؟

ڕێكخراو چیە؟

ڕێخكراو: گروپێكن لە خەڵك كە پێكەوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك كاردەكەن.

ڕێكخراوە ناحكومیەكان: نەتەوە یەكگرتووەكان ئەم مەرجانەی دیاریكردوە بۆ دامەزراندنی ڕێكخراوێكی ناحكومی:

١- نابێت هەوڵی قازانج بدات.

٢- نابێت بۆ بازرگانی بێت.

٣- دەبێ ناحكومی بێت.

٤- دەبێ بەیاسا تۆماربكرێت.

٥- دەبێ وابەستە بێت بە بەها و كردە مرۆییە جیهانییەكانەوە.

بۆ دامەزراندنی ڕێکخراو پێویستیمان بە سێ بنەمایە وەك هەنگاوی سەرەتا:

- خولیا.
- ژمارەیەك کەس کە هاوئامانجبن.
- پەیوەندی چاك و دروست لەگەڵ کەسانی سودمەند.

بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکەت ڕێکخراوێکی ژینگەیی ئاستبەرز بێت، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەیت:

- هەڵگری ئامانج و بەهایەکی ئاشکرای ڕێکخراوەیی بیت و ئەو ڕەگەزە ژینگەییە بە ڕونی دەستنیشان بکەیت کە دەتەوێت وەك تایبەتمەندی کاری تێدابکەیت. ئەو چارەسەرەش بزانیت کەدەتەوێت بیگریتە بەر، لە پێناو ژینگەدا, چ لە ڕێگەی داکۆکی و فشارەوە بێت، چ لە ڕێگەی پرۆژە جێبەجێکردنەوە بێت.
- چڕکردنەوە و بتەوردنی پەیوەندیت لەگەڵ ئەو کەسانەی سودمەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆن لە ڕێکخراوەکەت. ئەمەش لەسەر بنەمای متمانە و ڕێزلێگرتن دەبێت.
- کارکردن و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی یەك ئامانج، بۆ ئاسانکردنی بەجێگەیاندنی کارەکان.
- بونیادنانی توانا پیشەییەکانت و هاوبەشیکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی بواری ژینگە.

**پێکهێنانی ڕێکخراوی ژینگەیی خاوەن ئەندام:**

کەسانێکی هاومەبەست و هاوئامانج پێکەوە لە دانیشتنێکدا, دەستەی دامەزرێنەر پێکدەهێنن. پاشان پێشنیازی ناوی ڕێکخراوەکە و لۆگۆ و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە دەکەن. بەپێی یاسایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١١ی یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان, لە نوسین و داڕشتنی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکەدا، پێویستە ئەم خالآنەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت, کە لە لایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان-بەڕێوەبەرایەتی تۆمارەوە کراوە بە مەرج:

- بەشی یەکەم/ ناسنامەی ڕێکخراو/ ماددەی یەکەم: خاڵبەندیکردنی ناوی ڕێکخراو بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، کورتکراوەی ناو، لۆگۆ, پێناسە, ناونیشان و بواری کارکردن.
- بەشی دوهەم/ ئامانجەکان/ ماددەی دوهەم: خاڵبەندیکردنی ئامانجی ڕێکخراو و چۆنیەتی گەیشتن بەو ئامانجانە.
- بەشی سێهەم/ ئەندامێتی/ ماددەی سێهەم: خاڵبەندیکردنی مافەکان, ئەرکەکان, مەرجەکان, سزاکان و لەدەستدانی ئەندامێتی ئەندام.
- بەشی چوارهەم/پەیکەری ڕێکخراوەیی/ ماددەی چوارهەم: خاڵبەندیکردنی دەستەی گشتی و دەسەلآتەکانی, ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و دەسەلآتەکانی, دەستەی کارگێڕی و دەسەلآتەکانی, دەسەلآتەکانی سەرۆك و جێگری سەرۆك, بەشەکانی دەستەی کارگێڕی.
- بەشی پێنجەم/ داهاتی ڕێکخراو و ژمێریاری/ ماددەی پێنجەم: خاڵبەندیکردنی داهاتی ڕێکخراو و ژمێریاری و چاودێری.

- بەشی شەشەم/ تۆمارەكانی ڕێكخراو/ ماددەی شەشەم: خاڵبەندیكردنی ٤ تۆماری سەرەكی ڕێكخراو: ئەندامان, بنەڕەت, ژمێریاری, بڕیارەكان و تۆمارە لاوەكیەكانی تر..
- بەشی حەوتەم/ پرەنسیپەكانی كاركردن/ ماددەی حەوتەم: پرەنسیپی كاركردنی ڕێكخراو.
- بەشی هەشتەم/ حوكمە گشتیەكان/ ماددەی هەشتەم: هەڵوەشانەوە و یەكگرتنی ڕێكخراو.

## چۆن ڕێكخراوێك یان كۆمەڵەیەك تۆماردەكەیت؟

**ڕێكخراو،** بەپێی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١١ی ڕێكخراوە ناحكومیەكان, لەباشوری كوردستان, ڕێكخراوی ناحكومی لە كۆمەڵێك كەسی ئاسایی, یان مەعنەوی پێكدێت و ڕێكخراوەكە خاوەن كەسایەتیەكی مەعنەویی دەبێت و هەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی دەدات.

دامەزراندنی ڕێكخراو مافێكی دەستورییە و نابێت هیچ ئاستەنگێك لە دەرەوەی مەرجی یاسایی لە بەردەم دامەزراندنیدا بۆ تۆمار كردنی ڕێكخراو دروستبكرێت. ئەندامانی دامەزرێنەر كە مەرجە ژمارەیان لە سێ كەس كەمتر نەبێت، داوایەك كە لەلایەن هەموویانەوە واژۆكرابێت پێشكەش بە فەرمانگەی تایبەت بە تۆماركردنی ڕێكخراوەكان دەكەن. هاوپێچیش لەگەڵ داواكەدا، پەیڕەوی ناوخۆی ڕێكخراوەكە و ئەم زانیاریانەی تریش: ناوی ڕێكخراوەكە، مەبەست و ئامانجەكانی, پەیكەری ڕێكخراوەیی, چۆنیەتی كاركردن. لەگەڵ ناو و نازناوی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، ڕەگەزنامە, تەمەن, پیشە, ئاستی خوێندن, شوێنی نیشتەجێبون.

**تۆڕی ڕێکخراوەکان:** ڕێکخراوێکی ناحکومیە بە گوێرەی حکومەکانی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان, لە چەندین ڕێکخراو پێکدێت و خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوییە. هەر بەپێی ئەو یاسایە، دو ڕێکخراوی تۆمارکراو یان زیاتر مافی دامەزراندنی تۆڕێکیان هەیە لەنێوان خۆیاندا. ئەو تۆڕی ڕێکخراوانەی هەوڵدەدات کەسایەتییەکی مەعنەوی بەدەستبهێنێت. بۆ ئەوەش، دەبێت داوایەکی تۆمارکردن بە گوێرەی یاسا بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان پێشکەشبکات. بەوەش ڕێکخراوەکە کەسایەتییەکی مەعنەوی بەدەستدەهێنێت کە سەربەخۆیە لەو کەسایەتیە مەعنەوی و بەرجەستانەی پێکیدەهێنن. دو تۆڕ یان زیاتر لە تۆڕی ڕێکخراوەکان بۆیان هەیە بچنە پاڵ یەکتر و دەکرێت تۆڕی ڕێکخراوەکان لە ڕێکخراوی کوردستانی یان عێراقی یان بیانی پێکبێت و هەر کەسێکی ئاسایی, یان مەعنەوی بۆی هەیە ببێتە ئەندام تێیدا. ئەو تۆڕەی تۆمار نەکرابێت، یاسایی دەبێت، بەڵام کەسایەتی مەعنەوی بەدەستناهێنێت.

**کۆمەڵە:** کۆمەڵە کەسێکە سیفەتێکی هەمیشەییان هەیە و بریتین لە چەند کەسانێکی ئاسایی یان مەعنەوی و بۆ مەبەستێك کە قازانجی ماددی تێدانەبێت.

بەپێی یاسای ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣ی یاسای کۆمەڵەکان, بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە مەرجە داوایەك پێشکەش بە وەزیری ناوخۆ بکرێت کە لەلایەن ئەندامە دامەزرێنەرەکانەوە ئیمزاکرابێت, بەمەرجێ ژمارەیان لە ١٥ئەندام کەمتر نەبێت و هەمو بەپێی یاسا شیاوبن و پەیڕەوی ناوخۆی پێوە هاوپێچ بێت و ئەم زانیارییانەی تێدا بێت: ناوی کۆمەڵە و مەبەست لە دامەزراندنی, ناوی هەمو ئەندامە دامەزرێنەرەکان و نازناو و ڕەگەزنامە و

پیشەیان و شوێنی دانیشتنیان و بڕوانامە و پلەی زانستییان, مەرجەکانی ئەندامێتی و لەدەستدانی مافی ئەندامێتی, سەرچاوەی دارایی کۆمەڵە, ئەو دەستانەی کە نوێنەرایەتی کۆمەڵە دەکەن و کاروباری هەڵسوڕاندنی دەگرنە ئەستۆ و تایبەتمەندی هەریەکێکیان و ڕێگای هەڵبژاردن و کۆتایی پێهێنانیان. **سەنتەرە ژینگەییەکانیش** بەپێی هەمان یاسای کۆمەڵەکان مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرن، بەلام بە ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری/ بەشی سەنتەرەکان.

## بەشی شەشەم

# ژینگـە و ڕێکخـراوە ژینگەییـەکان لەڕاگەیانـدن و چـاپەمەنیی کوردیدا

بەرنامەی ژینگەیی لە ڕادیۆ و تەلەفیزۆینەکانی سلێمانی:

**تەلـەفیزیۆن:** لـە تەلـەفیزیۆنی گـەلی کوردسـتان, لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٩١ بەرنامەیەکی زانستی پێشکەشدەکرا, بـە نـاوی بەرنامـەی ئاسـۆی زانسـت لـە ئامـادەکرن و پێشکەشـکردنی م. موحسـێن عـەلی ئەحمـەد کـە بەشـێوەی خۆبـەخش کـاری تیـاداکردوە، لـە بەرنامـە تەلەفیزیۆنییەکەیـدا گۆشـەیەك تایبــەت دەکــات بــە هۆشــیاریی ژینگــەیی و چــالاکییەکانی کۆمەڵــەی کوردسـتانێکی سـەوز, ئـەم بەرنامەیـە ٣٧ ئەڵقـەی لێ پێشکەشـدەکرێت, تـا سـەرەتای سـاڵی ١٩٩٣. پاشـان (ك.ك.س) کـار بـۆ پێشکەشـکردنی چـەندین بەرنامــەی ژینگــەیی دەکـات. یەکـەمین بەرنامــەی تەلـەفیزیۆن بـە نـاوی بەرنامەی ژینگە پێشکەشکراوە, لـە بـەرواری ١٩٩٧/١/٤ لەسـەر ئاسـتی شـاری سلێمانی, پاشـان نـاوی بەرنامەکـە گۆڕاوە بـۆ بەرنامـەی ژینگـە و ژیـان کـە لەلایەن سدیق شـێخ لـەتیف پێشکەشـکراوە، بـە شـێوەی هەفتانـە و لەلایـەن شــــەماڵ عەبــــدولڕەحمان مــــوفتی بەرنامەکــــە ئامــــادەکراوە و بابەتــــە ئینگلیزییەکانیشی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمـانی کـوردی. یەکـەمجار بەرنامەکـە لـە تەلـەفیزیۆنی یـەکگرتوو لـە سـلێمانی پەخشـدەکرا, پاشـان بەرنامەکـە دەنێـردرا بـۆ تەلەفیزیۆنـەکانی سۆسیالیسـت, زەحمەتکێشـان, ئـازادی, گـەلی کوردستان جارێکیتر پەخشدەکرایەوە. ئـەو بەرنامـە ژینگەییـە زیـاتر لـە ٨٠ ئەڵقــەی لێپەخشـکراوە. بەرنامەکــە تــا ســاڵی ١٩٩٨ بــە نــاوی کۆمەڵــەوە پێشکەشـکراوە, پاشـان بـەردەوامی هـەبوە تـا سـاڵی ٢٠٠١. لەلایـەن سـتافی

دواتری (ك.ك.س)وە درێژەدراوە بە پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی ژینگەیی لە تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستانەوە بۆ خستنەڕوی کێشە و گرفتە ژینگەییەکان و کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەکە بە ناوی کوردستانێکی سەوزەوە. لە ساڵی٢٠٠٢ەوە بەرنامەکە پەخشدەکرێت. ماوەی بەرنامەکە ٢٠ خولەك بوە , کە لە ئامادەکردنی سەربەست عەبدولڕەحمان و لە پێشکەشکردنی تریفە حسێن عارف و سۆزان ئەنوەر دەبێت, کە بە شێوەی خۆبەخش پێشکەشی دەکەن. بەلاَم دیار نیە چەند ئەڵقەی لێ تۆمار و پێشکەشکراوە و پاش تۆمارکردنی بەرنامەکە, کۆپی لێدەدرا بە تەلەفیزیۆنە ناوخۆییەکانی شاری سلێمانی و بلأودەکرایەوە. بەرنامەکە بۆماوەی دو ساڵ بەردەوامی دەبێت.

**ڕادیۆ:** پێشکەشکردنی یەکەمین بەرنامەی ژینگەیی لەڕادیۆ لە بەرواری ١٩٩٧/٧/١٢ لە ڕادیۆی یەکگرتوو دەنگی سلێمانی, لە ئامادەکردنی شەماڵ عەبدولڕەحمان موفتی و پێشکەشکردنی سدیق شێخ لەتیف بە شێوەی هەفتانە، بەلاَم دیار نیە چەند ئەڵقەی لێ پێشکەشکراوە, تا ساڵی ١٩٩٨ بە ناوی کۆمەڵەوە پێشکەشکراوە, پاشان بەردەوامی هەبوە تا ساڵی ٢٠٠١.

**بەرنامەی ژینگەیی لە ڕادیۆ و تەلەفیزۆێنەکانی هەولێر ١٩٩٢ تا ١٩٩٤ :**

**تەلەفیزیۆن:** پێشکەشکردنی یەکەمین بەرنامەی ژینگەیی لەسەر ئاستی شاری هەولێر بە ناوی ژینگە و مرۆڤ لە تەلەفیزیۆنە ناوخۆییەکانی زەحمەتکێشان, گەلی کوردستان, یەکگرتن, هەولێر, گولأن٢ لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی عبدولڕەحمان سدیق بە هاوکاری ئوسامە جەمیل. پێشکەشکردنی بەرنامەکە لە مانگی ٩ ی ساڵی ١٩٩٢ تا مانگی ٨ ی ساڵی ١٩٩٣ بەردەوام بوە...

**ڕادیۆ:** پێشکەشکردنی یەکەمین بەرنامەی ژینگەیی لەسەر ئاستی شاری هەولێر, لە ڕادیۆی مەڵبەندی سێی (ی.ن.ك), لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی عبدولڕەحمان سدیق. هاوکات لە ڕادیۆی ناوخۆی حیزبی شیوعیی کوردستانیش بەرنامەی ژینگەیی پێشکەشکراوە لە ئامادەکردنی عەبدولڕەحمان سدیق و لە پێشکەشکردنی کاوە و نازدار.

**یەکەمین کتێبی ژینگەیی بە زمانی کوردی:**

بەهۆی شالاّوی پیسکەرە ژینگەییەکان کە زۆر بە خێرای سنوری هەمو ولاّتێك دەبڕن و کارەساتی کوشندە دروستدەکەن, وەك هەوڵێك بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد, لەو مەترسیانەی بە هۆی کاریگەری مرۆڤەوە لەسەر ژینگە دروستدەبێت و بەهۆی نەبونی هیچ جۆرە سەرچاوەیەك دەربارەی ژینگە بە زمانی کوردی! بەڕێز م. سدیق شێخ مەحمود بەرزنجی لە ۱۹۹٥/۱/۱ دەست بەنوسینی یەکەمین کتێبی ژینگەیی بە زمانی کوردی دەکات و لە ۱۹۹۹/٦/٥ لە ڕۆژی جیهانی ژینگەدا تەواویدەکات. کتێبەکە بە ناوی کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیسکردندا. نوسەری کتێب بە هۆی نوسینی ئەو کتێبەوە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاّحەدین - بەشی زانست لە ۲۰۰۰/٤/٤ پلەی دوکتۆرای فەخری لە بواری ژینگە و پیسبوندا پێدەبەخشرێت و چاپخانەی زانکۆی سەلاّحەدینیش لە ساڵی ۲۰۰۱ کتێبەکەی بۆ لەچاپدەدات و چاپی یەکەمی دەکەوێتە بەردیدەی خوێنەران. ئەم کارەی نوسەر وەك مامۆستایەکی زانکۆ و کادیرێکی ڕێکخراوەی ژینگەیی بە کار و خزمەتێکی گەورە لە بواری ڕۆشنبیری ژینگەیی دادەنرێت لە باشوری کوردستان, بەتایبەت لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە وەك سەرچاوەیەکی زانستی ژینگە, سودی لێ وەردەگیرێت.

**یەکەمین ڕۆژنامەی ژینگەیی:**

یەکەمین بڵاوکراوەی ژینگەیی بەناوی کوردستانێکی سەوز لەلایەن (ك.ك.س) لەسەر ئاستی باشوری کوردستان بڵاودەکرایەوە, کە لە چوار لاپەڕە بە قەبارەی A٤ پێکهاتبو, ژمارە سفری لە بەرواری ٢٠٠٥/١٢/١ لە شاری سلێمانی بڵاوبویەوە. بڵاوکراوەکە کە ٤ ژمارەی لێبڵاوکرایەوە, بە شێوەی مانگانە دەرچووە. دواتر لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن مۆڵەتی فەرمی بە ژمارە ٢٣٧ لە بەرواری ٢٠٠٦/٣/١٢ دەدرێت بە بڵاوکراوەی کۆمەڵەکە. دوای دەرچواندنی ٣ ژمارەی بڵاوکراوەکە, (ك.ك.س) بۆ یەکەمین جار ڕۆژنامەیەك بەناوی کوردستانێکی سەوز لە شاری سلێمانی دەردەکات, ئەم ڕۆژنامەیە تەواوکەری بڵاوکراوەی پێشوو دەبێت و ژمارە ٤ی ڕۆژنامەکە لە بەرواری ٢٠٠٦/١٢/٦ بەشێوەی مانگانە بڵاودەکرێتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی ژینگەیی دەبێت, بەڵام دیارنیە چەند ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. جەلال حەمە غەریب وەك خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە و سەربەرست عەبدولڕەحمان عەزیز وەك سەرنوسەر و هەڵۆ جەلال وەك بەڕێوەبەری هونەری کاری تێدادەکەن. ئەم بڵاوکراوە و ڕۆژنامە ژینگەییە تەواوی نوسین و وێنەکانی تایبەت بە ژینگە دەبن. لە ڕێگەی بابەت و وێنەکانەوە بە شێوەی ڕەخنە ئامێز کێشە و گرفتە ژینگەییەکان لە باشوری کوردستان دەخاتەڕو.

**گۆڤاری ژینگەیی:**

لەلایەن ڕێکخراوی پاراستنی ژینگەوە لە کەرکوك لە ساڵی ٢٠٠٨ یەکەمین گۆڤاری ژینگەیی بە قەبارەی ئەی فۆڕی ٦٠ لاپەڕەیی بە ناوی ژینگە و سروشت بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بۆ ماوەی دوساڵ بە شێوەی وەرزی دەرچووە. نزیکەی ٨ ژمارەی لێ دەرچووە. سەرنوسەری ئەم گۆڤارە سەعید حەمید بوە و خاوەنی ئیمتیاز ڕێکخراوەکە بوە.

دوهەمین گۆڤار بە ناوی ئایندەی ژینگەوە کە سەرنوسەرەکەی مەعروف مەجید بو، لەلایەن ڕێکخراوی ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە لە بەرواری ٢٠١٤/٤/١٦ لە شاری چەمچەماڵ دەرکراوە. بەشێوەی وەرزی دەرچووە و لەلایەن کەرتی تایبەتەوە سپۆنسەری کراوە.

جگە لەم گۆڤارە ژینگەییانەی کە لەلایەن ڕێکخراوە ژینگەییەکانەوە بلاَوکراونەتەوە, گۆڤاری ژینگەیی تریش هەبوە کە لەلایەن فەرماندەیی پێشمەرگەی پاراستنی ژینگەوە بە ناوی ئاسۆی ژینگەوە بە شێوەی مانگانە دەرکراوە. لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٦یش لەلایەن هێزی دهۆکی هەمان فەرماندەییەوە یەکەم ژمارەی گۆڤاری ژینگە کە وەرزی بوە بلاَوکراوەتەوە. وەزارەتی ژینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە هەولێر هەردو گۆڤاری ژینگە و ژیان و ژینواری دەرکردوە:

- **گۆڤاری ژینگە و ژیان:** گۆڤارێکی مانگانە بوە کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ بە تیراژی ١٥٠٠ دانە دەرچووە و تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ توانراوە١٣ ژمارەی لێچاپ و بلاَوبکرێتەوە. خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە دارا محەمەد ئەمین و سەرنوسەرەکەشی شەرمین خۆشناو بوە.

- **گۆڤاری ژینوار:** یەکەمین گۆڤارێکی ژینگەیی بوە کە گرنگی بە هۆشیاریی ژینگەیی بۆ منداڵان داوە. یەکەمین ژمارەی لە مانگی کانونی دوهەمی ٢٠٠٧ بە تیراژی ٧٠٠٠ دانە دەرچووە و تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ توانراوە٢١ ژمارەی لێ چاپ و بلاَوبکرێتەوە. کاروان ڕەشید حەسەن خاوەنی بیرۆکە و ناوی گۆڤارەکە و سەرنوسەری گۆڤارەکەش بوە.

**سایتی ژینگەیی:**

کۆمەڵەی کوردستانیکی سەوز سایتێکی ئەلیکترۆنی بە ناوی کوردستانێکی سەوزەوە www.kurdistanekysawz.org کە وەکو سایتێکی زانستی و ئەکادیمی لە ٢٠١١/٤/٢٢ دروستکردو و بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەستی بەکارکردوە. ئەم سایتە یەکەمین سایتە کە لەلایەن کۆمەڵەیەکی ژینگەپارێزییەوە دروستکرابێت و تایبەت بوبێت بە ژینگە. پێش ئەم سایتەش سایتی ژینگەیی تر هەبوە وەك سایتی ژینگە www.zhenga.net کە لەلایەن وەزارەتی ژینگەوە سەرپەرشتیکراوە و کار و چالاکی وەزارەت و بابەتی ژینگەیی تیادا بلاَوکراوەتەوە.

## پەیکەری ژینگە:

بیرۆکەی ئەم پەیکەرە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ کە لەلایەن ئەندامی فەخری ڕێکخراوی N.O.K هونەرمەندی شێوەکار تارا خالیدەوە دروستکراوە. لە چوار پەیکەر پێکهاتووە, کە وەك خێزانێك پارێزگاری لە درەختێك دەکەن, بە ئامانجی گرنگیپێدان و پاراستنی ژینگە. مادەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی پەیکەرەکە ئاسنە. هەتا ئێستا باشترین کوالێتی و ماتریاڵ پەیکەری ژینگە بوە. ماوەی تەواوکردنی پەیکەرەکە ٦ مانگ بوە و لە ٢٠١٢/١٢/٤ پەردەی لەسەر لادراوە. ئەم کارەش بە هاوکاری دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بوە و کاری هونەرمەندە شێوەکارەکەش بە شێوەی خۆبەخشانە بوە و پەیکەرەکەش لەسەر بڕیاری پارێزگاری سلێمانی لە پارکی ئازادی دانراوە.

## پەراوێزەکان:

### وێنەکان:



سلێمانی- قەلاَچوالان: سەردانیکردنی دەستەی دامەزرێنەی(ك.ك.س) بۆلای بەڕێزجەلال تالَەبانی. لەڕاستەوە: د.جەلال شەریف/ م.شەمالْ عەبدولڕەحمان موفتی/ د.دارائەحمەدتۆفیق/ برازای د.دارائەحمەدتۆفیق— ئەندامی ك.ك.س نەبوە/ بەریز جەلال تالَەبانی/ م.تەها سابیر بابان/ ئەندازیار وریانوری خەفاف/ د.پێشڕەومحەمەد/ د.ئازاد ئەحمەد توفیق- لەم وێنەدا دەرنەکەوتوە. ١٩٩١/١١/٢٥.



دهۆك- سەردانیکردنی وەفدێکی(ك.ك.س)بۆ بارەگای(پ.د.ك). لەڕاستەوە: م. تەها حەمەخان/ م. موحسین عەلی ئەحمەد/ فازڵ میرانی/ خاتو سیلکا سیڤەرس - نوێنەری وەزارەتێکی ئەڵمانی/ تەها عوسمان.



سلێمانی- کۆبونەوەی(ك.ك.س) و ٣٥ڕێکخراوی مەدەنی و سەرۆکی شارەوانی و ١٠فەرمانگەی حکومی. لەڕاستەوە: شەماڵ موفتی/ کەمال ئەمین/ موحسێن عەلی ئەحمەد/ عومەر حسێن ڕەسوڵ- س. ئە نجومەنی باڵای گەڕەکەکانی شاری سلێمانی. ١٩٩٢/٩/٨.



سـلێمانی- هەڵکەنـدن وگواسـتنەوەی نـەمام لەلایەن(ك.ك.س)بەمەبەسـتی چاندن لەساڵی١٩٩٢.



سلێمانی- سـەردانیکردنی وەفـدێکی(ك.ك.س)بۆ لای بـەڕێز جـەلال تاڵـەبانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. ٢٠٠١/٢/١٥.



سلێمانی-مێرگەپان: ئازادکردنی ١٨ کەو لەلایەن(ك.ك.س). ٢٠٠٢/٥/١٦.




هەولێر- سەردانیکردنی وەفدێکی(ك.ك.س)بۆلای بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی باشوری کوردستان. ٢٠١٦/١٠/٤.




سلێمانی– سەردانیکردنی وەزیری ژینگەی باشوری کوردستان بۆ نوسینگەی(ك.ك.س). ٢٠٠٩/٦/١٦.




سلێمانی- بلاّوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی لەلایەن(ك.ك.س)لە ناوەندەکانی خوێندن, لە ڕۆژی ژینگەی کوردستان. ٢٠٠٨/٤/١٦.



دەربەندیخان- ڕێکخستنی مەراسیمی ماڵئاوایی کردن لە دوو درەختی بەتەمەن، بۆیەکەمینجار لەباشوری کوردستان. لەلایەن ڕێکخراوی سروشتی کوردستان و بەهاوبەشی چەندرێکخراێك. ٢٠١٣/٥/٩.




سلێمانی- لێدانی زەنگی پیسبونی ژینگە. لەلایەن ڕێکخراوی سروشتی کوردستان. ٢٠١٥/٣/١٤.




شارەزوور- خۆپیشاندنی منداڵان بەگوڵ, لەلایەن ڕێکخراوی ژینگەدۆستانی شارەزوور. ساڵی ٢٠١٤



لێکردنەوەی فلێکس و پۆستەری بانگەشەی هەڵبژاردنەکان, لەلایەن تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە. لەپێناو گوشارخستنەسەرحیزبەکان. ٢٠١٤/٥/٢



زاخۆ- سیمیناری ژینگەیی لەناوەندی خوێندن, لەلایەن ڕێکخراوی فەرەشین بۆ پاراستنی ژینگە. ٢٠٠٩/١٢/٩.




سلێمانی- ڤیستیڤاڵی سەوز, بەبەشداری ڕێکخراوی ئاژەڵپارێزانی کوردستان.




دابینکردنی خۆراك و دانەوێڵە بۆ ئاژەڵ و پەلەوەرەکان, لەکاتی بەفربارینداا. لەلایەن ڕێکخراوی سروشتی کوردستان و ژمارەیەك ڕێکخراوی تری ژینگەپارێز. ٢٠١٤/٢/٥.



شۆڕشی سپی.. هەڵمەتی بەکارهێنانی تورەکەی قوماشی خامی دۆستی ژینگە لەدژی عەلاگەی نایلۆن. لەلایەن ڕێکخراوی سروشتی کوردستان ٢٠١٥/٩/٦.




**هەولێر- سیمیناری ژینگەیی بۆ خوێندکاران, لەلایەن ڕێکخراوی ئاڤیاری وشیاری ژینگە. ٢٠١٤/١٠/١٩.**



**گەرمیان-کەلار: چالاکی جیهانی کاتژمێری زەوی. لەلایەن فیدراسیۆنی ڕێکخراوەژینگەییەکان و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە. ساڵی ٢٠١٣.**



**چەمچەماڵ- هونەر لەخزمەتی ژینگەدا, لەڕێگای بەکارهێنانەوەی پاشماوەکان, لەلایەن ڕێکخراوەی ئاینده بۆپاراستنی ژینگە.**



**کۆبونەوەی تۆڕی ژینگەپارێزانی هەولێر و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**


**.٢٠١٤/٧/٢١**




**بەخشینی ناسنامە بەدرەختە بەتەمەنەکانی دەڤەری دەربەندیخان. بۆیەکەمینجارلەسەرئاستی باشوری کوردستان. لەلایەن ڕێکخراوی سروشتی کوردستان بەهاوکاری (ك.ك.س). ٢٠١٤/٨/٢٠.**




**ناحیەی وارماوا- کۆکردنەوەی (پیل-پاتری) لەلایەن ڕێکخراوی ژینگەدۆستانی شارەزوور و بەهاوبەشی ڕێکخراوی N.O.K و ژمارەیەك ڕێکخراوی تری ژینگەیی. ٢٠١٤/٣/١٣.**



چارەسەرکردنی ئاژەڵی کێوی. لەلایەن ڕێکخراوا کوردستان ژ بۆ پاراستنا مافێ ئاژەڵی.



سلێمانی- هاندانی هاولاّتیان بۆ بەکارهێنانی پاسکیل. لەلایەن تۆڕی زەوی ماڵمانە. لەڕۆژی ژینگەی کوردستان. ٢٠١٥/٣/١٦.



گوندێکی کەلار- دابەشکردنی نەمام لەڕێگەی خوێندکارانەوە بەمەبەستی چاندن و هاندانی خوێندکاران بۆ خۆشویستنی ژینگە, لەلایەن ڕێکخراوی ژینگەدۆستانی گەرمیان. ساڵی ٢٠١٤.



بەخشینی بڕوانامەی ڕێزلێنان بە باخەوانی باخچەکانی کەلار. لەلایەن تۆڕی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی گەرمیان. ساڵی ٢٠١٤.

**بەڵگەکان:**



بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە

پەیڕەوی ناوخۆی
کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز

سلێمانی

١٩٩١ ـ ز

مادەی یەکەم: (ناوی کۆمەڵەکە):

ناوی (کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز) ە وەسڵبەند و شوێنی بەڕێوەبردنی لە شاری سلێمانیدایە و مافی ئەوەشی هەیە کە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دا (لق) ی خۆی بکاتەوە.

مادەی دووەم: (سروشتی کۆمەڵەکە):

کۆمەڵەیەکی زانستیانەی مرۆڤانە یە کە بایەخ دەدا بە چاککردن و پاراستنی ژینگە لە هەموو هۆیەکی پیس بوون.

مادەی سێیەم: ئەم کۆمەڵەیە کەسێتی ی مەعنەوی خۆی هەیە و مافی ئەوەی هەیە کە هەر خۆی سەرپشك بێت لە بەکارهێنانی ئەو داراییەی کە هەیەتی و دەی بێت بۆ بەدەست هێنانی قازانج و دروست کردنی خانە و دەزگای تایبەت و بەدی هێنانی ئامانجە ژینگەیی و مرۆڤایەتییەکانی.

ـ ١ ـ

کۆبوونەوەکانی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاکان و لەو مەحزەرەدا هەموو بڕیاری دەستە و ئەنجومەن و چالاکییەکان دەنووسرێت و کەسانی دەست نیشان کراو لە پەیڕەوی کۆمەڵەدا مۆری دەکەن.

٣. ڕێك خستنی تۆماری دارایی و چی دەست دەکەوێت و چی خەرج دەکرێ لەو تۆمارەدا دەنووسرێ و دەبێ بە وەسڵ لە لایەن دادنووس (کاتب عدل) ەوە باوەڕ پێ کراوبێ.


٤. ڕێك خستنی تۆماری نامەکاری بۆ ناردوو هاتوو.

٥. تۆمارێکی تایبەتی بۆ ئەو شتومەکانەی لە مەڵبەندەکانی کۆمەڵەدا هەن.

ئاسودە ژیان لە کوردستانێ
خاوێنو سازگاردا ئامانجمانە

ـ ١٢ ـ

**یەکەم پەیڕەوی ناوخۆی (ك.ك.س) لەساڵی ١٩٩١.**



No. : I4
Date : 7/II/9

TO : SENATOR ALGOR ESQ./VICE PRESIDENT ELECT /ARKINSAS- USA
FROM: GREEN KURDISTAN SOCIETY /SULAIMANIA - IRAQ

SIR ,


WE CONGRADULATE YOU AND PRESIDENT CLINTON AND HOPE THAT OUR MOTHER EARTH WILL BE PROTECTED MORE DURING YOUR YEARS IN OFFICE.PLEASE DO NOT FORGET KURDISTAN.

WITH BEST WISHES

SHAMAL AL MUFTI
CHAIRMAN



**نامەی(ك.ك.س)بۆ سیناتۆرێکی ئەمریکی, کەتێیدا داوای ئاوڕدانەوە لە ژینگەی کوردستان دەکا.**



مجلس الوزراء
وزارة الداخلية لاقليم كردستان العراق
المستشار القانوني


العدد/
التاريخ/ ١٩٩٤/٢/

امر وزاري

استناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب المادتين (٧ و ٨) من قانون الجمعيات لاقليم كردستان العراق رقم ١٨ لسنة ١٩٩٣ ولتوفر الشروط القانونية في طلب التأسيس عليه قررنا الموافقة على منح (جمعية كردستان الخضراء) اجازة التأسيس اعتباراً من تاريخ صدور هذا الامر.

وزير الداخلية
١٩٩٤/٢/

بەڵگەی تۆمارکردنی (ك.ك.س) لەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی باشوری کوردستان لەساڵی ١٩٩٤.



**Equilibre**
14 bis, Bd de l'Artillerie - B.P. 7124
69348 LYON CEDEX 07
Tél. 72 73 04 14 — Fax 72 73 05 76
Association Humanitaire Loi 1901
Reconnue d'intérêt Général

SPECIAL THANKS TO

**GREEN KURDISTAN SOCIETY** and its Chairman M. Shamal [illegible] his exemplary cooperation during all the project. We would also like to thank M.Shabo for his important contribution [illegible] distribution

**DANCHURCHAID** for their donation without which we could not have reached so many farmers.

The **FARMERS UNION** and the **AGRICULTURAL OFFICE** for their help and their experience which enabled us to organise [illegible] distribution.


And also Nagin NAGEMADINE our private consultant for [illegible] and help; Ralph MOI from UNHCR for his information at the beginning of the project.

1/12/92
P/c Cedric FRANÇOIS

سوپاس و پێزانین بۆ (ك.ك.س). لەپای هاوکاری و پاڵپشتیان بۆ ڕێکخراوێك.



**نامەی هەڵوەشاندنەوەی لقی هەولێری(ك.ك.س). ١٩٩٤/١٢/١٠.**



بەناوی خوای گەورەو بەخشندە

کۆمەڵی ژینگەی کوردستان
لە سلێمانی

ژمارە / ٥
ڕۆژ - ١٩٩٣/٦/١٢

بۆ / بارێزگای سلێمانی بەڕێز / جمعیات

ب / هەڵبژاردن

**نوسراوێکی کۆمەڵەی ژینگەی کوردستان کەناوی دەستەی هەڵبژێراوی کۆمەڵەکەی تیادایە. بەواژۆی سەرۆکی کۆمەڵەکە د.کەمال محمد سعید خەیات. ١٩٩٣/٦/١٢.**



دامەزراندنی

ڕێکخراوی « سەوز » ی کوردستان

ئاشکرایە کەوا لە ماوەیەی بیست و سێ‌ساڵ حوکمی بەعسی ڕەگەزپەرست لە عێراقدا، بە تایبەتیش لە سەردەمی جڵەوگیری صدامی فاشیست دا، هێرشی درندانەو لەناوبردنی بەکۆمەڵ، نەك تەنیا دانیشتوانی ئازادیخوازی کوردستان، بەڵکو تەواوی سروشتی کوردستانیشی گرتۆتەوە.

لەو ماوەیەدا پتر لە چوارهەزار گوند خاپوورکران، ڕەزوباخ سووتێندران، دەمی کانیاوەکان بەکۆنکرێت داخران. لە ئەنجامی بۆردومانی کیمیاویو باراندنی گازی ژەهراویی تیزاب و خەردەل و سیایندا، زۆربەی کێڵگە کشت وکاڵییەکان فەوتان ، درەخت ووشك هەڵاتن ، دەیان جۆرە باڵندەو گیان لەبەری دانسقەش لەناو چوون. سەرباری ئەو تاوانانەش لە مانگی حوزەیرانەوە تا وەرزی بارانی هەموو ساڵێك بۆ سووتاندنی دارستانەکان دەکەوتنەخۆ.

بۆیە ئەمڕۆ لەو ناوچانەی کوردستاندا کە ئازادییان تێدا سەرپشکە، ژمارەیێك لە تێکۆشەرانی پسپۆڕو شارەزا، بۆ کۆشش خستنەگەڕ لە پێناو سڕینەوەی شوێنەواری ئەم وێرانکارییو ژەهراویی کردنەی ژینگەی نیشتمانەکەمان کۆبوونەتەوە، پاش لێتوێژینەیەو ئاڵ و گۆڕکێ، بیروکەی بێك هێنانی ڕێکخراوێکیان، لە جۆری حزبەکانی (سەوز) گەڵاڵە کردووە.

ئیتر دوای پەیوەندیی کردن بەوحزبانەوە، بەمەبەستی کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان ، وەفدێك بۆ پشتگیری لەم ڕێکخراوە شارستانییە، لە ئەڵمانیاوە ئامادەبوو. لە ئەنجامدا لە ١٥/١٢/١٩٩١ دا بەیاننامەی دەستەی دامەزرێنەر ڕاگەیەندرا.

مایەی شانازیو نیشانەی بوونی زەمینەی دیموکراسییانەشە کەوا، دەستەی دامەزرێنەر، وەك لە بەیاننامەکەیاندا ئاماژەیان پێ کردووە، هەر تەنیا بۆ ئەوەی ژمارەیێکی دیکە نەخە سەر خەرمانەی حیزبە کوردستانییەکان، ناوی ڕێکخراوەکەیان نەنا(حیزب). ئەم هەستە پایە بەرزەش لەگشت لایەنێکەوە ڕێزی لێندرا.

ئێمەش پیرۆزبایی خۆمان ، بۆ ئەم لەدایك بوونە هاوچەرخانەیە دەردەبرین.

هیوادارین، لەپێناو کوردستانێکی بێگەرددا، هەموو ڕۆشنبیرو چین و توێژەکانی گەلەکەمان پشتیوانیان بن.

ڕێگای کوردستان

دەقی نامەی پیرۆزبایی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، بۆ ڕێکخراوی سەوزی کوردستان، نامەی پیرۆزباییەکە لەهەمان ڕۆژنامەدا بلاّوکراوەتەوە.



# پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە

ئامادەکردنی/ لیژنەیەك لەکۆمەڵەی کوردستانیکی سەوز



لەسەربڕیاری بەڕێز جەلال تاڵەبانی دەقی پرۆژەیاسای ئامادەکراوی یاسای پاراستنی ژینگە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە. لەژمارە(٢٨٩٥)لە٢٢/١٠/٢٠٠٢.



حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی / مصروفات

ژمارە: ٥٩٤٧
بەروار: ٤ / ٥ / ٢٠٠٥
بەرامبەر: / گولان/٢٧٠٥

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی
بابەت / کۆمەڵی کوردستانێکی سەوز

نوسراوتان ژمارە ٣٦٨٤ لە ٢٠/٣/٢٠٠٥ ......
ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین کە کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز مانگانە ( ٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دیناریان هەیە وەکو منحە وە لە ڕێگەی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانەوە خەرج دەکرێت وە بەردەوامین لە سەر خەرج کردنی.

لەگەڵ ڕێزدا ........

پایز سعید محمد
وەزیری دارایی و ئابووری
/ / ٢٠٠٥

وێنەیەکی بۆ /
* نوسینگەی تایبەت
* لیژنەی هاوکاری ڕێکخراوەکان / بۆ ئاگاداریتان / لەگەڵ ڕێز.
* لیژنەی منح و تبرعات / بۆ ئاگاداریتان .
* مصروفات ....
* خولاو ....

وەزارەتـــــی دارایــــــی و ئــــــابوری حکومـــــــەت, لەڕێگـــــەی مەکتـــــەبی ڕێکخراوەدیموکراتیـــەکانی(ی.ن.ك)ە مانگانـــە بـــڕی(٣,٠٠٠,٠٠٠)دینـــاری بـــۆ (ك.ك.س) خەرجکردووە. ساڵی ٢٠٠٥.



Green Kurdistan Association

کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز
کۆمیتەی باڵا

ژمارە: ٢٣ / ٢
بەروار: ١٥ / ٨ / ٢٠١١

بۆ بەڕێز / مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان/ دارایی
بابەت/ تەسریەی مانگی تەموز/٢٠١١

بشتگیری بەڕێز ( ئالان محمد غفور) ژمێریاری کۆمەڵەکەمان ئەکەین بۆ وەرگرتنی تەسریەی مانگی تەموز /٢٠١١ کە بڕەکەی (٣٨٧٠٠٠٠) سێ ملیۆن و هەشت سەدوحەفتا هەزار دینارە .

هاوکاریتان مایەی دڵسۆزیتانە بۆ ژینگە

نیاز محمد فتاح
سەرۆکی کۆمەڵە

وێنەیەک بۆ/
ژمێریاری
دۆسیەی گشتی

ناونیشان : سلێمانی / سەرچنار / نزیك بازاڕ/ پشت هوڵی ئوسکار    سندوقی پۆستەی سلێمانی /٢٤٢
تەلە فون /٣١٨٤٩٩٢    موبایل/٠٧٧٠١٥١١٦٣٤ ، ٠٧٧٠٨٦٨٤٥٦٦ ، ٠٧٧٠١٥٦٣٢٠٥
ئیمەیل: info@kurdistanekysewz.org    ماڵپەر : www.kurdistanekysewz.org

مەکتـــەبی ڕێکخـــراوە دیموکراتیەکانی(ی.ن.ك)یـــەکێك بـــووە لەسەرچـــاوە سەرەکیەکانی دارایی (ك.ك.س). ٢٠١١/٨/١٥.



هەرێمی کوردستان - عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی
سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
(( پرۆژەکان ))

بۆ / کۆمەڵەی کوردستانیکی سەوز
ب / برنەوەی درەخت

بەڕێزتان ئاگادار دەکەینەوە کە شارەوانی سلێمانی دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی پرۆژەی ، لەڕێگەی کۆمپانیای ... ئەم نوسراوە بەمەبەستی برینی ولابردنی درەختە کە ڕێگرە لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکە ، هاوکاریتان جێگەی پێزانینە .
لەگەڵ ڕیزدا ...

حاکم قادر حمە جان عزیز
سەرۆکی شارەوانی سلێمانی

وێنەیەك بۆ /
- پرۆژەکان /
- پلاندانان /
- بەدواداچوون /
- ئەندازیاری سەرپەرشتیار / ابوبکر طیب
- ئەندازیار / چرۆ جبار
- فایلی گشتی /

**سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی داواکاری بڕینەوەی درەخت ئاراستەی(ك.ك.س)دەکات. ئەمەش کاریگەری کۆمەڵەکە دەردەخات. ساڵی ٢٠٠٥.**



GREEN KURDISTAN SOCIEETY

کۆمەڵەی کوردستانیکی سەوز
کۆمیتەی باڵا

ژمارە / ٨٩٧
بەروار ٢٧/٦/٢٠٠٦

بەڕێز / دادوەری لێکۆڵینەوە ی سلێمانی

بابەت / دەست درێژی

لەماوەی چەند مانگی ڕابوردودا سێ جار دەست درێژی کراوەتە سەر بارەگای کۆمیتەی باڵای کۆمەڵەکەمان ، کە ... هاتوونەتە ناو سەرچنارەوە ، یەکەمیان شکاندنی شوشەی دەرگاو پەنجەرەکان بوون ، دوهەمیان شکاندنی سندوقی پۆستەو دیسان شکاندنی شوشەی دەرگای ئۆفیسەکەمان ، سێهەمین جار گرتنی بەردانی ناو باخچەی بارەگاکەبوو کە لەگەڵ پوشی ئەو ناوە ژمارەیەك ئەمام و سۆندەی داپەشکردنی ئاوی باخچەکەمان سووتا .ئێمە بەکاری هەرزەو سەرخۆشمان دەزانی .بەڵام ئێوارەی یەك شەممە ( ٢٥/ ٦ /٢٠٠٦) کاتێك باخەوانی بارەگاکەمان خەریکی ئاودان دەبێت چەند کەسێك بەسەر پەرژینەکەدا دەچنە ناو بارەگاکەوە و کاتێك باخەوانەکە ( کەتەمەنی ٧٠ ساڵ پترە ) بەرەڵستیان دەبێت بەتوندی لێی دەدەن و بریندار دەکەن دوای کۆبونەوەی خەڵك بەجێ دێڵن و خەڵك دەیگەیەننە نەخۆشخانە .
داوا لەبەڕێزتان دەکەین کە سزای یاسایی بەسەر بکەرانی ئەوتاوانانەدا بدەن و ناچار بکرێن بۆ قەرەبووی ئەو زیانانە......
زۆر سوپاستان ئەکەین .........

لەگەڵ ڕێزدا .........

ناوی باخەوانی کۆمەڵەی کوردستانیکی سەوز : مەجید رەحیم
نەوەندەی زانراوە تاوانباران ( نزار پارەزانی ، سۆران رەحمان دەبابە )

جەلال حەمە غەریب
سەرۆکی کۆمەڵە

وێنەیەك بۆ :
- بەڕێز / پارێزگای سلێمانی /بەڕێوەبەرێتی کارو باری ناوخۆ بۆ هاوکاریمان تکایە
- بەڕێز /بنکەی پۆلیسی سەرچنار /هیواداریـن بەزووترین کات تاوانباران دەستگیر بکەن .
- فایلی گشتی

**لـەم نوسـراوەدا کە(ك.ك.س)ئاراسـتەی دادگـای سـلێمانی کـردوە, ئامـاژە بەلێدانی باخەوانەکەیان و دەست درێـژی بـۆ سـەر نوسـینگەکەیان دەکـەن. ٢٠٠٦/٦/٢٦.**

## وێنە و بەڵگە: ژینگە و ڕێکخراوە ژینگەییەکان لەڕاگەیاندن و چاپەمەنیی کوردیدا.


GREEN KURDISTAN

کوردستانێکی سەوز

پیرۆزبایی

یاسایەک بۆ ژینگە

پرۆژە دامەزراندنی وەزارەتی ژینگە

بکەین . پشتیوانیەک کەهەموو کێشەو دیاردە ژینگەییەدژیەکان تاووتوێ بکات ولەسایەی یاسایەکی چڕو پڕی ژینگەیدا کۆتاییان پێ بهێنێت



کۆمەڵەو بەرنامەیەک بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان

کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز لە خانەقین

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانێکی سەوز. ٢٠٠٦/١٢/٦.



هەرێمی کوردستانی عێراق
ئه نجومه‌نی وه‌زیران
وه‌زاره‌تی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی گشتی راگەیاندن

حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرێتی گشتیی راگەیاندن

ژمارە : ٤٢٧
زاینیی : ٢٠٠٦/٣/١٢
کوردی :

مۆڵـــەت

بـــە پێی برگـــەی 16 لەیاســـای چـــاپەمەنی ژمـــارە 10ی ســـاڵی 1993ی هـــــەرێمی کـــوردستان بڕیاردرا بە بەخشینی مۆڵەتی یاسایی بە بڵاوکراوەی (کوردستـانێکی سـەوز) هەموو مەرجە یاساییەکانی تێدایە .

خاوەن ئیمتیاز : جەلال حەمە غەریب قادر

ســەرنووســـەر : سەربەست عبدالرحمان عەزیز

ابراهیم ئەحمەد صالح
بریکاری وەزارەت


پێدانی مۆڵەتی یاسایی بەبلاّوکراوەی کوردستانێکی سەوز. ٢٠٠٦/٣/١٢.




سایتی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز www.kurdistanekysawz.org



پێشکەشــکردنی بەرنامــەی ژینگــەیی لــە تەلــەفیزیۆنی گــەلی کوردســتان,
لەپێشکەشکردنی(تریفه حسێن عارف). سالّی ٢٠٠٢.




پێشکەشــکردنی بەرنامــەی ژینگــەیی لــە تەلــەفیزیۆنی گــەلی کوردســتان,
لەپێشکەشکردنی(سۆزان ئەنوەر). سالّی ٢٠٠٢.




بەرگی ژمارەای گۆڤاری ژینواری ژینگەیی تایبەت بەمندالآن.




بەرگی ژمارەای گۆڤاری ئایندەی ژینگە. ٢٠١٤/٤/١٦.




یەکەم کتێبی ژینگەیی بەزمانی کوردی. لەنوسینی (سدیق شیخ محمود بەرزنجی).



پەردەلادان لەسەر پەیکەری ژینگە لەشاری سلێمانی.

**پەراوێز: ڕێکخراو و تۆڕەژینگەییە تۆمارکراوەکانی باشوری کوردستان تا بەرواری ٢٠١٥/٧/١١ :**

| ز | ناوی ڕێکخراو | بواری کار کردن | ناونیشان پارێزگا - قەزا یا ناحیە | Email |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێکخراوی خاوێن دۆستی ژینگە / COEF | ژینگە | سلێمانی - سید سادق | shwancaf@yahoo.com |
| ٢ | ڕێکخراوی ژینگەپارێزی بازیان / B.E.O | ژینگە | سلێمانی - بازیان | laybazyan@yahoo.com |
| ٣ | ڕێکخراوی سیدرە بۆ ژینگەیەکی نموونەیی | ژینگە | هەولێر - تەق تەق | rookanloori@gmail.com |
| ٤ | ڕێکخراوی ئاڤیاری هۆشیاری ژینگە / AEAO | ژینگە | هەولێر | asoshkak٢٥@yahoo.com |
| ٥ | ڕێکخراوی سروشتی کوردستان / N.O.K | ژینگە | سلێمانی - دەربەندیخان | sarwarmhamad٧٩@yahoo.com |
| ٦ | ڕێکخراوی ئایندەی سەوز / GFO | ژینگە | هەولێر | hamza.hasar@gmail.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | ڕێکخراوی دۆستانی ژینگەی کوردستان/ KEFO | ژینگە | هەولێر | avar_abd@yahoo.com |
| ٨ | ڕێکخراوا ئاڤا کوردستانێ/ KWO | سامانی سروشتی - ئاو | دهۆک | av_org٠٩@yahoo.com |
| ٩ | ڕێکخراوی ژینگەیەکی تەندروست و سەوز لە کوردستان/ H.G.E.O.K | ژینگە | هەولێر | rizgarko@yahoo.com |
| ١٠ | ڕێکخراوی ژینگەی سەوز/ GEO | ژینگە | سلێمانی | amanj.saeed@gmail.com |
| ١١ | ڕێکخراوی پەرەپێدانی ژینگە / E.D.O | ژینگە | هەولێر | agel.naska@yahoo.com |
| ١٢ | ڕێکخراوی خاک بۆ پاراستنی ژینگە/ KOEP | ژینگە | هەولێر | hershnamiq٣٨@yahoo.com |
| ١٣ | ڕێکخراوی کورد ژین / K.ZH.N | ژینگە | سلێمانی - سەرچنار | shadan_ahmed@yahoo.com |
| ١٤ | ڕێکخراوی دەوەن بۆ ژینگە پارێزی/ DOEP | ژینگە | هەولێر | bakhtear٢@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | ڕێکخراوا کوردستانی بۆ پاراستنا مافێ ئاژەڵێ/ KOARP | مافەکان - ئاژەل | دهۆک | kurdistananimalrights@yahoo.com |
| ١٦ | ڕێکخراوا سەوزا کوردستانێ/ KGO | ژینگە | دهۆک | bawar.zebary@gmail.com |
| ١٧ | European-Kurdistan Green Organization/ EKGO | ژینگە | دهۆک | bawar.zebary@gmail.com |
| ١٨ | ڕێکخراوی سروشت بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی کوردستان/ SOPIKE | ژینگە | سلێمانی | dlsozaziz@yahoo.com |
| ١٩ | ڕێکخراوی ژینگەی تەندروست/ H.E.O | ژینگە | سلێمانی | begard.atar@yahoo.com |
| ٢٠ | ڕێکخراوی هۆشیاریی ژینگەپارێزی/ E.A.O | ژینگە | سلێمانی - قەلادزێ | hajibinar@gmail.com |
| ٢١ | ڕێکخراوی دۆستانی ژینگەی سەوز/ GEFO | ژینگە | هەولێر - بالیسان | kany٩٧٦@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | ڕێکخراوی مێرگەمیر بۆ گەشەپێدانی ژینگەیی لە سیدەکان/ M.O.E.D.S | ژینگە | هەولێر - سیدەکان | dilshad.bradosty@yahoo.com |
| ٢٣ | ڕێکخراوی نیشتمانی سەوز/ GHO | ژینگە | سلێمانی | arisaleh@hotmail.com |
| ٢٤ | ڕێکخراوی ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە/ A.O.P.E | ژینگە | سلێمانی - چەمچەماڵ | hawreine@yahoo.com |
| ٢٥ | ڕێکخراوی ئەرین بۆ سروشتپارێزی گیانلەبەران/ A.O.P.A.N | ژینگە - گیانلەبەر | هەولێر | areeng١@yahoo.com |
| ٢٦ | ڕێکخراوی شەن بۆ بنیادنانی ژینگەیەکی تەندروست/ S.O.E.H.E | ژینگە | سلێمانی | engchemical@ymail.com |
| ٢٧ | ڕێکخراوی جیوکوردستان/ G.K.O | ژینگە - جیۆلۆجی | هەولێر | geofarman٨٧@gmail.com |
| ٢٨ | ڕێکخراوی نێرگزی ژینگەیی/ N.E.O | ژینگە | هەولێر | dldarmaghdeeed@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٩ | ڕێکخراوی هەناسەی سروشت/ B.N.O | ژینگە | هەولێر | skshler@yahoo.com |
| ٣٠ | ڕێکخراوی دەستی سەوز بۆ پاراستنی ژینگە/ D.S.E.S.O | ژینگە | سلێمانی | balengcc@yahoo.com |
| ٣١ | ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە لە کەرکوك/ EPOK | ژینگە | کەرکوک | eop٢٠٠٤_kk@yahoo.com |
| ٣٢ | ڕێکخراوی سروشت بۆ هۆشیاریی ژینگەیی وتەندروستی/ S.O.E.H.A | ژینگە وتەندروستی | هەولێر | hawarhawlery@ymail.com |
| ٣٣ | ڕێکخراوی هەتوان بۆ تەندروستی و ژینگە/ OHHE | ژینگە | هەولێر | sangar.husen@yahoo.com |
| ٣٤ | ڕێکخراوی ژینگەپارێزی پشدەر/ PEPO | ژینگە | سلێمانی - پشدەر | szharawa@yahoo.com |
| ٣٥ | ڕێکخراوی ئارینا بۆ ژینگە پارێزی/ A.E.P.O | ژینگە | هەولێر | kavyar١٩٤٥@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦ | رێکخراوی نەمام بۆ گەشەپێدانی سەوزایی/ NOGD | ژینگە و کشتوکالی | سلێمانی - دەربەندیخان | swaz.karwan@yahoo.com |
| ٣٧ | رێکخراوی ئەلوەن بۆ پاراستنی ئاو/ AOWC | ژینگە و کشتوکالی | دیالە - خانەقین | zryan.bajalan@yahoo.com |
| ٣٨ | رێکخراوی ژینگەدۆستانی گەرمیان/ G.E.F.O | ژینگە | گەرمیان - کەلار | azadwarzsh٨٢@yahoo.com |
| ٣٩ | رێکخراوی زانکۆ بۆ ژینگەپارێزی / Z.O.E.P | ژینگە | هەولێر - کۆیە | zagrosmohammed@gmail.com |
| ٤٠ | رێکخراوا نێرگزیا هشیاریا گەشتوگوزاری و ژینگەهی/ NOATE | ژینگە | دهۆک | hushang.musa@yahoo.com |
| ٤١ | رێکخراوی ژینگەپارێزی کوردستان/ EPOK | ژینگە | سلێمانی | yahya_mala@yahoo.com |
| ٤٢ | رێکخراوی شاری | ژینگە | هەولێر - کۆیە | hmala@hotmail.com |
| ٤٣ | رایەلی ژینگەپارێزی قەندیل | ژینگە | سلێمانی | ahmad_saidibrahim@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٤ | ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە | ژینگە | هەولێر - سۆران | riben.sahed@yahoo.com |
| ٤٥ | ڕێکخراوا ئازا بۆ پاراستنا ژینگەهێ | ژینگە | دهۆک | kbamarni@yahoo.com |
| ٤٦ | ڕێکخراوی ئارامی هەڵەبجە بۆ پاراستنی مرۆڤ و ژینگە | ژینگە | هەڵەبجە | aramkhasraw@yahoo.com |
| ٤٧ | ڕێکخراوی ژینگەپارێزی لە گەرمیان | ژینگە | گەرمیان - کەلار | asoshkak٢٥@yahoo.com |
| ٤٨ | ڕێکخراوا گارە بۆ پاراستن و گەشەکرنا ژینگەهێ | ژینگە | دهۆک - ئەتروش | jahwar_nirsy@yahoo.com |
| ٤٩ | ڕێکخراوی ژینگەی تەندروست لە کوردستان | ژینگە | هەولێر | care.iraq@gmail.com |
| ٥٠ | ڕێکخراوا دۆستێن ژینگەهێ / دهۆک | ژینگە | دهۆک | hemidgravi@gmail.com |
| ٥١ | ڕێکخراوی ڕۆژ بۆ ژینگە پارێزی | ژینگە | هەولێر | hawrazhanara@yahoo.com |
| ٥٢ | ڕێکخراوی گەلا بۆ پرسەکانی ژینگە | ژینگە | هەولێر | muhammadmuhsin٨٢@gmail.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥٣ | ڕێکخراوی ڕووەکی سرۆشتی کوردستان | ژینگە | دهۆک | aboleila-٤١@hotmail.com |
| ٥٤ | ڕێکخراوی بارزان بۆ چاکسازیی ژینگەیی | ژینگە | هەولێر - بارزان | kirmanccaly@yahoo.com |
| ٥٥ | ڕێکخراوی کەش بۆ پەرەپێدانی ژینگە و سەوزایی | ژینگە | هەولێر - خەبات | emadlawyer٢٨@yahoo.com |
| ٥٦ | ڕێکخراوی هەناسە بۆ هوشیاریی ژینگەیی | ژینگە | هەولێر | jasm_٧٣@yahoo.com |
| ٥٧ | ڕێکخراوی پێگەهاندنا پاراستنا ژینگەهێ | ژینگە | دهۆک | tariqabdal@yahoo.com |
| ٥٨ | ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە و کەلەپور و جوانی کوردستان | ژینگە | سلێمانی | mariwan.srusht@yahoo.com |
| ٥٩ | ڕێکخراوی پاراستنی باڵندە کێویەکان | ژینگە | هەولێر | organizationbride@gmail.com |
| ٦٠ | ڕێکخراوی سنۆبەر بۆ چاندن و پرسەکانی ژینگە | ژینگە | هەولێر | organization.planting@gmail.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦١ | ڕێکخراوی زرارەتی بۆ ژینگەپارێزی | ژینگە | هەولێر | hogr.zrary@yahoo.com |
| ٦٢ | ڕێکخراوی ئاشتی سەوزایی بۆ ژینگە پارێزی | ژینگە | هەولێر | pawan.dizaye@gmail.com |
| ٦٣ | ڕێکخراوی ئاژەڵپارێزانی کوردستان | مافی ئاژەڵ | سلێمانی | owmed١٠@yahoo.com |
| ٦٤ | ڕێکخراوی سروشتپارێزی کوردستان | ژینگە | هەولێر | bakhtyar.eco@gmail.com |
| ٦٥ | ڕێکخراوی ژینگەی کەرکوک | ژینگە | کەرکوک | ihsanomer@yahoo.com |
| ٦٦ | ڕێکخراوی ژینگەدۆستانی شارەزوور | ژینگە | سلێمانی | sarwarmhamed٧٩@yahoo.com |
| ٦٧ | ڕێکخراوی ژینگەپارێزی کفری | ژینگە | گەرمیان - کەلار | sarwarmhamed٧٩@yahoo.com |
| ٦٨ | ڕێکخراوی بزوتنەوەی بوژانەوەی ژینگە | ژینگە | هەولێر | arash.zhinga@yahoo.com |
| ٦٩ | ڕێکخراوی ڕووبار بۆ ژینگە پارێزی | ژینگە | هەولێر | None |
| ٧٠ | ڕێکخراوی ماپ | ژینگە و جیۆلۆجی | هەولێر | hero_map@yahoo.com |
| ٧١ | ڕێکخراوی گەردین بۆ ژینگە پارێزی | ژینگە | هەولێر - چۆمان | apa_sherko@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٢ | ڕێکخراوی ئاسک بۆ تەندروستی ئاژەڵ | ئاژەڵ | هەولێر | kaka.abdulla٨٢@yahoo.com |
| ٧٣ | ڕێکخراوی پاک بۆ پاراستنی ژینگە ل ئاکرێ | ژینگە | دهۆک - ئاکرێ | pak.ngo@hotmail.com |
| ٧٤ | ڕێکخراوی ڤینۆسی ژینگەیی | ژینگە | هەولێر | haydarmantk@yahoo.com |
| ٧٥ | ڕێکخراوی ژیان و ژینگە | تەندروستی و ژینگە | هەولێر | zanganas٩٧٣@gmail.com |
| ٧٦ | ڕێکخراوی زۆزان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ژینگە | ژینگە | هەولێر - عەنکاوە | shawnmyahya٧٧@yahoo.com |
| ٧٧ | ڕێکخراوی شیرناو | سامانی ئاو سەرچاوەکان | هەولێر | kurd.osman@yahoo.com |
| ٧٨ | فاوندەیشنی ڕووەکی کوردستان | ژینگە و ڕووەک | سلێمانی | hallo.askari@krg.org |
| ٧٩ | ڕێکخراوی بێرۆخ بۆ پاراستنی دارستان و پاوان و بونەوەری کێوی | ژینگە | هەولێر | mobin_sardar@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨٠ | ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە و زیندەوەران | ژینگە | سلێمانی - چەمچەماڵ | mustafaosman١٩٨٩@gmail.com |
| ٨١ | ڕێکخراوی گەشەپێدانی ژینگە و کشتوکاڵ | ژینگە و کشتوکاڵ | هەولێر | sawsan٦١٧@yahoo.com |
| ٨٢ | ڕێکخراوی گەشەپێدانی کشتوکال و ژینگە | کشتوکاڵ و ژینگە | کەرکوک | mohammed.١٨iq@yahoo.com |
| ٨٣ | ڕێکخراوی تەرز بۆ پاراستن وبوژاندنەوەی ژینگە | ژینگە | کەرکوک | omar.dalo٧٢@gmail.com |
| ٨٤ | ڕێکخراوی هەڵۆی کوردستان | بەرەنگاری کردنی ڕاو | سلێمانی | bazb٢٠@yahoo.com |
| ٨٥ | ڕێکخراوی سیل بۆ هوشیاری ژینگە | ژینگە | دهۆک - ئامێدی | daraf٨٢@yahoo.com |
| ٨٦ | ڕێکخراوی هەناسە بۆ پەرەپێدانی ژینگە | ژینگە | هەولێر | fars.mrad@yahoo.com |
| ٨٧ | ڕێکخراوی گەرمەسێر بۆ پاراستنی سروشتی کوردستان | ژینگە | سلێمانی - چەمچەماڵ | ar.symand@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨٨ | ڕێکخراوی زەیتون بۆ بەرەنگار بونەوەی بەبیابان بون | ژینگە | سلێمانی - چەمچەماڵ | blueman.gd@gmail.com |
| ٨٩ | ڕێکخراوی بەزەیی بۆ ئاژەڵپارێزی لە کوردستان | مافی ئاژەڵ | هەولێر | phisyo٢٠٠٣@yahoo.com |
| ٩٠ | ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی ژینگەیی | ژینگە | هەولێر | hemdadbank@yahoo.com |
| ٩١ | ڕێکخراوی ڕووان بۆ پاراستنی ژینگە | ژینگە | هەولێر | None |
| ٩٢ | ڕێکخراوی ژینگەپارێزی ڕانیە | ژینگە | سلێمانی - ڕانیە | abdula.mahamad@gmail.com |
| ٩٣ | ڕێکخراوی ژینگەپارێزی سەرکەپکان | ژینگە | سلێمانی - ڕانیە | shaida_muhamad@hotmail.com |
| ٩٤ | ڕێکخراوی ژینگەپارێزی قەڵادزە | ژینگە | سلێمانی - قەلادزێ | None |
| ٩٥ | ڕێکخراوی ژینگەپارێزی ناودەشت | ژینگە | سلێمانی - ڕانیە | setreh.omid@hotmail.com |
| ٩٦ | ڕێکخراوی داستان بۆ پرسی ژینگە | ژینگە | سلێمانی | mlkofars@yahoo.com |
| ٩٧ | ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی تەندروستی و ژینگە | تەندروستی و ژینگە | سلێمانی | latifrouf٩٨٢@gmail.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩٨ | ڕێکخراوی قەرەچۆخ بۆ پاراستنی ژینگە | ژینگە | هەولێر - مەخموور | dler-mexmuri@hotmail.com |
| ٩٩ | ڕێکخراوی نیشتمانی سەوز بۆ هوشیاریی و پەرەپێدانی ژینگەیی | ژینگە | هەڵەبجە | wshyarhalabja@yahoo.com |
| ١٠٠ | ڕێکخراوی شەپۆڵ بۆ ژینگە پارێزی | ژینگە | هەولێر | khoshnaw-kurdi@yahoo.com |
| ١٠١ | ڕێکخراوی بەڕو بۆ پەرەپێدانی سەوزایی | ژینگە | سلێمانی | kany٩٨٦@hotmail.com |
| ١٠٢ | ڕێکخراوی ئاو لە کوردستان | سامانی ئاو | هەولێر - سۆران | rezhiargalaly@gmail.com |
| ١٠٣ | ڕێکخراوی ژینگەی باڵەکایەتی | ژینگە | هەولێر - چۆمان | issachomani@gmail.com |
| ١٠٤ | ڕێکخراوی دیدەوانی سروشتی کوردستان | ژینگە | هەولێر | barzani٢٠١٢@gmail.com |
| ١٠٥ | ڕێکخراوی ژینگەی کوردستان بۆ هوشیاری و تەندروستی ژینگەیی | ژینگە | هەولێر | havreskurdistan@gmail.com |
| ١٠٦ | ڕێکخراوی سروشتی عێراق | ژینگە | سلێمانی | hogr@lawyer.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠٧ | ڕێکخراوی ئۆزۆن بۆ هوشیاریی ژینگەیی | ژینگە | سلێمانی - ڕانیە | yad_h@yahoo.com |
| ١٠٨ | ڕێکخراوی هەمیشە سەوز | ژینگە | هەولێر | nanaf_abdulkareem@yahoo.com |
| ١٠٩ | ڕێکخراوی بەهەشت | هوشیاری بەکار هێنانی ئاو | هەولێر | latifabd٥@gmail.com |
| ١١٠ | ڕێکخراوی هاوڕێیانی سروشت | ژینگە | سلێمانی | rwpak٧١@yahoo.com |
| ١١١ | ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە | ژینگە | دهۆک - ئاکرێ | namq.mohyedin@yahoo.com |
| ١١٢ | ڕێکخراوی چاوی ژینگە لە پێناوی پاراستنی ژینگەی کوردستان | ژینگە | هەولێر | bilal.masifi@gmail.com |
| ١١٣ | ڕێکخراوی خاکدۆست | ژینگە | هەولێر | xakdost@yahoo.com |
| ١١٤ | ڕێکخراوی دەریاچە بۆ هوشیاریی پاراستنی سامانی ئاو و ژینگە | ژینگە | هەولێر | nama_kurdi@yahoo.com |
| ١١٥ | ڕێکخراوی نیشتمانی کورد بۆ ژینگە و پەروەردە | ژینگە و پەروەردە | هەڵەبجە | omergenga@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١١٦ | ڕێکخراوی دۆستانی زەوی | ژینگە و توانای مرۆیی | سلێمانی | zhala.٨٦@gmail.com |
| ١١٧ | ڕێکخراوی شەفەق بۆ پەرەپێدانی ژینگەی کوردستان | ژینگە | هەولێر | sirwan.jamil@gmail.com |
| ١١٨ | ڕێکخراوی لالەزار بۆ پرسی ژینگە | ژینگە | سلێمانی | mazharkarem٢٩٩@yahoo.com |
| ١١٩ | ڕێکخراوی ڤالە بۆ بە کەلتورکردنی ژینگەپارێزی | ژینگە | سلێمانی | asos_ali@yahoo.com |
| ١٢٠ | ڕێکخراوی دەربەندیخان بۆ پرسی ئاو | ژینگە و سامانی ئاو | سلێمانی - دەربەندیخان | None |
| ١٢١ | ڕێکخراوی ژینگەپارێزی دەربەندیخان | ژینگە | سلێمانی - دەربەندیخان | mihraban.ta@gmail.com |
| ١٢٢ | ڕێکخراوی کاژ بۆ پاکڕاگرتن و سەوزکردنی ژینگە | ژینگە | سلێمانی - قەلادزێ | raswlaraz@yahoo.com |
| ١٢٣ | ڕێکخراوی پەروەردەیی ژینگەیی | ژینگە | هەولێر | nazarsamein@yahoo.com |
| ١٢٤ | ڕێکخراوا هەڵگورد یا پاراستن و ڕۆشنبیریا ژینگەهێ | ژینگە | دهۆک | essa.ahmed.٩٥@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢٥ | ڕێکخراوی هەواری سەوز بۆ ڕۆشنبیری پاراستنی ژینگە/ HOECP | ژینگە | هەولێر | hawarisawz@yahoo.com |
| ١٢٦ | ڕێکخراوی پارێزەرانی پەلەوەر و ئاژەڵی کێوی | ژینگە و ئاژەڵی کێوی | سلێمانی | basergana@hotmail.com |
| ١٢٧ | ڕێکخراوی نەسیم بۆ پارێزگاری ژینگە | ژینگە | سلێمانی - ڕانیە | zhengaynwe@gmail.com |
| ١٢٨ | ڕێکخراوی ژینگەپارێزی هەڵەبجە | ژینگە | هەڵەبجە | hawraman.mahdy@yahoo.com |
| ١٢٩ | ڕێکخراوی ژینگەش بۆ پرسی ژینگە | ژینگە | سلێمانی - بازیان | twanamhamad@yahoo.com |
| ١٣٠ | ڕێکخراوی چاودێری ژینگە | ژینگە | سلێمانی - بازیان | nawzad.ahmad@yahoo.com |
| ١٣١ | ڕێکخراوی وارەمیر بۆ ژینگەپارێزی/ WOEP | ژینگە | هەولێر - چۆمان | muhammadecologist@gmail.com |
| ١٣٢ | ئینستتیوتی ژینگەی کوردستان/ KEI | ژینگە | هەولێر | karwan.sabah@yahoo.com |
| ١٣٣ | ڕێکخراوی نیان بۆ پاراستنی ژینگە | ژینگە | هەولێر/سۆران | rafeeqstoni@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣٤ | ڕێکخراوی پارێزەرانی ئاوی عێراق/ WIO | ژینگە | سلێمانی | nabil-musa@naturerag.org |
| ١٣٥ | ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە و مافە گشتییەکان/ OEPPR | ژینگەیی | ڕانیە | hoshin.kurdistan@gmail.com |
| ١٣٦ | ڕێکخراوی هەنسک بۆ پاراستنی ژینگە/ HOEP | ژینگە | دەربەندیخان | srwa_١٩@yahoo.com |
| ١٣٧ | ڕێکخراوی ملەکەوە بۆ پاراستنی ژینگە/ MOSE | ژینگە | سلێمانی - پێنجوێن | rebwark@gmail.com |
| ١٣٨ | ڕێکخراوی ئاریاکۆ بۆ پاراستنی ژینگە/AOEP | ژینگە | سلێمانی | sajbary٢٠١٥@gmail.com |
| ١٣٩ | ڕێکخراوی کوڕیس بۆ گەشەپێدانی کەلتور و ژینگە/ KODCE | ژینگە | ڕانیە | kuris٢٠١٥@gmail.com |
| ١٤٠ | ڕێکخراوی باران بۆ پاراستنی ئاو | سامانی ئاو و ژینگە | هەولێر | bashir.jarjis@yahoo.com |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٤١ | تۆری ڕێکخراوه ژینگەییەکانی گەرمیان | ژینگه | گەرمیان - کەلار | |
| ١٤٢ | تۆڕی هاوڕێیانی ژینگه | ژینگه | سلێمانی | shwancaf@yahoo.com |
| ١٤٣ | تۆڕی زەوی ماڵمانه/ EHN | گشتی | چەمچەماڵ- گەرمیان | Goransalam٩٠@gmail.co |

## سوپاس و پێزانین:

- زۆر سوپاسی پەروەردگاری میهرەبان دەکەم کە دەرفەتی نوسینی ئەم کتێبەی پێبەخشیم.
- سوپاسی بێ پایان و ڕێزی تایبەتم بۆ بەڕێزان (م. شەماڵ موفتی, م. ئارارات زەردەشتی, م. جەلال حەمە غەریب, ڕزگار فەقێ سەلیم, د. ڕۆژان فەرەیدون, د. سدیق شێخ مەحمود بەرزنجی, خالی مام وادی, غەریب ڕەوف- ڕێدار ئەحمەد, کاروان ڕەشید, هێمن کەمەرخان, نامۆ شەریف, ئاسۆ شکاك, م. خەندە محەمەد خالید, لوقمان عبدولواحید, سەروەت محەمەد, ئاراس بەکر), کەهەریەك بەجۆرێك هاوکارییان کردوم.
- پێزانین و سوپاسی زۆرم بۆ (م. موحسین عەلی ئەحمەد, م. سەربەست عەبدولڕەحمان, م. وریا نوری خەفاف) بەئەرشیفە دەوڵەمەندەکانیان دەیان بەڵگەی پارێزراویان پێشکەش کردم.
- جارێکی تر سوپاسی گەورەیی خودا دەکەم کە کەسانێکی پێ ئاشناکردم کەبتوانم پشتیان پێ ببەستم ئەم کەسانەش (م.عەبدولڕەحمان سدیق کەریم- وەزیری پێشوی ژینگەی عێراق, م.عەتا قەرەداغی-نوسەر, فەرمان خێلانی- ڕۆژنامەنوس, م. هیوا مەولود - خوێدکاری ماستەر لە زمانی کوردی, م. دانا عوسمان- مامۆستای شێوەکار, خۆگر ئەحمەد- فۆتۆگرافەر و دیزاینەر, م. کۆچەر کەریم- نوسەر, وشیار هەڵەبجەیی) ئەگەر ئەم کەسانە نەبوونایە گومانی تیادانیە, بەرهەمێکی پڕکەمووکورت دەبوو, بۆیە خاوەنی وەفا و ڕێزدەبم بەرامبەریان.

- ئەندام و بەرپرسی سەرجەم ڕێکخراو و کۆمەڵە و سەنتەر و تۆڕە ژینگەییەکان.
- سوپاسی (سومەیە و سەرمەند)ی خوشك و برام دەکەم, کەکاتی خۆیان پێ بەخشیم لەکاتی پێداچونەوەی کتێبەکەدا.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

- بێوارخنسی,٢٠١٢ کارەساتە سروشتی و مرۆییەکان، و: گەرمیان محەمەد ئەحمەد, چاپی یەکەم, چ:گەنج.
- موحەمەد ئەلسەید عەجورە،٢٠١٤ پیسبونی ژینگە و جۆرەکانی، و: ئەحمەد عەلی ئەحمەد. ژمارەی سپاردنی ١٣١٣ی ساڵی ٢٠١٤ چاپخانەی کەمال.
- سدیق شێخ مەحمود بەرزنجی ٢٠٠١, کاریگەری مرۆڤ لە ژینگەپیسکردندا, چاپی یەکەم, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- سدیق شێخ مەحمود بەرزنجی٢٠١١, ژیاننامە و مێژویەکی نەتەوەیی, چاپی یەکەم, ژمارەی سپاردن١٠٣٩ی ساڵی ٢٠٠٧, چاپخانەی بابان- سلێمانی.
- شەماڵ عدالرحمان موفتی، ٢٠٠٨ ئایندەی هەسارەکەمان, و:جەمال ئەحمەد بەرزنجی. چاپی یەکەم — ژمارەی سپاردن٢١٠١ی ساڵی ٢٠٠٨.
- مایف مۆینی ٢٠١٠, چۆن ڕێکخراوێکی ناحکومی بچوك و باش دادەمەزرێنیت, و: ڕێکخراوی CSI, ژمارەی سپاردن١٥٨١ی ساڵی ٢٠١٠چاپخانەی بینایی- سلێمانی.
- ڕۆڵی ڕێکخراو لە کۆمەلگەی مەدەنیدا٢٠٠٦, ئا: وەزارەتی وەرزش و لاوان.
- دەربارەی کاری ڕێکخراوەیی ٢٠٠٦, ئا: وەزارەتی وەرزش و لاوان.
- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان٢٠٠٧، و: کارزان عومەر, ژمارەی سپاردن٦١٤ی ٢٠٠٧چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
- میلود بن غربی, ئایندەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سایەی جیهانگیریدا، و: جەمیل محەمەد, چاپی یەکەم, ژمارەی سپاردن١٨٨٦ساڵی ٢٠١٠.

**گۆڤار:**

- ئایندەی ژینگە ژمارە ١، ٢٠١٤ سلێمانی.

**دۆکیۆمێنت:**

- پەڕاوی وەزارەتی ژینگە پێکهێنان و سێ ساڵ کار و خزمەت، ٢٠٠٦/٥/٧-٢٠٠٩/١٠/١ پوختەی کاروچالاکیەکانی.
- یاسای ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣ یاسایی کۆمەڵە وڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان — عێراق, ١٩٩٣/١٠/٢٥.
- یاسای ژمارەی ساڵی ٢٠١١ یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق. ٢٠١١/٤/٦.

**سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

https://snnc.co/Default.aspx- فاکتەرەسەرەکییەکانی پیس بونی ژینگە ن. حامی ئەحمەد عەلی.
- www.krgngo.org فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان.



پیسبونی ژینگە ئەمڕۆ بوەتە یەکێك لەو
هۆکارانەی کە ئاسایشی گشت جیهانی خستۆتە
بەر هەڕەشە و مەترسییەوە، چونکە پیسبونی
ژینگە سنورە سیاسی و ئیدارییە دەستکردەکان
ناناسێت. پیسبونی پێکهێنەرەکانی سروشت
لە هەر شوێنێکی جیهاندا، کاریگەری
خراپی دەبێت لەسەر شوێنەکانی تریش.

2015

N.O.K
ڕێکخراوی سروشتی کوردستان
منظمة طبيعة كوردستان

Design Xogr